(" #$ %& '!

, * +)

. / ! - * &

3 4 5 / ! " 01 2 1

6772 %

" 9778

;77< :6 0 12

= > ? @ - A

;77<* = " -

C D B

www.serdam.net
www.serdam.info

(" #$ %& '!

.//0) *+ ,-

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (٤٤٣)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

پێشکەشە بە :-

- گیانی پاکی باوکم (شێخ تاهیر)، کە لە شەوەزەنگی تاریکیدا هاندەرم بوو بۆ زانست.
- برام (عەبدوڵڵا تاهر بەرزنجی)، خولیای کتێب و سەرچاوەی تازە.
- شنۆ.
- بەوانەی ئەم بەرهەمە دەخوێننەوە.

سوپاس و پێزانین

- ماموستای بەڕێز (د. محمد دلێر ئەمین)، کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی نامەکەی گرتە ئەستۆی و بە سەرنج و تێبینیەکانی ڕێنمایی کردم.
- سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵاو سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی و کۆیە، کۆلێجی زمان، بەشی کوردی.
- ماموستای بەڕێز (د. عەزیز گەردی)، بەسەرچاوەو وەرگێڕان یارمەتی دام.
- براو هاوڕێم (عەبدوڵڵا تاهر بەرزنجی)، کتێبخانەکەی لە خزمەتی ئەم نامەیەدا بوو لە هەمان کاتیشدا ڕێنمایی وردی دەکردم.
- بەڕێز ماموستا (هۆشەنگ)، کورتەی بابەتەکەی بۆ زمانی ئینگلیزی وەرگێڕا.
- بەڕێز (شڤان کازم)، ئەرکی لەچاپدانی نامەکەی گرتە ئەستۆی خۆی.
- سوپاسی هەموو ئەو دڵسۆزانە دەکەم کە لە ئامادەکردنی ئەم نامەیەدا یارمەتیان داوم.

نـــــاوەڕۆك

پێشەکی	٩
بەشی یەکەم: تیۆرەکانی بونیادو بونیادگەری	١٣
-پاری یەکەم: کورتە مێژوویەکی بونیاد	١٥
-پاری دووەم: پێکهاتەو پێناسەی بونیاد	٢١
-پاری سێیەم: پێناسەکانی بونیادگەری	٢٨
-پاری چوارەم: بونیادگەری لە ڕوانگەی میتۆدو فەلسەفەوە	٣٣
بەشی دووەم: سەرچاوەکانی بونیادگەری	٣٩
-پاری یەکەم: دی سوسیر	٤١
-پاری دووەم: فۆرمالیستە ڕووسەکان	٥٦
-پاری سێیەم: ئەڵقەی زمانەوانی پراگ	٧٥
-پاری چوارەم: ڕەخنەی نوێ (New Criticism)	٩٣
بەشی سێیەم: بنەماکانی ڕەخنەی بونیادگەری	١٠٣
-پاری یەکەم: پرەنسیبەکانی بونیادگەری	١٠٥
-پاری دووەم: بونیادگەری پێکهاتوویی (البنیویه التکوینیة)	١٢٥
-پاری سێیەم: هاونشینی Syntagmatic و جێنشینی Paradigmatic	١٣٤
-پاری چوارەم: ڕەخنەگرتن لە بونیادگەری	١٤٥
بەشی چوارەم: بونیادگەری لە بواری پراکتیکدا	١٥٩
-پاری یەکەم: دەنگدانەوەی بونیادگەری لەناو نووسەرانی عەرەب و ڕەخنەگرانی عێراقیدا	١٦١
-پاری دووەم: بونیادگەری و گوتاری ڕەخنەی کوردی	١٦٨

–پاری سێیەم: کارکردن لە سەر چەند دەقێکی شیعری کوردی بەپێی
میتۆدی بونیادگەری – دەقی ئازادی – شێرکۆ بێکەس ١٧٣
دەقی (تیر) – لەتیف هەڵمەت ١٨٢
دەقی (لە دوورترین گوندیشا) – قوبادی جەلی زادە ١٨٧
–پاری چوارەم: پێشەنگەکانی کاری پراکتیزەکردنی بونیادگەری لە
ڕەخنەی کوردیدا ١٩٢
ئەنجام ٢١٣
سەرچاوەکان ٢١٥
پاشکۆ ٢٣٤
کورتەی باسەکە بە زمانی عەرەبی ٢٣٩
کورتەی باسەکە بە زمانی ئینگلیزی ٢٤١

پێشەکی

بابەتی نامەکە :-

ئەم نامەیە کە بە ناونیشانی (ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن - ڕەخنەی شیعری کوردی بە نموونە)یە. هەوڵێکە بۆ ناساندنی میتۆدو پرەنسیپەکانی ڕەخنەی بونیادگەری. لە زانکۆکانی جیهان و دەوروبەرماندا، نامەی زۆر لەسەر ئەم بابەتە نووسراوەو بایەخیان پێ داوە، کەچی لای خۆمان هێشتا خوێنەر بەم بابەتە نامۆیە، بەدەگمەن کتێب لەم بارەیەوە نووسراوە، هەروەها وەرگێڕانیش لەم بارەیەوە کەمە.

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە :-

ئەوەی کە پاڵنەرمان بوو ڕەخنەی بونیادگەری بکەین بە ناونیشانی ئەم نامەیە، ئەوەیە، کە بونیادگەری وەك میتۆدێك، زۆر گرنگە بۆ شیکردنەوەی دەق و چوونە ناو قوڵاییەکانیەوە، لە لایەکی تریشەوە ئەم بابەتە لای خۆمان زۆر ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە، ڕاستە هەندێ وتاری ڕۆژنامەو گۆڤارەکان لێرەو لەوێ دەبینرێ، بەڵام کەمیان توانیویانە مەبەست بپێکن، زۆرجاریش هەندێ شیکردنەوە بەپێی ئەم میتۆدە کراوە، بەڵام زۆربەیان دوورن لە تێگەیشتنی پرەنسیپەکانی ڕەخنەی بونیادگەری، بۆیە هەر بە ڕووکەشی باسیان لە شتەکان کردووە، یان هەندێکیان هەر بەباشی لە بابەتەکە تێنەگەیشتوون.

گیروگرفت :-

لە نووسینی ئەم نامەیەدا تووشی چەند کێشەیەك بووین، ئەویش کەمی سەرچاوە بوو بە زمانی کوردی. لە هەمانکاتیشدا ئاسان تێنەگەیشتن لە زاراوەکان، یاخود بوونی چەند زاراوەیەك بۆ وشەکان بوو، بۆیە لێرەدا بەشێوەیەکی سەرەکی پشتمان بە سەرچاوە عەرەبی و

فارسییەکان بەستووە، بۆ دەوڵەمەندکردنی نامەکەمان ئاماژەمان بە زۆر سەرچاوەی سەرەکی کـــــردووە، بـــــەڵام سەرچـــــاوەی تـــــریش هـــــەبووە لەبـــــەر دووبارەبوونـــــەوەی بەکارمان نەهێناوە.

پڕۆگرامی کارەکە :-

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە هەوڵمان داوە بەپێی پڕۆگرامێکی هەمەلایەنە کار بکەین، بۆ ئەم مەبەستەش وامان بەباش زانی پڕۆگرامەکە بەم شێوەیە دابڕێژین، نامەکە لە پێشەکی و چوار بەش و سەرچاوەو ئەنجام و کورتەی باسەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیـزی پێکهاتووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

بەشی یەکەم: تایبەتە بە تیۆرەکانی بونیادو بونیادگـەری. لـە چـوار پـار پێکهـاتووە بەم شێوەی خوارەوە:-

- پاری یەکەم:- کورتە مێژووییەکی بونیاد.
- پاری دووەم:- پێکهاتەو پێناسەی بونیاد.
- پاری سێیەم:- پێناسەکانی بونیادگەری.
- پاری چوارەم:- بونیادگەری لە ڕوانگەی میتۆدو فەلسەفەوە.

بەشی دووەم: تایبەتە بە سەرچاوەکانی بونیادگەری

لە چوار پار پێکهاتووە بەم شێوەیە:-

- پاری یەکەم:- دی سۆسێر.
- پاری دووەم:- فۆرمالیستە ڕووسەکان.
- پاری سێیەم:- قوتابخانەی پڕاگ.
- پاری چوارەم:- ڕەخنەی نوێ.

بەشی سێیەم: تایبەتە بە بنەماکانی ڕەخنەی بونیادگەری لە چوار پار پێکهاتووە بەم شێوەیە:-

- پاری یەکەم:- پرەنسیپەکانی بونیادگەری.
- پاری دووەم:- بونیادگەری پێکهاتەیی.
- پاری سێیەم:- هاونشینی و جێنشینی.
- پاری چوارەم:- ڕەخنەگرتن لە بونیادگەری.

بەشی چوارەم: تایبەتە بە بونیادگەری لە بورای پراکتیکدا لە چوار پار پێکهاتووە بەم شێوەیە:-

- پاری یەکەم: دەنگدانەوەی بونیادگەری لەناو ڕووناکبیرانی عەرەب و ڕەخنەگرانی عیراقیدا.
- پاری دووەم: بونیادگەری و گوتاری ڕەخنەی کوردی.
- پاری سێیەم: کارکردن لەسەر چەند دەقێکی شیعری کوردی بەپێی میتۆدی بونیادگەری.
- پاری چوارەم: پێشەنگەکانی کاری پراکتیزەکردنی بونیادگەری لە ڕەخنەی کوردیدا.

- بەشی یەکەم -

تیۆرەکانی بونیادو بونیادگەری

پاری یەکەم:- کورتە مێژوویەکی بونیاد

پاری دووەم:- پێکهاتەو پێناسەی بونیاد

پاری سێیەم:- پێناسەکانی بونیادگەری

پاری چوارەم:- بونیادگەری لە ڕوانگەی میتۆدو فەلسەفەوە.

پاری یەکەم
کورتە مێژوویی‌یەکی بونیاد

وشەی (Structure) لەگەڵ ئەو وشانەی تـردا کـە پەیوەنـدییان پێوەیـە، وشـەیەکی بنەڕەتییە لە هزری نوێدا، وشەیەکی ئاڵۆزیشە بەتایبەتی لە زۆر پەرەسەندنە نوێکاندا.

لە فەڕەنسیدا (Structure)و لە لاتینیدا (Structura)ە. بەشـێوەیەکی سـەرەکی بونیاد لە بەکارهێنانە سەرەتاییەکاندا ناوی کردارێك بووە، ئەویش کـاری بونیـادزان بـووە، واتاکەی بەشێوەیەکی لەبەر چاو پەرەی سەند[١].

(لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە بۆ ئـەم لاوە قـەبارەی پێکهاتـە وەك یـەکێ لـە ڕێگاکـانی پێشکەشکردنی پێناسەیەك لە فۆرم (فۆرمیش وەك پێکهاتە وەکو بونیادی ناوەڕۆك) سوودی لێ وەرگیراوە)[٢]

لە سەدەی حەڤدەهەمدا، واتای وشەکە بە دوو ئاڕاستەی سەرەکیدا ڕۆیـشتووە، یەکـەم، بەرەو بەرهەمهێنانی سەرەکی بونیادنان، دووەمیش، بەرەو ڕێگای بونیادنان، نەك هەر تەنها لە بیناسازیدا، بەڵکو لە بەکارهێنانی فراوانیدا، ئەویش بەشێوەیەکی خوازەیی.

زۆربەی پەرەسەندنی نوێی دەگەڕێتەوە بۆ ئاڕاستەی دووەم، بەڵام هێشتا تیکـەڵاوکردن و تەمومژییەك لە پێوەندی ئەم پەرەسەندنانەدا هەیەو لە ڕاستیشدا واتای خوازەیی پەرەسەندوی تاك واتایەك نیە[٣].

---

[١] ریموند ولیامز، الکلمات المفاتیح، ص ٣٧٩ .

[٢] ویراستەی مایکل پین ، باهمکاری، عدەء مؤلفین ، فرهنگ اندیشەی انتقادی از روشنگری تا پسا مدرنیتە: ترجمەی، پیام یزدانجو، چاپی دووەم، ل ٣٣٤ .

[٣] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە، ص ٣٨٠ .

ئەو واتایەی کە گرنگ بووە وەك بەشێك لە ئاڕاستەی دووەم ئەوەیە، کە پەیوەندییە ئاڵوگۆڕکراوەکانی ڕەگەزو بەشە پێکهێنەرەکانی یەکە تەواوە کە (الوحدة الكاملة - whole) سروشتی دیاری دەکات.

بە ڕوونی ئەمە فراوانبوونی واتای شێوەو ڕێگای بونیادنانە، بەڵام شتە جیاوازەکان هەڵگری واتایەکی ڕوونی بونیادە ناوەکیەکەیە (Structure internal). تەنانەت لەو کاتەیشدا (Structure) هەر گرنگە بۆ وەسفکردنی بونیادەکە وەك گشت، لەمەشدا دەتوانین تێبینی جێبەجێکردنی بونیادی بونەوەری زیندوو جیابکەینەوە، لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا لە پەرەسەندنەکانی سەدەی هەژدەیەمدا چوارچێوەی واتای چەمکێك دەمێنێ لە بینای تەواوەوە دەست پێدەکات تا پێکهێنانی ناوەوە[1].

بەکارهێنانی (Structure) هەر بۆ جەستە نەبووە، بەڵکو پەیکەریشی گرتۆتەوە، هەروەها بۆ وەسفکردنی ئەدگاری سەرەکی ناوچەیەکیش بەکارهێنراوە.

لە بەکارهێنانە بیۆلۆجیەکانی ساڵی (١٧٧٤)یشدا هەموو کات واتای ئاڕاستەی دووەم ڕوون بووە، هەر لە ساڵەکانی (١٧٤٦)و (١٧٤٩) تەمومژو ئاڵۆزییەکی هاوچەشنیش لە بەکارهێنانەکانی بواری نووسینیشدا هەبووە، بەتایبەت بونیادی بەیتی شیعرو ڕستە. ئەم دووانە، هەردووکیان، واتای بونیادکردن هەڵدەگرن، بەڵام دستەواژەی یەکەم بەشێوەیەکی سەرەکی ئاماژە بە سەرئەنجامی تەواو دەدات. دووەمیشیان بەشێوەیەکی سەرەکی ئاماژەکردنە بۆ پەیوەندییەکانی ناوەوە[2].

ساڵی (١٨١٣) لە جیۆلۆجیادا نموونەیەکی بێگەرد هەیە، ئەویش بە واتا شیتەڵکراوەکەی، کە لە قۆناغی پتەوکردنداییە، لێرەیشدا بونیادی بەشەکانی ناوەوەی مەبەستە.

---

[1] بڕوانە : هەر ئەو سەرچاوە، ص ٣٨٠ .

[2] ریموند ولیامز ، الكلمات المفاتيح ، ص ٣٨٠ .

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا بونیاد لە بەکارهێنانە سەرەتاییەکانیدا چوارچێوەی واتاکانی (Structure)ی دووبارە کردۆتەوە، بەڵام جەختێکی زۆری لەسەر بینای ناوەوە وەك پێکهێنراو هەبووە. بەشێوەیەکی زۆر گشتیانە بۆ کاروباری بیناسازی و ئەندازەیی بەکارهێنراوە. دەبینین لە جیۆلۆجیادا بونیاد کار لە سروشتی گەوهەری بارستایی دەکات، نەك هەر شێوەی دەرەوەی، ئەمە تەواوکەری واتای پێشووە، بەڵکو پێوەندی ئاڵۆگۆڕکراوی ئەو بەشانەش دەگرێتەوە، کە دەبنە پێکهێنەری یەکەی تەواو لەگەڵ جەختکردنێکی تایبەت بۆ سەر دەستنیشانکردنی ڕێکخستنی ڕەگەزەکان و پێوەندی ئاڵۆگۆڕکراویان لەناو یەکەیەکی ئاڵۆزدا[١].

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا، جیاکردنەوەیەکی تەقلیدی لەنێوان (Structural)و زەخرەفیدا (Decorative) هەبووە، بەشێوەیەك واتای پێکهاتەی ناوەوەی پتەوکردووە[٢].

سەرەتا بونیاد وەك زاراوە لە زانستی مرۆڤایەتیدا بەتایبەت زمانەوانی و ئەنثرۆپۆلۆژیادا بەکارهاتووە، بەڵام دوایی لە ڕوانگەی بەراوردی مێژووییەوە بەهۆی پەرەسەندنەوە نەدەتوانرا هەموو زمانەکان بەراورد بکرێن، بۆیە لەجیاتی ئەوە قورسایی خراوەتە سەر ئەوە، (هەموو زمانێك لە ناوەوە).

بونیاد پێداگرتن بووە لەسەر سیستمێکی پێوەندی ئاڵۆز لە ئاستێکی زۆر قوڵدا، سەرەتا لە بەکارهێنانی بیناسازی و ئەندازەو توێکردن و میسۆلۆجیاو زانستی ڕووەکەوە دەستی پێکردووەو زیاتر جەختکردن بووە لەسەر سەقامگیریی و ڕەقی و هەمیشەیی دوای گۆڕانکاری لە فیزیادا لە شتی سەقامگیرەوە بۆ جووڵە هەنگاوی ناوە، ئەمەش ئەو بۆچوونەی

---

[١] بڕوانە : هەر ئەو سەرچاوە ، ص ٣٨١ .

[٢] بڕوانە : هەر ئەو سەرچاوە ، ص ٣٨١ .

بەهێز کرد، کە تەنها جەخت لەسەر وردی وردبینی و شیکردنەوە نەکەین، بەڵکو پێویستە پەیوەندییەکانی ناوەوە بدۆزینەوە[١].

لە ڕوانگەی بونیادگەریی زمانەوانی و ئەنثرۆپۆلۆجیای ئەرکییەوە (الوظیفیة)، کۆدەنگییەك لەسەر جەختکردن لە توێژینەوەی سیستمێکی دیاریکراو، یاخود زمان و کلتورێکی دیاریکراو بەپێی هەلومەرجی هەریەکەیان، بەدوور لە گریمانەی پێش وەختی گشتی وەرگیراوە کە لە زمان و کلتوری ترەوە پەیدابووە. بیرمەندی ئیتاڵی (فیکو) کە لە سەدەی هەژدەیەمدا ژیاوە، یەکەم کەس بووە، بانگەشەی بیرۆکەی بونیادگەری کردووەو ڕوونی کردۆتەوە، کە ڕێگایەکە بۆ تێگەیشتنی ڕووخساری دەوروبەری جیهان لە ڕێگای بونیادی ئیدراکییەوە (Perceptual structures) خودی مرۆڤ هەڵسوڕێنەرێتی، پاڵپشتە بە بیرو باوەڕو چەمکەکان، کە لە سەرچاوەوە ڕێچکە دەگرێت، واتە لە وێنە بنەڕەتیەکەیەوە سەرچاوەکەی خۆی لە ئەفسانەو داستانی ئازایەتی و شیعرە سەرەتاییەکاندا دەبینێتەوە[٢]. عەرەب زاراوەی بونیادی بۆ دروستکردنی (البناء) و لێکدان (الترکیب) بەکارهێناوە. لە قورئانی پیرۆزدا (البناء) بەشێوەی کرداری دروستی کرد (بنی) و لە شێوەی ناودا (البناء/ بنیان/ مبنی)دا بیست جار هاتووە، بەڵام وشەی بونیاد (البنیه) وەك زاراوە نە لە قورئان و نە لە دەقە کۆنەکاندا بەم شێوەیە نەهاتووە، بۆیە زمانەوانانی عەرەب وای بۆ دەچن کە چوارچێوەیەکی نەگۆڕی شتەکانە. پەیکەرتاشەکان باسی دروستکردن (البناء) بەرانبەر دەرخستن (الاعراب)یان کردووە، هەر لەم ڕوانگەیەشەوەیە ئاماژەیان بە پێکهاتەی دیارو نادیار (المبنی للمعلوم و المبنی للمجهول) کردووە.

هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێداوە بونیاد لە زمانە ئەورووپییەکاندا بۆ بناغە لاتینیەکەی (Stuere) دەگەڕێتەوە، لە دواییدا چەمکی ئەم وشەیە بەرفراوان بوو لە ڕوانگەی هونەری

---

[١] ریموند ولیامز ، الکلمات المفاتیح ، ص ٣٨٢ .

[٢] هوگز ترنس ، البنیویه و علم الأشارة ، ل ١١ .

بیناسازییەوە، واتای دانانی هەموو بەشەکانی ساختمانێکی پێکەوە دەگەیاند کە ئەمەش ئیستاتیکایەکی شێوەکاری دەرخستووە، فەرهەنگە ئەورووپییەکان باس لەوە دەکەن کە هونەری بیناسازی (الفن المعماری) ئەم وشەیەی تا ناوەڕاستی سەدەی حەڤدە بەکارهێناوە[١].

کەواتە بونیاد لە بنەچەدا ڕووخساری بینایەك دەگەیەنێ، دوایش بەرفراوانکراوە تا هەموو ئەو بەشانە بگرێتەوە کە گشت (الکل) پێك دەهێنن، جا ئەو گشتە لەشێکی زیندوو بێت، یاخود گوتەیەکی زمانەوانی، واتا چۆنێتی پێکەوە بەستنێکی دیاریکراو، ئینجا ئامێر بێت، یاخود هەر کۆمەڵێکی تر[٢]. بونیاد لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا بە واتای بونیادی ژێرخان و سەرخان (البنیه التحتیه و الفوقیه) بەکارهاتووە[٣].

لە وەڵامی پرسیاری (یەکەم کەس کێیە کە لە مێژووی فیکری فەلسەفی جیهانیدا باسی -بونیاد- ی کردبێت؟). (منذر العیاشی) دەڵێت: ((هەندێ چەمك هەن تایبەتن بە هەموو مرۆڤایەتی، کەس ناتوانێت، بڵێ من دامهێناوە، لەوانە چەمکی بونیاد، ئەمە بە ڕوونی لە لێکۆڵینەوەی ئەنثرۆپۆلۆژییەکاندا دەرکەوتووە، لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە سەیری مرۆڤی سەرەتاییان کردووە، بینیویانە بەشێوەیەکی بونیادانە دیاردەی بوونی خۆی دەردەبڕێ، دەتوانین ئاماژە بە دووان لەوانە بکەین (ولف سابیر)و (کلودلیڤی شتراوس). بێجگە لەمانە هی تریش هەن))[٤].

دەربارەی پرسیاری یەکەم (یەکەم کەس کێ بووە چەمکی بونیادی بەکارهێناوە؟) منذر العیاشی دەڵێت: ((هەندێ ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە (مارکس) یەکەم کەسە، کە چەمکی

---

[١] بڕوانە: د. صلاح فضل، النظریة البنائیه في النقد الأدبی، ص ١٧٥ .

[٢] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە، ص ١٧٥ .

[٣] بڕوانە: ابراهیم محمود ، مغامرة المنطق البنیوی، ص ٣٨ .

[٤] http: //www.awu-dam.org/mokifadaby /315/ mokf 315-005.htm 23/7/2006

حوار مع د. منذر العیاشی . حاوره فائز العراقي، مجلة الموقف الأدبی، دمشق، العدد ٣١٥ سنة ١٩٩٧ .

بونیادی دیاری کردووەو بەکاری هێناوە، ئەویش کاتێ لێکۆڵینەوەی لەسەر بەرهەمی سەرمایەداری کردووە))[١].

لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بدەین، کە ماركس ساڵی (١٨٥٩ ز) لە پێشەکی نووسینی کتێبی (ڕەخنەی ئابووریی سیاسی)دا ئاماژەی بە بونیادی ئابووریی کۆمەڵ کردووە، کە بونیادێکی سەرەکیەو هەموو بونیادەکانی سەرەوە لەسەر ئەو بونیادە دادەنرێ، بەڵام ماركس لە چوارچێوەی ئابووریی دوور لە زمانەوانیدا ئاماژەی پێکردووە[٢].

---

[١] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە.

[٢] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە.

پاری دووەم
پێکهاتەو پێناسەی بونیاد

لە گوتاری ڕۆشنبیریی کوردیدا زاراوەکە بە گەلێك جۆر هاتووە، بونیادگەری، بنیاتگەری، بنەما خوازی*، پێکهاتەی خوازی، نژیارگەری**، بناغەگەری، پێکهاتەگەرایی، قەوارەخوازی.

بنیاد لە فەرهەنگی خاڵ[١]دا بە واتای بناغەو بنیاد هاتووە، هەروەها لە فەرهەنگی (زەبیحی)دا هەر بەو واتایە هاتووە[٢].

لە فەرهەنگی فارسی (معین)[٣]دا بنیاد وشەیەکی پەهلەوییە، بە واتای ڕەگ و بنەچەو ڕیشەو بناغە هاتووە.

لە ئەدەبیاتی فارسیدا، زاراوەکە بە (ساختار گرایی)[٤] ناسراوەو سەقامگیر بووە.

---

* بنەماخوازی، پێکهاتە خوازی، بناغەگەری، قەوارەخوازی، پێکهاتەگەرایی، زیاتر نووسەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم زاراوانە بەکاردەهێنن لەوانە: (عبدالخالق یەعقووبی) دەنگی بلورینی دەق ، ل ٢٤٣.

وەرگێڕ مەسعود بابایی ، پێکهاتەو ڕاڤەی دەق، کتێبی دووەم ، ل ٧.

بەختیار سەجادی، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، ل ٦٣.

* نژیارگەری ناونیشانی کتێبێکی (فاضل عمر)ە، ساڵی (٢٠٠٥) چاپ کراوە. نووسەری ئەم کتێبە زاراوەی نژیار بە بەرانبەر بونیاد بەکاردەهێنێ، مەبەستی پێکهاتە، پێی باشە زاراوەکان بەم شێوەیە بێت.

Structure– نژیار– نژیارۆك– البنیە.

Structuralist– نژیارگەر– البنیوی.

Structuralism– نژیارگەری– البنیویە، بڕوانە: فاضل عمر، نژیارگەری، ل ٣٨.

[١] فەرهەنگی خاڵ، ج ١، ل ١٣.

[٢] فەرهەنگی زەبیحی، بەرگی دووەم ، ل ١٠٧ .

[٣] فەرهەنگی معین، ج ١، ل ٥٩٥.

لە زمان وئەدەبی عەرەبیدا، زاراوەکە بە (البنیویە)[٥] (البنائیە)[٦] هاتووە، هەندێ جاریش بە (الالسنیە)[٧] بەکارهاتووە.

وشەی (بنیة) لە کرداری سیانی (بنی)وە هاتووە، کە واتای دروستکردنە، لە هەمان کاتیشدا چۆنێتی دروستکردنەکە دەگەیەنێ. ئالێرەوەیە، کە دەڵێن: بونیادی کۆمەڵ، بونیادی کەسایەتی، بونیادی زمان، وشەکە دەلالەتێکی معماری هەیە[٨].

لە زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسیدا وشەکە بە (structures)و زاراوەکەیش (structuralism)) هاتووە.[٩]

لە بنەڕەتدا وشەی بونیاد لە بواری بیناسازییەوە هاتووە، کە بە واتای چۆنێتی دامەزراندنی بینایەك دێت، بەمجۆرە وشە فەڕەنسیەکە (structure) بۆ وشە یۆنانیەکە ((struereمان دەبات، کە بە واتای دانانی بەردی بناغەی بینایەك دێ[١٠].

کەواتە، واژەی بونیاد بەر لە زاراوەی بونیادگەری بۆ ماوەیەکی زۆر بەکارهاتووەو وشەی بونیاد گەلێ واتای جیاوازی وەرگرتووە بەر لەوەی بونیادگەری واتا زاراوەییەکەی پێ ببەخشێ.

سەرچاوەیەکی تر دەربارەی بونیاد دەڵێت: ((سەرجەم پێوەندیی بەشەکان و لەتەکان (پارچەکان) لەگەڵ یەکترە، بەم پێیە سەرجەمی پێوەندییەکانی بەرهەمێکە، وەك ئەڵمانیەکان

---

[٤] بڕوانە: د. بهرام مقدادی، فرهنگ اصطلاحات نقد الأدبی از افلاطون تا عصر حاضر، ل ٣١٣ هەروەها فەرهەنگی (بزرگ سخن)، ل ٣٩٦٣.

[٥] د. میجال الرویلی، د. سعد البازی، دلیل الناقد الأدبی، ل ١٧٥.

[٦] بڕوانە: د. صلاح فضل، النظریة البنائیه في النقد الأدبی، ص ١٧٥ .

[٧] د. شکری عزیز الماضی، في نظریة الأدب، ص ١٨١.

[٨] د. زکریا أبراهیم، مشکلة البنیة، ل ٣٢.

[٩] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە، ل ٣٢.

[١٠] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە، ل ٣٢.

لە باسی (گشتالت)* دا دەڵێن: (دەکرێ باسی قەوارە، یان، یەك ڕستە، یەك گرێ، یەك بەش، یەك کتێب... هتد بکەین، قەبارەی ڕواڵەتی دەرەوەی شانۆنامەیەك، پەردەکان و دیمەنەکانی و هاوسەنگی بەیەکەوە گرێدراوی ئەو دەگرێتەوە، قەبارەی ناڕواڵەتیش نیشانەو دەربڕی ئەو ڕووداوو کردەوانەیە، کە لەسەر شانۆ بەڕێوە دەچن))[١].

(کۆمەڵە توخمی پێکهێنەری بەرهەمی ئەدەبی، یاخود هونەری و پێوەندی بەشەکانیان بەیەکترەوە دەگەیەنێ)[٢].

هەروەها (لوسیا گولدمان) لەبارەی بونیادەوە دەڵێت: ((بونیاد واتە سیستەم، لە هەر سیستەمێکدا، هەموو بەشەکان بەیەکەوە بەستراون، بەشێوەیەك، کە کاری هەر بەشێك بە سەرجەم بەشەکانی سیستەمەکەوە بەستراوەتەوە، هیچ بەشێك ناتوانێت لە دەرەوەی بەشەکانی دیکەی سیستەمەکەدا هەبێت، بەو پێیە ناتوانرێت سەرجەم سیستەمەکە بناسرێت، بەپێی ناسینی بەشەکانی تری))[٣].

(وەك وشە واتای ئێسکەپەیکەر دەگەیەنێ، لە زاراوەی ئەدەبیشدا بەگشتی بەشێوەی دارشتن و کۆمەڵێك پێوەندی توخمەکان و بەشەکانی پێکهێنەری بەرهەمێکی ئەدەبی لەگەڵ یەکتردا دەگوترێ بۆ نموونە: لە بونیادی بە ڕواڵەت شانۆنامەیەك، پەردەکان

---

* گشتالت (Gestalt):-

قوتابخانەیەك لە قوتابخانەکانی دەروونناسی شیکارییە، لە سەدەی بیستەمدا، وەك کاردانەوەیەك، لە دژ قوتابخانە دەروونناسییە کلاسیکیەکان بووە، پوختەی بۆچوونەکانیان لەوەدایە، کە دەڵێن: ناتوانین هیچ شتێك بەتەواوی تێبگەین، تا هەموو بەشەکان تێنەگەین و شی نەکەینەوە.

بڕوانە: محمد سالح سعدالله، الاسسی الفلسفي لنقد مابعد البنیویه، ص ٣٢٠.

[١] جی. ای. کادن، فرهنگ و ادیبات نقد، ل ٤٣٢.

[٢] حسن انودی، فرهنگ بزرگ سخن، جزء ٥، ل ٣٩٦٣.

[٣] لوسین گلدمان، نقد تکوینی، ل ٧.

(پەردەی نمایش)و دیمەنەکان (دیمەنەکانی نمایش)ی ئەو هاوتایی و هاوسەنگی و هاوکارییەی نێوان ئەو پەردەو دیمەنانەیە لەگەڵ یەکتردا)[١].

(جان بیاجە) دەڵێت: بونیاد نەسقێکە لە گۆڕانکاری، یاسای تایبەتی خۆی هەیە، نەسقێکە لە بەرانبەر تایبەتمەندییەکانی توخمەکان، کاری ئەم نەسقە هەروا دەمێنێتەوەو دەوڵەمەند دەبێت بەپێی ڕۆڵی خودی ئەو گۆڕانکارییانەی کە دەیکات، بێ ئەوەی ئەم گۆڕانکارییانە لە سنوری نەسقەکە دەرچێت و هانا بۆ هیچ توخمێکی دەرەوەی خۆی بەرێت.

کورتەی بۆچوونەکە ئەوەیە، کە دەبێت هەموو بونیادێك ئەم سێ تایبەتمەندییەی هەبێت.

١) هەمە لایەنی (الکلیه - totality).
٢) گۆڕانکاری (التحولات — Trans Formation).
٣) ڕێکخستنی خودی (التنظیم الذاتی- Autoreglage). [٢]

ئەم پێناسەیە کۆمەڵێك سیما لەخۆ دەگرێت لەوانە: بونیاد نەسقێکە لە گۆڕانکاری ناوەوە، دووەم ئەم نەسقە هیچ پێویستییەکی بە توخمی دەرەکی نیە، بەڵکو لە ناوەوە خۆی پەرەدەسێنێ بەرفراوان دەبێت، ئەمەش بوار بۆ بونیادەکە دەڕەخسێنێ کە سەربەخۆ بێت و توێژەر بە باشی تێی بگات.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم پێناسەدا، سیمای هەمەلایەنی ئەوە دەگەیەنێ، کە بونیاد لە توخمی دەرەکی کەڵەکەبووی سەربەخۆ لە گشت پێکنایەت، بەڵکو لە کۆمەڵێك توخمی دەرەکی ژێر ڕکێفی یاسای نەسقدا دەبێت، خاڵی گرنگیش لێرەدا توخم یان گشت نیە، بەڵکو پەیوندییەکانی نێوان توخمەکانە، مەبەست لە تایبەتمەندی گۆڕانکاریش ڕوونکردنەوەی یاسا

[١] سیماداد، فرهنگ اصطلاحات ادبی، ل ١٦٣ .

[٢] الدکتور زکریا أبراهیم، مشکلة البنیة، ل ٣٣.

ناوەکیەکانی گۆڕانی ناو بونیادەکەیە کە بەهیچ شێوەیەك لە دۆخی سەقامگیریدا نامێنێتەوە، چونکە هەمیشە لە گۆڕاندایە، مەبەست لە ڕێکخستنی خودیش، ئەوەیە کە بونیاد بتوانێ خۆی ڕێك بخات، تا پارێزگاری لە یەك پارچەیی و بەردەوامی خۆی بکات، ئەوەیش بە خۆخستنە ژێر ڕکێفی یاسا گشتییەکانە[١].

(بونیاد کۆمەڵێك پارچەی پێکەوە گرێدراوە)[٢].

(لیڤی شتراوس)یش دەڵێت: ((پێش هەموو شتێك، بونیاد هەڵگری سیمای نەسق و ڕێکخستنەو لە چەند ڕەگەزێك پێکدێت، هەر گۆڕانکارییەك لە یەکێك لە توخمەکاندا ڕووبدات کار لە گۆڕانکاری ڕەگەزەکانی تر دەکات))[٣].

(د. زکریا ابراهیم) لەبارەی پێناسەی بونیادەوە دەڵێت: ((سەرەڕای بوونی پێناسەیەکی زۆری بونیاد، دەتوانین کۆدەنگییەك لەسەر پێناسەکەی (لالاند) بکەین، کە دەڵێت: ((بونیاد هەموو پێکهاتەیەکە لە دیاردە بەیەکەوە بەستراوەکان، هەریەك لەسەر ئەوی تر دەوەستێت، هەر خۆی بەبێ بوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانی تردا بوونی نیە))[٤].

لە ڕوانگەی (موکارشوفسکی)یەوە: (چەمکی بونیاد، پاڵپشتە بە یەکێتی گشتی ناوەوەو لە ئەنجامی پەیوەندییە ئاڵۆگۆڕەکانی نێوان بەشەکانە، ئەمەش تەنها بەهۆی لایەنی باشەو ڕێکەوتن و دیسپلینی دەستەبەر نابێت، بەڵکو بە ڕێگای هاودژەکان و جیاوازییەکانیشەوە گەڵاڵە دەبێت)[٥].

---

[١] الدكتور زكريا أبراهيم، مشكلة البنية، ل ٣٤.

[٢] ليونارد جاكسون، بؤس البنيويه، ل ٤٤ .

[٣] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە، ل ٣٥.

[٤] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە، ل ٤٣.

[٥] رينيه ويليك، النظرية الأدبية والاستطيقا عند مدرسة براغ، ترجمة: د. محمد عصفور، مجلة الثقافة الاجنبية، العدد (١) سنة ١٩٨٨، ص ٦.

(ریڤاتیر)یش دەڵێت: ((بونیاد، سیستمێکە لە ژمارەیەك توخم (عناصر) پێکدێت، ناکرێت گۆڕانکاری لە توخمێکدا بکەیت، بەبێ ڕەچاوکردنی گۆڕانکاری لە هەموو توخمەکانی تردا))[١].

(کۆمەڵێك توخمی زمانەوانیە لە یەکێك لە ئاستەکانی شیکردنەوەی زمانەوانی، وەك ئاستی ڕێزمان، کە لەکۆمەڵێك فۆنیم پێك دێت، تا مۆرفیم دروست دەبێت)[٢] *.

---

[١] سعید الغانمی، منطق الکشف الشعری، ص ٤٧.

[٢] رمزی البعلبکی، معجم المصطلحات اللغویة، ل ٥١٨.

* ئەم پێناسەیە بەپێی ئەم نموونە ڕوون دەبێتەوە: the boy kicked the ball

هەموو بەشەکانی ئەم ڕستەیە (٥) بەشە. ئامڕازی ناساندن (the) دوو ناوو کردارێك ئامڕازی ناساندنەکە دەنووسێت، بەم ناو یان ئەوی تر بۆئەوەی فرێزێکی ناوی دروست بێ (the ball، the boy)کرداریش بە یەکێك لە دوو فرێزە ناوێکەوە دەنووسێت بۆئەوەی فرێزێکی کرداری دروست بێت (kicked the ball) فرێزی ناوی و کردارێك لێکدەدەن، ڕستەیەك پێکدێنن دەتوانین بڵێین بونیادی ڕستەکە بەم شێوەیە دەبێت.



ج= جملة	s = sentence
ع ف= عبارة فعلية	v p = verb phrase
ع إ= عبارة اسمية	n p = noun phrase
ف= فعل	v = verb
إ = اسم	n = noun
م = محدد	d = determiner

بڕوانە: لیونارد جاکسون، بؤس البنیویة، ترجمة: ثامر دیب، ل ٥٧.

بۆ زیاتر تێگەیشتنی چەمکی بونیاد[١] سەیری ڕیزبەندی وشەی بونیاد لەگەڵ وشەکانی تردا لە سێ زماندا دەکەین[٢].

کوردی	فارسی	ئینگلیزی
بونیادی شیکردنەوە	ساخت تحلیلی	Analytical structure
بونیادی پارچەیی	ساخت جزئی	sub structure
بونیادی هەمەلایەنی	ساخت کلی	Global structure
بونیادی هەرەمی	ساخت هرمی	Pyramidal structure
بونیادی ئاڵوگۆڕ	ساختار تبادل	Exchange structure
بونیادی ژێرەوە	ساختار تحتانی	sub structure
بونیادی ناوەوە	ساختار درونی	Internal structure
بونیادی قورس	ساختار سنگین	Heavy structure
بونیادی وێنەیی	ساختار صوری	Formal structure
بونیادی دابەشکراو	ساختار منقسم	Episodic structure
بونیادی هاوکێش	ساختار موزن	Rhythmic structure
بونیادی قوڵ	ژرف ساخت	Deep structure

[١] مهران مهاجر، محمد نبوی، واژگان ادبیات و گفتمان ادبی، ل ١٠٦ – ١٠٧.

[٢] ایرنا ریما مکاریك، دانش نامەی نظریه های ادبی معاصر، ترجمة: مهران مهاجر، محمد نبوی، ل ٥٤٠.

پاری سێیەم
پێناسەکانی بونیادگەری

پێناسەکردنی چەمکی بونیادگەری کارێکی ئاسان نیە، چونکە لە دیدگای جیاوازەوە سەیر دەکرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵبوونی ئەم چەمکە بۆ سێ تەوەرەی جیاواز، کە خۆیان لە بەزانستبوون و فەلسەفەو میتۆددا دەبیننەوە، لە هەمان کاتیشدا بونیادگەری لە کایەی سۆسیۆلۆژیاو ئەنثرۆپۆلۆجیاو زانستی دەروونناسیشدا کاری خۆی کردووە.

نەبوونی پێناسەیەکی دیاریکراو تاڕادەیەك بۆ سروشتی خودی بونیادگەرییەکە دەگەڕێتەوە، هەروەك (فۆکۆ) ئاماژەی پێدەدات و دەڵێت: ((ناتوانرێ بەئاسانی پێناسەیەك بۆ بونیادگەری دیاری بکرێت، چونکە ئەم زاراوەیە ئاماژەکردنە بۆ کۆمەڵی شیکردنەوەو ڕێرەو کتێبی جۆربەجۆر[1])).

(بارت و ئیکۆ) دەڵێن: ((هەوڵێکە بۆ لێکدانەوەی زانستە مرۆڤایەتییەکان کە لە مۆدێلەکەی زمانەوانی (سۆسێر)ەوە هاتووە، بەش بەحاڵی (بارت) چوارچێوەی گشتیی پرۆژەکە بریتیبووە لە پەرەپێدانی نیشانە ناسییەکانی گشتی (Semiolog)، یان تیۆری نیشانەکان، کە بەسەر بوارەکانی چالاکی مرۆڤایەتیدا پەیڕەو بکرێ))[2].

(جی. ای. کادن) دەڵێت: ((بزووتنەوەیەکی فیکری مۆدێرنە، دیاردە کلتوریەکان بەگوێرەی بنەماکانی هەڵێنجراو لە زماننناسییەوە ڕاڤە دەکات و لەسەر پەیوەندییە دوو لایەنە سیماتیکەکانی نێوان توخمەکانی هەر تێکۆشانێکی مرۆیی و لە ئاکامدا لەسەر ڕێس

---

[1] ئازاد حەمە، لایەنی تێرامان و جەستەی وتاری ڕۆشنبیری هاوچەرخ، ل ٢٢.

[2] David mocey ، the peugain book of Grid cal theory peugvin book ، 200 p 3، 5.

و ڕێکەوتنـــە ئەبـــستراکت و دابڕاوەکـــانی زاڵ بەســـەر بەرهـــەمهێنانی کۆمەڵایـــەتی واتادا پێ دادەگرێ))[٣].

(ڕێبازێکی زانستییە، ئەرکی لێکۆڵینەوەی ڕێکخستنی هونەری وشـەیە، بـەپێی دیاردە لەیەکچووەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکانی تر))[٤].

میتـۆدێکی فەلـسەفی ڕەخنـەیی و تیـۆرێکی زانینـە، یـەکێك لـە سـیماکانی پابەندبوونی بەهێزێتی بە ئیلتزامکردنی سنوری لۆجیك و عەقڵانیەت. ئەم میتـۆدە لەسـەر فیکرێکی جەوهەری پابەندە، کە بریتیە لە خۆبەستنەوەی فکرێك، یاخود چەند فکرێـك بـە یەکترەوە، لەسەر بنەماکانی توخمە پێکهێنەرەکان، بەڵام میتۆدەکە پابەنـدی ئـەو توخمانـە نابێـت، تـەنها لـە بەیەکـەوە بەسـتن و کارلێکردنیـان لـە یـەکتری نـەبێت، بـەپێی سیستمێکی لۆجیکی لێکدراو.

لە ڕەخنەیشدا واتای کۆششی پێکەوە گرێدان لەنێوان زمـانی بەرهـەمی ئـەدەبی خۆیدا دەبێـت، بـەوەی نەسـقێکە لـە کۆمـەڵێ تـوخمی خـاوەن دەلالـەتی ڕووخـسارگەری پێکهاتووە[١].

((ئەگەر بونیادگەری مەبەستی شتێکی دیـاریکراو بێـت، یـاخود وەڵامـدەرەوەی شتێك بێت، ئەوا واتای ڕێگایەکی نوێیە لە پیشاندان و ڕاڤـەکردنی گرفتـەکان لـە زانـستدا بەپێی نیشانەو ڕێگایەکە لەگەڵ زمانەوانی (دی سۆسێر)دا دەستی پێکردووە))[٥].

((بونیادگـەری (structuralism) قوتابخانەیـەکی فەلـسەفی و گۆڕەپـانێکی تایبەتی زانست نیە، بەڵکو ڕێرەوێکی فیکرییە، زاڵە بەسەر هـەموو بوارەکانـدا، ماوەیـەك

---

[٣] جی. أی. کادن، فرهنگ ادبیات نقد، ترجمة: کاظم فیروز مند، ل ٤٣١.

[٤] ئەنسکلۆبیدیای کۆڕی ئەدەبی ب . ی . مۆسکۆ، ل ٢٣١ – ٢٣٣.

[١] Oswald pucrot ET lesautres; Guost cegue le structar alisme Ed، sevil Paris، 1968. p. 7.

[٥] د. سعید سعید حجازی، قاموس مصطلحات النقد الأدبی المعاصر، ل ١٢٤.

کۆڵەکەی فیکری ئەوروپی هاوچەرخ بووە، جیهانی بەشێوەیەك هەژاند، هەتا (دی سۆسێر) بەو شێوەیە پێشبینی نەکردبوو))[١] *.

((بونیادگەری جەختکردنە لەسەر گرنگی پەیوەندییە ناوەکییەکانی پێکهاتەیەك))[٢].

((بونیادگەری فەلسەفە نیە، بەڵکو ڕێگایەکە لە جیهانبینی و، میتۆدێکە لە تێڕامانی بوون- معاینە الوجود)))[٣].

کەواتە وشەی بونیادگەری لە بونیادەوە هاتووە، هەموو دیاردەیەك، مرۆڤایەتی یاخود ئەدەبی، لە بونیاد پێکدێت، بۆ توێژینەوەی ئەم بونیادە، پێویستیت بە شیکردنەوەو هەڵوەشاندنەوە هەیە، تا بگەیتە توخمە پێکهێنەرەکانی، ئەمەش بەبێ ئاوڕدانەوە لە فاکتەری دەرەکی دەبێت.

((بونیادگەری ڕێگەیەکە بۆ شیکردنەوەی ڕووخساری دەق و ناوەڕۆکەکەی بە سوود وەرگرتن لە دەرهاوێشتەکانی زانستی زمان))[٤] *.

---

[١] عالم الفكر، العدد (٤) سنه (٢٠٠٥)، عبدالرحمن التليلى، فوكو: الحفريات منهج ام فتح في الفلسفه، ل ٢٢.

* فردیناند دی سوسیر وشەی بونیاد (structure) بەکارنەهێناوە، بەڵکو وشەی نەسق (system)ی بەکارهێناوە. وشەی بونیاد بۆ یەکەمجار لە کۆنگرەی زمانەوانی (لاهای) ساڵی (١٩٢٨) بەکارهێنرا، (تروبتسکی) بۆئەوەی بواری فۆنۆلۆژی پێناسە بکات ئاماژەی پێکردووە.

بڕوانە: د. زواوی بغوره، مفهوم البنية، مجلة المناظر، السنة الثالثة، عدد (٥)، الرباط – مغرب (١٩٩٢)، ل ٩٧.

[٢] بابك احمدى، ساختارو تأويل متن، ل ٥٣.

[٣] كمال ابو ديب، جدلية الخفاء والتجلى، ص ٧.

[٤] د. سمير شريف استيتية، منهج تكاملى في قراءة النص، ص ١١.

* بەپێی بۆچوونی (د. سمیر) هەر ئەم پێناسەیەش بۆ شێوازگەری (الاسلوبیه) دەست دەدات، چونکە هەردووکیان پێکەوە ئامانجێکی ڕوون و دیاریکراویان هەیە، ئەویش شیکردنەوەی دەقی ئەدەبیە بۆئەوەی ئاستێکی زانستی بدەن بە شیکردنەوەکە. هەردووکیان پەنا بۆ زانستی زمان دەبەن، بەم شێوەیە شێوازی دەق و شێوازو ناوەڕۆکی دەقەکە پێکەوە ئامانجی کۆتایی شێوازگەری و بونیادگەرییە، بەڵام لای (د.

((بونیادگەری یەك میتۆدە، نەك شتێکی فێرکردنی))[١].

((زاراوەی بونیادگەری چەند بواریك لەخۆ دەگرێت لەوانە فەلسەفە، زانستی دەروونی، ئەنثرۆپۆلۆجیا، زمان و ڕەخنە، ڕاڤەی ڕووداو لەسەر ئاستی بونیاد دەکات))[٢].

((ڕۆحی بونیادگەری دژ بە نەزعەی هیومانیزمە))[٣] *.

لە فەرهەنگی (لاروس) بە زمانی فەڕەنسی بونیادگەری بەم شێوەیە پێناسە کراوە: ((تیۆرێکی زمانەوانییە، زمان وەك کۆڵەکەیەکی --en samb سەربەخۆ دادەنێ، کە توخمەکان بەهۆی پەیوەندییەکانەوە ڕووندەکرێنەوە لەسەر ئاستی جیاجیا (فۆنیم، مۆرفیم، ڕستە) بەپێی بیری مرۆڤ و لە چەند زانستێکی مرۆڤایەتیدا دەروونناسی ئەنثرۆپۆلۆجی... هتد. بۆ پێناسەکردنی ڕاستەقینەیەکی مرۆڤایەتی لەسەر ڕێگای کۆمەڵەیەکی پێکهاتوو کە تێگەیشتن بەهۆی مۆدێلی ماتماتیکی دەستەبەر دەبێ))[٤] *.

سعيد حسن بحيرى) شێوازگەری بەم دواییانە لە زانستی ڕەوانبێژی جیابۆتەوەو زیاتر بایەخ بە ڕازاندنەوەی دەق دەدات elocution . بڕوانە: د. سعيد حسن بحيرى، علم لغة النص ، ص ٢٣٧ .

[١] ايرنا ريما مكاريك، دانش نامەی (نظريه های ادبی معاصر)، ترجمة: مهران مهاجر، محمد نبوی، ل ١٧٣.

[٢] يمنى العيد، في معرفه النص، ص ٢٧.

[٣] د. محمد شبل الكومى، المذاهب النقدية الحديثة، مدخل فلسفي، ص

* دیارە ئەم بۆچوونەی لەسەر بونیادگەری لە وتارێکی (ڕۆلان بارت – rolan balthes)وە سەرچاوە دەگرێت، کاتێك گوتوویەتی: نووسەران هیچ شتێکیان نیە تەنها کۆکردنەوەی نووسینەکانی پێش خۆیان نەبێت، دووبارەو سەرلەنوێ دایدەڕێژنەوە، بە واتایەکی تر فەرهەنگێکی وشەو ڕۆشنبیرییان لەبەر دەستدایە نووسراوو ئامادەیە. ئالێرەوەیە بونیادگەرەکان دژ بەوەن، ڕەخنە خودی مرۆڤایەتی (الذات الانسانية) بکاتە سەرچاوەی ئەدەب، بۆیە بەرەو ناوەوەی بەرهەمی ئەدەبی وەرچەرخان.

بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە، ص ٢٤٦ .

[٤] Petit Larousse illustre 1983 libraitie Larousse.1983. p. 960

((تیـۆرێکی زمانەوانییـە، پێـی وایـە زمـان لـە کۆمـەڵێك پێوەنـدی و دەسـتەواژە پێکهاتووە))[١].

((نەزعەیـەکی هاوبەشـی نێـوان کۆمەڵـە زانـستێکە وەك دەروونناسـی و نـەژادەکان (سـلالات) بـۆ دیـاریکردنی واقیعیـی مرۆڤایـەتی بـە پـشت بەسـتن بـە کۆمـەڵێك نموونەی بیرکاری))[٢].

---

* بۆ پراکتیزەکردنی ئەو پێناسەیە بەسەر دەقی شیعریدا. بڕوانە: عبدالکریم حسن، لغة الشعر في زهرة الكيماء، ص ٤٤ ، ٦٤ ، ١٦٧ .

[١] بۆ پراکتیزەکردنی ئەو پێناسەیە بەسەر دەقی شیعریدا. بڕوانە: عبدالکریم حسن، لغة الشعر في زهرة الكيماء، ص ٤٤ ، ٦٤ ، ١٦٧ .

[٢] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە، ص ٩٨٠ .

پاری چوارەم
بونیادگەری لە ڕوانگەی میتۆدو فەلسەفەوە

وشەی میتۆد لە یۆنانەوە سەری هەڵداوە لە کلتوری ئیسلامیشدا بەردەوام بووە، تا گەیشتۆتە سەردەمی ڕێنیسانس، هەر بەپێی چەمکی ئەرستۆکەی ماوەتەوە. پێناسەی زمانەوانی میتۆد: ((ڕێگەو هۆیەکە پەنای بۆ دەبرێت، تا بگەیتە ئەنجامێکی دیاریکراو))[1]*. بەڵام پێناسەی وەك زاراوە، پێوەندی بە دوو ڕەوتەوە هەیە، یەکەم پێوەندی بە لۆجیکەوە هەیە، ئەم پەیوەندییەش وادەکات کە دەلالەت لە هۆکان و عەقڵیەکان بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی دیاریکراو لە سنوری لۆجیکدا بمێنێتەوە، بە واتایەکی تر میتۆدی عەقڵییە، چونکە پابەندی سنوری عەقڵە، تا ئەنجام بەدەست بکەوێت و گرنگ بووە نەکەوێتە بۆچوونی پێچەوانەوە. دووەم لە سەردەمی ڕێنیسانسدا پەیوەست بووە بە ڕەوتی زانستەوە. لە کاتی (دیکارت)یشدا جۆرێك لە تایبەتمەندی خۆی وەرگرتووە بەوەی خۆی پابەندی زانست کردووە، سەرەڕای پابەندبوونی عەقڵی واقیع و یاساکانیشی لەبەرچاو گرتووە، بەم شێوەیە لەگەڵ پەرەسەندنی زانستدا میتۆدی ئەزموونگەری هاتۆتە پێشەوە، ئەمەش واتای

---

[1] د. صلاح فضل، مناهج النقد المعاصر، ص ٩ .

* زاراوەی ئەقڵ کە ئەمڕۆ فەیلەسوفەکان بەکاری دەهێنن لەگەڵ زاراوەی پێش ئەرستۆو ئەفلاتوون جیاوازە. زاراوەی (عەقل) لە زمانی یۆنانیدا (اللوغوس– Logos)ی پێ دەڵێن لە ڕەگی کرداری یۆنانی وشەی (لیغن Legein) پێکهاتووە، واتای (قسە دەکات)، (وتار دەدات) دەگەیەنێ، هەر لەوێشەوە چاووگی قسەکردن و گوتارگوتن هاتووە. کەواتە (اللوغوس)لای ئەرستۆو ئەفلاتوندا قسەکردن و گوتاردانە، بەوەی مرۆڤ بەرەو ئاراستەی ڕاست بەرێت، تا ڕاستی دەرك بکات، لەگەڵ ئەرستۆدا بووە لۆجیك کە بە (لۆجیکی ئەرستی) ناسراوە، دواییش لە قسەو گوتارەوە بوو بە لۆجیك واتە لە Logos وە بوو بە Logigue .

بڕوانە: عبدالغنی باردة، المسارات الابستمولوجیه للبنیویة، مجلة الفصول، العدد ٦٤، ٢٠٠٤، ص ٥٦.

ڕەتکردنەوەی چەمکی یەکەم نەبووە، بەڵکو تێکەڵاوبوونێك ڕوویداوە، هەردووکیشیان ئامانجیان لۆجیکی بووە[٢]. ((میتۆدی زانستی Scientific method کۆمەڵێك چەمك و بنەمایە لەسەر تێبینی و خوێندنەوەو گەشتاندن پابەندەو ڕەخنەگرو توێژەر پەنایان بۆ دەبەن، تا دیاردە ئەدەبی و ڕۆشنبیریی و فکرییەکان دیاری بکەن، جەختیش لەسەر ئەوە دەکات، کە زانین (المعرفه) ئەنجامی پەسەندکردنی هەستەکانە))[٣].

((بونیادگەری قوتابخانەیەکی فەلسەفی، یاخود بوارێکی تایبەت بە زانست نیە، بەڵکو ئاڕاستەیەکی هزرییە، هەموو بوارەکانی داگیرکردووەو بۆتە سەرقافڵەی پێشەنگی هزری ئەوروپی))[٤] *.

---

[٢] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل ٩، ١٠.

[٣] د. سعید حجازی، قاموس مصطلحات النقد الأدبی، ص ٨٧.

[٤] د. عبدالرحمن التلیلی، فوکو، الحفریات منهج ام فتح في الفلسفه، مجله عالم الفکر، (٤) ٢٠٠٢، ل ٢٢.

* ئاماژە بە بۆچوونەکانی دی سۆسێر (کلۆد لیڤی شتراوس) هەستا بە پراکتیزەکردنی پرەنسیپەکانی زانستی زمان بەسەر دیاردە ڕۆشنبیرییەکاندا، بڕیاری ئەوەی دا کە دەتوانێ بەپێی میتۆدی بونیادگەری دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ڕاڤە بکەیت و گوتی بونیادگەری دەتوانێ ڕۆڵێکی گەورە ببینێ وەك ئەو ڕۆڵەی کە فیزیای ناوکی دەیگێڕێت. بڕوانە: د. عبدالرحمن التلیلی، فۆکۆ، الحفریات منهج ام فتح في الفلسفه، مجله عالم الفکر، (٤) ٢٠٠٢، ل ٢١.

پشت ئەستوور بە نموونەی زمانەوانی و فۆنۆلۆژی (لیڤی شتراوس) چەند توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژی Anthroplogie لە بواری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییدا کردووە، بەتایبەتیش لەسەر سیستمی خزمایەتی و ئەفسانە (القرابة الأساطیر) لە کۆمەڵە سەرەتاییەکاندا. بڕوانە: د. محمد علی الکردی، دراسات في الفکر الفلسفی المعاصر، ص ١١٢.

سەرەتای بەکارهێنانی وشەی ئەنترۆپۆلۆژیا دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانیەکان. وشەکە لە دوو بەش پێکدێت Anthropos واتە مرۆڤ و (Logos) واتە زانست، کە واتە هەردووکیان پێکەوە زانستی مرۆڤ دروست دەکەن، بەم پێیە ئەنترۆپۆلۆژیا ئەو زانستەیە کە توێژینەوەی مرۆڤ دەکات و بایەخ بە مرۆڤ لە هەمو ڕووەکانەوە دەدات. (کلود لیڤی شتراوس) بە دانەری ئەنترپۆلۆژیای بونیادگەری فەڕەنسی دادەنرێ. کاتێك کە ئەم ڕێڕەوەی بۆ توێژینەوەی خۆی بەکارهێناو دانی بە لایەنی ئاگایی و نائاگایی مرۆڤدا نا، کاتێك (شتراوس) میتۆلۆژیای لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان لێکداوەتەوە، وەك بونیادێك پشتئەستوور بووە بە لێکدانەوەکانی فرۆید بەوەی میتۆلۆژیا جۆرێکە لە خەوبینینی بەکۆمەڵ، زمان و هێمای تایبەتی خۆی هەیە، بەم پێیە،

((بونیادگەری فەلسەفە نیە، بەڵکو ڕێگایەکە بۆ جیهانبینی و میتۆدێکە بۆ تێڕامانی بوون))[١]. پێشەنگەکانی ڕەوتی بونیادگەریش دەڵێن: ((بونیادگەری ڕێبازێکی قوتابخانەیی، یاخود بزووتنەوەیەکی فکری نیەو نابێ تەنها لە سۆنگەی زانستی ڕووت گۆشەگیر بکرێت))[٢].

((بونیادگەری میتۆدێکی تازەیە، سیمای ڕوون و ئاشکرای لە هزری نوێدا هەیە، بەوەی کۆمەڵێك دیالۆگی لەگەڵ کۆمەڵێك زانستدا هەیە، واتە زمانەوانی. ئەنثرۆپۆلۆژی، یاخود دەروونزانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەرەسەیەکی تێڕوانینی و شیکردنەوەیە، نەبۆتە تیۆرو فەلسەفەو ئەبستمۆلۆژیا))[٣].

دەتوانین بڵێین شێوازی لێکدانەوەی سایکۆلۆژی فرۆید توانیویەتی ڕێڕەوی ئەنترۆپۆلۆژیای (شتراوس) دەوڵەمەند بکات. (شتراوس) لە توێژینەوەدا تاڕادەیەکی زۆر توانیویەتی تاڕادەیەکی زۆر پشت بە توێژینەوە زمانەوانیەکانی (چاکۆبسن) لەمەڕ کۆمەڵە سەرەتاییەکان ببەستێ، چونکە (چاکۆبسون) وای دەبینێ، کە بنەما زمانەوانییەکانی جێگر دەمێنێتەوە، هەرچەندە زمانە تاکیەکان بگۆڕێنەوە. بڕوانە د. فؤاد زکریا، افاقه الفلسفه، ص ٣٠٣.

(شتراوس) جیاوازی لەنێو سیستەمی خزمایەتی و سیستمی زمانی ئەو کۆمەڵگایە نابینێ، چونکە هەردووکیان خاوەنی بنەمای خۆیانن، بە پشتبەستنی (شتراوس) بە مۆدێلی زمانەوانی جێگری چاکۆبسن بۆتە هۆی ئەوەی لە لێکدانەوەدا پشت لە فاکتەری مێژوویی بکات و وەك سیستمێکی داخراوو نەگۆڕ بڕوانێتە پێوەندییەکانی ئەو کۆمەڵگایانە. بڕوانە، ئازاد حەمە، لایەنی تێڕامان و جەستەی وتاری ڕۆشنبیری هاوچەرخ، ل ٣٠.

پێش (شتراوس) توێژینەوەی میتۆلۆژیا لەژێرکاریگەری نەرێتی کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندێتی ئاینی دا بووە، ئەنار شیستی و سادەبوون، بەڵام بەپێی توێژینەوەی بونیادێکی نائاگایە، بەپێی بۆچوونی (شتراوس) ئەم بونیادە نائاگایە، تەنها لە میتۆلۆژیادا نییە، بەڵکو دەبێت بگەینە بنەمای نائاگایی لە هەموو داب و نەرێتیکدا.

بڕوانە : هەر ئەو سەرچاوە، ل ٣١ .

[١] كمال ابو ديب ، جدلية الخفاء والتجلى ، دراسات بنيويه في الشعر ، ص ٧ .

[٢] صلاح فضل ، نظرية البنائية في النقد الأدبى ، ص ٢٣٦ .

[٣] فاضل ثامر ، اللغة الثانيه ، ص ٢٣٦ .

((بونیادگەری میتۆدە، نەك فەلسەفە، ڕێگایە، نەك ئایدۆلۆژیا))[٤].

((بونیادگەری بنەمای فەلسەفی هەیە، تاڕادەیەك دەبەسترێتەوە بە فەلسەفەی کانت))ەوە[٥].

((دەتوانرێ بونیادگەری وەك میتۆدو ڕێگای توێژینەوە لە بواری فەلسەفەدا بەکاربهێنرێ، وەك ئەوەی (میشێل فۆکۆ)و (لیڤی شتراوس)و (ئالتوسێر) کردویانە))[٦].

(جان ماری اوزیا) دەڵێت: ((بونیادگەری لەسەر پابەندبوون بە ڕێبازێك، یا خۆهاوێشتنە ژێر ڕکێفی تاکە زانستێك ناژی، بەڵکو لەسەر کۆمەڵە پێککگەیشتنی هزری دەژی))[٧].

((بونیادگەری میتۆدێکی هزری و کەرەسەیەکی شیکردنەوەیە، لەسەر فکری گشتگیری، یاخود کۆمەڵی ڕێکوپێك پابەندە، بایەخ بە هەموو لایەنەکانی زانیاری مرۆڤایەتی دەدات))[٨].

((بونیادگەری نە زانستەو نە هونەرێکی ئەبستمۆلوژییە، بەڵکو گریمانەیەکی میتۆدییە، باس لە شوناسی دیاردەکان دەکات، نەك کرۆکی (ماهیەتی) شتەکان کە لە ئەنجامی پەیوەندییەوە دروست دەبن))[٩] *.

(جان لاکان) بەپێی میتۆدی بونیادگەری لە بواری شیکردنەوەی دەروونیدا کاری کردووە بەوەی کە نائاگایی (اللاشعور) بە بونیاد داناوەو چواندویەتی بە بونیادی زمان، وەك بونیادی

---

[٤] سعيد الغانمى ، النموذج اللغوي والمعنى الفلسفي ، ضمن كتاب ، معرفه الأخر ، ص ٣٩ .

[٥] د. فوئاد زكريا ، الجذور الفلسفية البنائية ، حوليات كليه ، الأداب ، الكويت ، ص ٨ .

[٦] عبدالغنى باره ، المسارات الآبستمولوجيه للبنيويه ، قراء في الأصول المعرفيه ، مجلة ، الفصول ، العدد ٦٤ ، ٢٠٠٤ ، ص ٥١ .

[٧] د. زكريا ابراهيم ، مشكله البنيه ، ص ٣١ .

[٨] Http: // sad – net / pfv – php.

[٩] عبدالسلام المسدى، الأسلوب والأسلوبية.

* بۆ زیاتر تێگەیشتن لەوەی بونیادگەری میتۆدە، یاخود فەلسەفەیە بڕوانە: وتاری د. الزواوی بغورە، لەژێر ناونیشانی (البنيويه منهج ام محتوى. مجله عالم الفكر، عدد ٤ ، ٢٠٠٠ ، ص ٤١ – ٧٠).

زمان ئەرکەکەی بینیووە، ئا بەم شێوەیە لایەنی زمانی بۆتە کۆڵەکەی شیکردنەوەی دەروونی تا ڕاستی خودی مرۆڤایەتی بدۆزێتەوە[٢].

هەر لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا کە بەرهەمی بونیادگەرییەکان بلاوکرایەوە کۆمەڵێك توێژینەوەی ڕەخنەیی لەسەر ئەو تەوەرانە کراو ئەو پرسیارانە دەوروژێنرا، ئایا بونیادگەری میتۆدە یا تیۆر؟ ڕووخسارە یاخود ناوەڕۆك؟ دامەزرێنەرانی بونیادگەری لە هەموو دیدو بۆچوونەکانیاندا ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کە بونیادگەری

---

[٢] بڕوانە: دیث کریزویل، عصر البنیویە، ص ٢٢٠.

بە گەڕانەوەی (جان لاکان) (١٩٠٠ – ١٩٨١) بۆ فرۆید لە دەرگای نائاگاییەوە، بەوەی چۆن زمان بنەمای خۆی هەیە، ئا بەو شێوەیەش، نائاگایی بنەمای تایبەتی خۆی هەیە، پیاچوونەوەو گەڕانەوەی لاکان بۆ فرۆید جیاوازە لە زۆربەی ئەو پێداچوونەوەو خوێندنەوانەی کە لەمەوبەر بۆ فرۆید کراون و تەنها لە چوارچێوەی کلینیکی (عیادی) سایکۆلۆژیای قوتابخانەییدا بوون. ئەوەی دەربارەی لاکان نووسراوە ئەوەیە پێداچوونەوەکەی لە دەرگای بونیادگەری زمانەوانییەوە بووە، واتە وتاری زمانەوانی لای لاکان بایەخێکی گەورەی هەبووە بۆ دۆزینەوەی بابەتە تێکستییەکان. لە ڕوانگەی بونیادگەرییەوە فرۆید بە تازەگەری نائاگایی دادەنرێت.

بڕوانە: گۆڤاری (الفکر العربی المعاصر)، ژمارە ٢٣، ل ٥٧.

هەروەها بڕوانە: لایەنی تێڕامان و جەستەی وتاری ڕۆشنبیری هاوچەرخ، ئازاد حەمە، ل ٢٦.

نووسەرانی بونیادگەری توانیویانە پشت لە ئایدۆلۆژیا بکەن و دووری بخەنەوە لە شیکردنەوەکانیاندا، ئەمجارە بونیادگەرییان وەك ڕێڕەوێکی توێژینەوەی زانستی، نەك وەك تیۆرێك بەکارهێناوە بۆ شیکردنەوە. بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە، ل ٢٦.

(میشێل فۆکۆ) خاوەن کتێبەکانی (ئەرکیولۆژیای زانین)و (وشەو ڕستەکان) جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە بونیادگەری فەلسەفە نیە، بەڵکو دەتوانرێت ببەسترێتەوە بە فەلسەفە جۆربەجۆرەکانەوە. لەژێر تیشکی چەمکی (بونیاد)دا (فۆکۆ) توێژینەوەی مێژووی زانین (تأریخ المعرفە)کردووە، کاتێك چەمکی بەردەوامی و یەك لەدوا یەکی (التتابع) لە مێژوو دامالّی و ویستی توێژینەوە لەسەر بونیادە شاراوەکانی مێژووی زانست بکات. بڕوانە: السید (ولداياه)، التأریخ والحقیقە لدی میشیل فۆکۆ، ص ٩٨ .

بەپێی ئەرکیولۆژیا (الأرکیولوجیا) دەتوانرێ توێژینەوە لە گوتاری مەعریفی (الخطاب المعرفي)دا وەك دیاردەیەکی دابڕاوو سەربەخۆ لە سیاق بکرێت کە ئامانجی پێشنیارکردنی تیۆرێکی گشتی لە زانین، یاخود میتۆدی زانستی نەبێت. بڕوانە: عبدالرزاق الراوی، موت الأنسان في الخطاب الفلسفي المعاصر، ص ١٥١.

میتۆدێکی زانستییە* پێوەندی بە تیۆرە فەلسەفی و ئایدیۆلۆژییەکانەوە نیە، نـەیارەکانیش جەخت لەسەر تیۆرو ئایدیۆلۆژیا بوون، نەك میتۆد دەکەنەوە* .

* لـە ڕوانگـەی میتـۆدی بونیادگەرییـەوە (ئالتوسـیر) توانیویـەتی پێداچـوونەوەیەکی ئەبـستمۆلۆژییانە بـۆ هـزری (مارکس) بکات کە پێش خۆی کەسی تر بۆیان نـەکردبوو بیکات. پـێش ئالتوسیر توێژینـەوەکان ئاوڕدانەوەیـەکی سیاسـییانە بـووە، هەرچـەندە ئالتوسـیر خـۆی بـە بونیادگـەری نازانـێ، بـەڵام لـە نووسراوەکانیدا بەتایبەت لە کتێبی (خوێندنەوەی سەرمایەدا) هەوڵی ئەوەی داوە چەمکی بونیادگەری لە بەرهـەمی فکری مارکسدا بەتایبـەت لـە کتێبـە بەناوبانگەکەیـدا (سـەرمایە) دەربهێنـێ، هـەروەها ئالتوسیر جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکـات کـە مـارکس لـە سـەرمایەدا توانیویـەتی بونیادگەرانـە شـێوازی بەرهـەمهێنانی سەرمایەداری شی بکاتەوەو هەموو میکانیزمی ئەو سیستەمە ڕوون بکاتەوە.

بڕوانە: ئازاد حەمە، لایەنی تێڕامان و جەستەی وتاری ڕۆشنبیری هاوچەرخ، ئازاد حەمە، ل ٤٤.

* بـۆ زانیـاری زیـاتر لەسـەر ئـەم دیالۆگانـە بڕوانـە: پێـشەکی کتێبـی (روجیـة غـارودی) (البنیویة فلسفة موت الأنسان) ل ٥ – ٢٠.

هەروەها بڕوانە: پێشەکی کتێبی (جان بیاجی)، (البنیویه) ل ١٥.

بەشی دووەم

سەرچاوەکانی بونیادگەری

پاری یەکەم:- دی سۆسێر

پاری دووەم:- فۆرمالیستە ڕووسەکان

پاری سێیەم:- ئەڵقەی زمانەوانی پراگ

پاری چوارەم:- ڕەخنەی نوێ

پاری یەکەم

فەردیناند دی سۆسێر *

دامەزرێنەری بناغەی زانستی تازەیە لە بواری زمانەوانیدا. ساڵی (١٩١٦ ز) کتێبەکەی بە ناوی (کۆرسێ لەبارەی زانستی زمانی گشتییەوە) بە زمانی فەڕەنسی بڵاوکرایەوە. ئەم کتێبە بریتیە لە تێبینیەکانی قوتابیەکانی کە ساڵی (١٩٠٩ - ١٩١١) دەرسی زمانەوانی و فەلسەفەی پێ گوتبوون، واتە دی سۆسێر خۆی ئەم کتێبەی نەنووسیووە، بەڵکو بیرو بۆچوونەکانی لە تێبینی قوتابیەکانەوە هەڵێنجراون و سەرەڕای هەندێ کەموکورتی، بە گرنگترین ڕووداوی زمانەوانی سەدەی بیستەم دەژمێردرێ.

هەموو قوتابخانەو ڕێبازە زمانەوانییەکانی سەدەی بیستەم بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یا ناڕاستەوخۆ لە ئەنجامی کارتێکردنی بیروبۆچوونەکانی دی سۆسێرەوە سەریان هەڵداوە، دوای سەرهەڵدانی ڕێبازی بەراوردی مێژوویی- Historical comparative inguistics ساڵی (١٧٨٦ ز) لەلایەن (سیر ولیەم جۆنس)ەوە و بەدرێژایی سەدەی نۆزدەیەمیش، تا دەرچوونی کتێبەکەی دی سۆسێر ساڵی (١٩١٦ ز)، بواری زمانەوانی بە لایەنی پەیڕەوی مێژووییدا ڕۆیشتووە، کە تێیدا ئامانجی سەرەکی زمانەوانەکان دۆزینەوەی جۆری پێوەندی خزمایەتی نێوان زمانەکانی جیهان بووە، نزیکەی (١٥٠) ساڵ خۆیان بە

---

* فەردیناند دی سۆسێر (Ferdinand de sassure) ساڵی (١٨٥٧ ز) لە (جنێف) لەدایك بووە. ساڵی (١٨٧٩) نامەیەکی ڕێکخستنی دەنگەکان لە زمانی هیندو ئەورووپیدا بڵاوکردۆتەوە. ساڵی (١٨٨٠ ز) نامەی دکتۆرای لەسەر زمانی سانسکریتی بەدەست هێناوە. ساڵی (١٨٩١ ز) مامۆستا بووە لە پەیمانگای خوێندنی باڵا لە پاریس. ساڵی (١٨٩١ ز) مامۆستای زمانەوانی گشتی بووە لە جنێف. ساڵی (١٩١٣ ز) کۆچی دوایی کردووە.

بەراوردکردنی وشە هاوواتاکانی زمانە جیاوازەکانەوە خەریك کردبوو، کۆششیان دەکرد، تا ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر وشەدا دەهات دیاری بکەن، بە ئامانجی گەڕانەوەی وشە هاوواتاو هاوڕەگەکان بۆ هەمان سەرچاوە کە لە ڕێیانەوە توانرا یاساکانی دەنگ گۆڕین لە زمانەکاندا بدۆزنەوە، بەهۆی ئەو یاسایانەشەوە ڕادەی پێوەندی وشەو شتی خزمایەتی نێوان زمانەکانی جیهان دیاریکرا [١] .

هەرچەندە ئەم جۆرە شیکردنەوەیە گرنگی زۆری هەبووەو زۆر لایەنی شاراوەی زمانی ئاشکرا کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لایەنە خراپەکەی لەوەدا خۆی دەبینیەوە، کە زمانەوانەکانی لە ئەرکی ڕاستەقینەی خۆیان لادەدات، ئەویش کارکردن بووە بۆ تێگەیشتنی خودی زمان و چۆنێتی کارکردنی وەك سیستمێکی زیندوو[٢].

دی سۆسێر * هات شۆڕشێکی گەورەی بەرپاکرد، دەرگای ئاسۆیەکی بەرفراوانی کردەوە، ڕێچکەی شیکردنەوەی زمانەوانی گۆڕی، ئەوەی ڕاگەیاند، کە دەبێ لە شیکردنەوەی زماندا سەیری زمان وەك سیستمێکی سەربەخۆ بکرێ. ئامانجی زمان و زمانەوانەکان کۆششکردنە بۆ تێگەیشتنی ئەم سیستمە لەگەڵ چۆنێتی کارکردنی[٣].

کتێبەکەی (دی سۆسێر) زانستی گشتی زمان (علم اللغة العام) یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوەکانی بنەمای بونیادگەری، کە خاڵی گرنگ تێدا توێژینەوەی لایەنی ئێستایی

---

[١] بڕوانە: د. وریا عمر امین، دیساسۆر دامەزرێنەری زانستی زمانی تازە ، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٨٩)، ل ٩.

[٢] بڕوانە: د. وریا عمر ئەمین، دیساسۆر دامەزرێنەری زانستی زمانی تازە، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٨٩)، ل ٩.

* ڕۆحی زانست یەکێکە لە سیماکانی ئەم سەردەمە، (فرۆید) جیهانی ناوەوەو (داروین) بنەچەی مرۆڤ و (مارکس) پێوەندی دیالێکتیکی نێوان تاك و کۆیان دۆزیوەتەوە، (فردیناند دی سۆسێر)یش گرنگی زمانی لای مرۆڤ ئاشکرا کردووە.

بڕوانە: تۆفیق الزیدی، اثر اللسانیات في النقد العربی الحدیث، ل ٩.

[٣] بڕوانە: جاناتان کالر، فردینان دی سۆسێر. ترجمە: کورش صفوی، ل ٧.

(synchronic)، نەك مێـژووی (Diachronic) زمانـە، لـە هـەمان کاتیـشدا تێیـدا جیاوازی لەنێوان زمان و گوتار (اللغة والكلام) کراوە، هەروەها ئەوەشی تێـدا هـاتووە، کـە زمان سیستمێکە هیچ نرخێکی پێکهاتەیی نیە، تەنها بـە پێوەنـدی نێوانیـان نـەبێ، بـەم شێوەیەش زمانەوان ناتوانـێ ئامـاژە بـە مـوفرەداتی زمانێـك بـدات بـەوەی قەبارەیـەکی یوەنیەکان بکات، کە ئەو موفرەداتە پێکەوە

کاریگەری دی سوسیر لەسەر لایەنی ڕەخنەیی و زمانەوانی و میتۆدی *



---

* ئەم هێڵکارییە لە نامەی دکتۆرای (محەمەد سالم سەعدڵڵا) بەناوی (الاسس الفلسفیه لنقد مابعد ألبنیویه) وەرگێڕاوە کە بۆ ئامادەکردنی سودی لەم سێ سەرچاوەیە وەرگرتووە:-

١) محاضرات في السیمولوجیا. محمد الرعیلی، ص ٦٨ . ٢) مدخل الی علم اللغه ، لوریتزنود ، ت/ مصطفی الترلی ، ص ١٠٤ – ١١٥ . ٣) مدارس اللسانیات، جفری ساسون ، ت/ محمد زیاد کبة، ص ١١٥ - ١٣٥ .

** لە نامەی ماجستێری (هەڤال سەلیم تەیب ئاکرەیی) کە بە ناونیشانی (بونیادگەری دناف ڕەخنا کوردی)دایە (ڕێباز) بەرانبەر بە (منهج) بەکارهاتووە، کە ئەمە هەڵەیە، چونکە (منهج) میتۆد دەگەیەنێ، بۆ نموونە دەڵێت :- ڕێبازە ئەدەبیەکان، کلاسیك، ڕۆمانسی، ڕیالیزم، ڕەمزی، بەڵام کە دەڵێین میتۆدە ڕەخنەییەکان، ئەمانە دەگەیەنێ :- میتۆدی دەروونی، میتۆدی کۆمەڵایەتی، میتۆدی بونیادگەری، میتۆدی مێژوویی. بڕوانە : دکتور عمر محمد طالب ، المذاهب النقدیه ، ص ٣ - ٤ .

چۆن مرۆڤ بتوانێ خولقێنەرو داهێنانی زمانەوانی بێت ؟ یاخود چۆن مرۆڤ بتوانـێ ژمارەیەکی بێ کۆتایی لە ڕستە بەرهەم بێنێ ؟ بە واتایەکی تر چۆن بتوانین ڕاڤەی جووڵانی دەماغ (الحركة الدماغية) لە هزری مرۆڤایەتیدا لە ڕوانگەیەکی زمانەوانی ڕووتەوە بکەین؟ تیـۆری یاسـای بەرهـەمهێنان و گواسـتنەوە (نظريـة القواعـد التوليديـة والتحويليـة) The transformational Generative Grammar کە هی زانای زمانەوانی ئـەمریکی (چۆمـسکی)یـە، شۆڕشـێکی گـەورەی لـە توێژینـەوە زمانەوانییـەکان و زانستییەکاندا بەرپا کرد.

هەروەها کتێبی بونیادی پێکهاتەیی (المبانی التركيبية) Syntactic structures گوزارشت لە تیۆری ذهنی لە زانستی زمانەوانی و مرۆڤایەتیدا دەکات، تێدا دیدو بۆچوونی تازە دەخاتە بەرچاو.

لە ڕوانگەی (چۆمسکی)یەوە زمان (اللغة) بریتیە لە پڕۆسەیەکی پێکهێنانی کاریگەر لە ذهنی مرۆڤدا کە دەتوانێ خولقێنەرو داهێنانی زمانی ڕێکوپێك بکات لە ڕێگای یاسایەکی ڕێزمانی گشتییەوە بۆ هەموو زمانەکانی مرۆڤ.

لە ڕوانگەی (چۆمسکی)یەوە پڕۆسەی زمانەوانی (العملية اللغوية) لە سێ تـوخمی بونیادی پێکهاتووە. یەکەمیان توخمی ڕێزمانیە (العنصر النحوی) کە گرنگترین توخمە لە پڕۆسەکەدا، لە یەکە پێکهاتەیەکان (الوحدات التركيبية) پێکدێت، هـەموو ڕێزمـانی ڕستەکەیە بەشێوەی ڕێکوپێك. ئامانجی ئـەم توخمـە زمانەوانییـەش هـەم ڕێکـوپێکی (تنظيمی)ەو هەم پێکهێنانی (توليدی)یە. ڕێکوپێکە بەوەی توانای ڕێزمانی ڕێکوپێکی هاوڕێکی دەدات بەدەستەوە، بەرهەمهێنەرە بەواتای ئەوەی لەتوانایدا هەیە ژمارەیەکی بێ کۆتایی لە ڕستەی ڕێزمانی بەرهەم بێ.

توخمی دووەم لە پڕۆسەی زمانەوانیدا گواستنەوەیە (تحويلی)، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیـەنێ کـە ئـەم توخمـە دەتوانـێ ڕسـتە سـەرەکییە بناغەییەکـە

(الجمله الاساسيه — Kernel sentence) بگۆڕێ بۆ کۆمەڵێك ڕستەی پرسیارو مەرجی و سەرسوڕهێنەرو نەرێیی.

ئەم توخمە توخمێکی ناچارییە (أجبارية) لە دۆخی ڕستە سەرەکییەکاندا، بەڵام خۆکردەو ناچارییە (أختبارية أجبارية) بۆ دۆخەکانی تر کە لە ڕستە سەرەکییەکە پێکدێت.

توخمی سێیەم لە پرۆسەی زمانەوانیدا توخمی پێکهاتەییە (عنصر تركيبى) ئامانجی ئەم توخمەیش بەرهەمهێنانی ڕستەی ڕاست و دروستە لە داڕشتنی زمانەوانی کۆتاییدا جا ئەو ڕستەیە لە شێوەی قسەکردن (Spoken)، یاخود نووسین (Written)دا بێت. چۆمسکی گەیشتە ئەو باوەڕەی کە نموونەی ڕێزمانی تاکە نموونە نیە بۆ سەلماندنی ڕاستی و دروستی ڕستەی زمانەوانی لە زمانێ لە زمانەکاندا، هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پرۆسەی ڕێزمانی لە پرۆسەی دەلالی واتایی جیاوازە، ئەوەی ڕێزمانیە جیاوازە لەوەی دەلالیە، هەرچەندە پێوەندی نێوانیان ڕێژەییە، ڕەنگە چەند لایەنێکی پۆزەتیڤی هەبێت (چۆمسکی) بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە دەڵێت: هەندێ ڕستە هەن لە لایەنی زمانەوانییەوە پەسند نین، کەچی لەلایەنی واتاییەوە پەسندن، یاخود ڕستە هەیە بە ڕێزمانی پەسندە، بەڵام بە واتایی پەسند نیە[1].

---

[1] بۆ گەڵاڵەکردنی کورتەی بۆچوونەکانی چۆمسکی سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:-

بڕوانە: Chomsky، Noam ، a syntactic structures. p. 13-17. (New York- 1957).

بڕوانە: نیل سمیث، دیردری ویلسون، زبانشناسی نوین نتایج أنقلاب چامسکی، ترجمەء مجموعەء مترجمین، ل 16 -34 -115 -22.

بڕوانە: توام چامسکی، زبان و ذهن، ترجمة: کورش صفوی، ل 41-42 . ل 34

پاری دووەم

فۆرمالیستە ڕووسەکان

فۆرمالیستەکانی ڕووس لە ئەنجامی کۆششی دوو کۆمەڵەی ئەدەبی پێکهات، یەکەمیان، ئەڵقەی زمانەوانی مۆسکۆ کە ساڵی (1915 ز) پێکهاتبوو، (جاکوبسن) یەکێك بوو لە پێشەنگەکانی. دووەمیشیان، ئەڵقەی (سان بطرسبورگ- لینینگراد) بوو، هەندێکجاریش بە (اوپـــایز - opoiaz) ناوبـــانگی دەرکردبـــوو، زۆربـــەی ئەندامـــەکانیان خوێندکارانی زانکۆکان بوون[1].

ئەوەی ئەم دوو ئەڵقەیەی زیاتر بەیەکەوە دەبەستەوە، گرنگیدانیان بە زمانەوانی بوو، لەگەڵ بایەخدانیان بە شیعری نوێ، بەتایبەت، شیعری ئایندەخوازی (المستقبلی)[2].

قوتابخانەی فۆرمالیستەکانی ڕووس کەوتنە دژایەتیکردنی ڕەخنەگرانی ئایدلۆژی، هەر ئەمەش وایکرد (ژدانۆف) ساڵی (1932 ز) بە بڕیارێك هەموو کۆمەڵە ئەدەبیەکان قەدەغە بکات، ئەم ڕەوتە لە ئەوروپاو ئەمریکا بەباشی نەناسرا، تا بلاوکردنەوەی دوو کتێبی گرنگ نەبێت، یەکەمیان، (فۆرمالیستی ڕووس) دانەری (فکتۆر أرلیش) ساڵی (1955 ز) دووەمیشیان، کتێبی (تیۆری ئەدەب) کۆکردنەوەو وەرگێڕانی (تیودۆرف)ە ساڵی (1964) کە کۆمەڵێك دەقی فۆرمالیستەکانی ڕووس لەخۆ دەگرێت[3].

قوتابخانەی فۆرمالیستەکان ڕەتکردنەوەیەکی خودیی ڕەمزی (الذاتیه الرمزیه)بووە، لە هەمان کاتیشدا دژ بە ڕەخنەی واقیعی و ئایدۆلۆژی ئەو سەردەمە بوو، پێشەنگەکانیان

---

[1] بڕوانە: محمد شیلی الکومی، المذاهب النقدیة الحدیثة، مدخل فلسفي، ص 156.

[2] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە، ل 156.

[3] بڕوانە: محمد عزام، فضاء النص الروائی، ل 21.

کۆمەڵێك توێژەرو ڕەخنەگر بوون، لەوانە: (شکلۆفسکی)، (یاکۆبسن)، (ایخنباوم) (تۆماشفسکی)، (تینیانوف)، (بروب)، (فینوغرادوف)و گەلێکی تر.

ئەمانە هەڵوێستی زانستیان کردە پێوەری هونەری و، ئاماژەیان بە دوو پرنسیپی گەورە دەدا، بابەتی زانستی ئەدەب، ئەدەب نیە، ئەوە ئەدەبیەتە *، کەوا دەکات دەق ئەدەبی بێت، ئالێرەوە قورساییان بە تەنها لەسەر دەقی ئەدەبی بەدوور لە فاکتەری دەروونناسی، کۆمەڵایەتی و، مێژوویی بوو، دووەمیان، پابەندبوونیان بە چەمکی ڕووخسار بوو، تیۆری ڕەخنەی کۆنیان ڕەت دەکردەوە، کە دەقی بە ڕووخسارو ناوەڕۆك دەزانی، ئەمان زیاتر جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دەبێت ڕووخسار دەرکەوێت [1]**.

(فلادیمیر بروب- (V. Prop، 1970 - 1895) ز) یەکێکە لە ناودارانی ئەم بزووتنەوەیە، کتێبێکی بەناوی (مۆرفۆلۆژیای حیکایەتە میللیەکانی ڕووس)ی ساڵی (1929ز) داناوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە لە کاتی توێژینەوەی حیکایەتدا پێویستە گرنگی بە بونیادی ناوەوە بدرێت، نەك پۆلێنکردنی بابەتییانەو مێژووییانە (الموضوعاتیه أو التأریخیه). لە ئەنجامدا گەیشتە ئەوەی کە بڵێ لە حیکایەتدا توخمی سەقامگیرو گۆڕاو (الثابت و المتغیر) هەیە، سەقامگیر کردەوەی کەسەکانە، ناوی ئەرك (الوظیفه)ی لێناوە، گۆڕاویش ناوی وەسفی کەسەکانە [2].

---

* ئەدەبیەت (Literariness) ڕۆنانی ئەم زاراوەیە بۆ (ڕۆمان جاکۆبسن) دەگەڕێتەوە لە وتارێکدا بە ناونیشانی (شیعری ڕووسی هاوچەرخ)، لە ساڵی (1921 ز)دا ئاماژەی بۆ کردبوو، ئەو دەڵێت: "بابەتی لێکۆڵینەوەلەزانستی ئەدەبیدا نیە، بەڵکو ئەدەبیەتە، واتە ئەوەی کە بەرهەمێکی ئاسایی ئەکاتە بەرهەمێکی ئەدەبی." جاکۆبسنلە درێژەی ئەو گوتارەی سەرەوەدا پێ لەسەر ئەو خاڵەش دادەگرێ، کە مێژوونووسانی ئەدەبیلەبری سەرنجدانبە خودی زانستی ئەدەبی و ئەدەبیەتی ئامادە لە بەرهەمی ئەدەبیدا، زۆرتر لە هەندێ بواری دیکەی وەك دەروونناسی، مرۆڤناسی، سیاسەت و فەلسەفە کەڵکیان وەرگرتووەو، دیارە لێرەدا جاکۆبسن وای بۆ دەچێ کە ئەوبابەتانەی ئاماژەیان بۆ کرا پەیوەندییان بە ئەدەبەوە نیەو ئەم جۆرە بەرهەمانە بە ئەدەبی نازانێ.

بڕوانە: بەختیار سەجادی، محمد محمودی، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، ل 28.

[1] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە، ل 22.

** بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕۆمان جاکۆبسن، بڕوانە کارتی ناساندنی نووسەر لە کتێبی: ڕۆما یاکبیسن او البنیویة الظاهراتیه، ل 9.

[2] هەر ئەو سەرچاوە، ل 25.

(ڕۆمان جاکۆبسن)*** جەختی لەسەر ئەرکی زمان لە خولقاندنی بنەماکانی فۆرمالیستەکان دەکردەوە، وایدەبینی، کە شیکردنەوەی ئەدەبی پێویستە توێژینەوە بێت لە یەکەی خاوەن دەلالەت بەلای جاکۆبسنەوە پەیوەندییە بەستراوەکانی (العلاقات الترابطية) دەقەکان کارێکی گرنگە بۆ توێژەر[1].

گرنگترین پێشینەی تیۆرێکی کە بۆ بونیادگەری دەیدۆزینەوە بەرهەمەکانی کۆمەڵێك توێژەری ڕوسین کە لە دەیەکانی (1910 ز)و بەتایبەت (1920 ز) لە یەکێتی سۆڤیەتدا درێژەیان بە تێکۆشانی فیکری خۆیان داوەو دواجار کارەکەیان بەهۆی سانسۆری ستالینییەوە ڕاوەستا، ئەمڕۆ ئێمە ئەوان بە فۆرمالیستە ڕووسەکان دەناسین، ئەوەشمان پەسند کردووە، کە کارەکەیان بە یەکێك لە گرنگترین دەسکەوتە تیۆرییە ئەدەبیەکانی سەدەی بیستەم دەژمێردرێ، گەلێك زاراوەی ناوەندی ڕەخنەگری هونەری و کلتوری بۆ نموونە (چەمکەکانی ئەدەبیبوون، هۆی زاڵبوون، سڕینەوەی ناسیاوی، جیاوازییە مەجازییەکان) قەرزاربارى ئەوانن. لەناو فۆرمالیستەکاندا بە پلەی یەکەم (فیگتۆر شکلۆفسکی)و دواتر (یوری تینیانووف)، (بوریس توماشوفسکی)و (بوریس ئاخن باوم)[2] بەناوبانگترینن، بەڵام کەسێك کە گەورەترین کاریگەری لەسەر پوختەبوونی بونیادگەری دانا (ڕۆمان یاکوبسن)بوو، کە تێکۆشانەکەی هەر بە ڕەخنەی ئەدەبییەوە بەرتەسك نەدەبۆوە، بەڵکو بە یەکێك لە گرنگترین زماننناسەکان و هەروەها فۆلکلۆرناسانی سەدەی پێشوو دەژمێردرێ [3].

*** ڕۆمان جاکوبسن R. Jacobson (1895 – 1983ز) لەدایکبووی مۆسکۆیە، بناغەدانەری ئەڵقەی زمانەوانی مۆسکۆیە تێکەڵ بە (اوبایز –opoiaz) بووەو بزووتنەوەی فۆرمالیستیان پێکهێناوە. کاتی جەنگی جیهانی دووەم بەرەو ئەمریکا ڕۆیشتووە، ڕەگەزنامەی ئەمریکی وەرگرتووەو وانەی زمانەوانی لە زانکۆی (هارفارد) گوتۆتەوە.

[1] بڕوانە: فاطمة لطبال بركه، النظرية الألسنية عند رومان جاكوبسن، ل 29.

[2] بڕوانە: بابك احمدی، ساختار و هرمنوتيك، ل 20.

[3] بڕوانە: فاطمة لطبال بركه، النظرية الألسنية عند رومان جاكوبسن، ل 21.

دوو دەسکەوت لە کارە زۆر تیۆرییەکانی ئەو، کە ڕەوتی تێکۆشانەکانی دواتری بونیادگەرایانی دیاری کرد، یەکێکیان تیۆری ئەو سەبارەت بە جیاوازی خوازەی پەیامهێنەرو میتافۆڕ لە ئالۆزی زمان دایەو ئەوەی دیکە تیۆری، یان گریمانەی پێوەندی ئەوە. دەسکەوتی یەکەم دەری دەخات کە کاتێك ئێمە لە قسەکردندا لەگەڵ کەڵك وەرگرتنی میتافۆڕ، یا مەجازە پەیامهێنەرەکان ڕووبەڕوو دەبینەوە، لە ڕاستیدا لەگەڵ دوو کارکردی جیاوازی زمانی بەرهەمهاتوو لە دوو پێوەندی جیاواز لەنێوان زمان و زیندا ڕووبەڕوو دەبینەوە، ئەم تیۆرییە بەرهەمی بەهایەك بوو کە (یاکوبسن) بۆ تیۆری دەربڕینی دادەنا، ئەو نیشانی دا کە جگە لە زمانناسی بونیادگەری هەرێمێکی دیکەش هەیە، کە هۆکارێتییەکان دیاری دەکات و ئامڕازی تایبەتی خۆی بۆ ناسینی ئەوان دابین دەکات، ئەو هەرێمەش تیۆری دەربڕین، یان ئاخاوتنە.

دەسکەوتی دووەمی کاری (یاکوبسن) تەنانەت لە نموونەی یەکەم زیاتر کاریگەریی لەسەر بونیادخوازەکان و بەگشتی لەسەر تیۆری پەیوەندنی ئەمڕۆیی هەبووە، سەرەڕای ئەو هەوڵانەی دواترلە ڕەوتی کامڵکردنی گریمانەی پێوەندی هێشتاش گریمانەی (یاکۆبسن) بێ ڕکەبەرو ڕچەشکێنە[1].

ئەو نیشانیدا کە لە تەوەرەی پەیوەندییەکانی مرۆڤانیدا (زمانی، یا نازمانی) واتە لە هەموو جۆرە هۆکارێکی هێماییدا، ئێمە لەگەڵ شەش هۆکار ڕووبەڕوو دەبینەوە، کە دەتوانین بەجیا بەسەر هەر کام لەوانەدا بچینەوە، گرنگتر لەوەش دەتوانین لە گۆشەنیگای هەر کام لەم شەش هۆکارە، بەرفراوانبوونی پێوەندی لە ڕێگایەکی جیاوازو تایبەتییەوە بخەینە بەر لێکۆڵینەوە. ئەم هۆکارانەش بریتین لە:

---

[1] بڕوانە: فاطمة لطبال بركه، النظرية الألسنية عند رومان جاكوبسن، ل 20.

1) پەیامنێری پەیام.
2) وەرگرەکەی.
3) خودی پەیام.
4) بوارێك کە پەیام لەودا شێوە دەگرێ، یان دەنێردرێ.
5) ئەو ڕەمزانەی کە پەیام بەوان دەردەبڕدرێ و لەگەڵ شیمانەو بەرتەسکییەکانیدا، ئەوە دواجار یەك دەگرێتەوە.
6) ڕاگەیاندنێك کە بابڵێن پەیامەکەی پێ دەنێردرێ[2].

دەتوانین بەشێوەیەکی تر ئەمە ڕوون بکەینەوە، یاکۆبسن دەڵێت: ((زمان ئامرازی گەیەنەرە لەنێوان پەیامنێرو وەرگردا، لە ڕێگای نامەوە پەیامنێر نامەکەی دەنێرێ، وەرگر وەری دەگرێت، ڕەمزەکان جیادەکاتەوە، نامەکەش بۆئەوەی بگات پێویستی بە سیاقێك هەیە، ڕەمزیش زمانێکی هاوبەشی نێوان پەیامنێرو وەرگرە، پێوەندی (contact)، یاخود کەناڵی گۆڕان وەسیلەیەکە بۆ پێوەندی لەنێوان پەیامنێرو وەرگردا، دەنگ لە پێوەندی زارەکیدا دەبێت و، پیتیش لە پێوەندی نووسیندا[3].

---

[2] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوەی پێشوو، ل 21.

[3] بڕوانە: فاطمة لطبال بركە، النظرية الألسنية عند رومان جاكوبسن، ل 65.

سیاق Context*

پەیامنێر(**مرسل**—addresser) **نامە** (**رسالة**-massage) **وەرگر**(**مرسل الیە**—Addressee)

قناة أتصال- Contact

شفرە - Code

دەتوانین کۆمەڵە ئەرکییەکانی زمان (الوظائف اللغویه) بەپێی بۆچوونەکەی (یاکۆبسن) دابەش بکەین، شەش ئەنجامی سەرەکیمان بەدەست دەکەوێت:-

1. ئەرکی عاتیفی (تعبیریه، او انفعالیه).
2. ئەرکی گەڕانەوە (مرجعیه).
3. ئەرکی ئەدەبی (شعریه).
4. ئەرکی هاندەری (تنبیهیه).
5. ئەرکی ئەوپەڕ زمانی (ماورا لغویه).
6. ئەرکی هاودلی (أفهامیه او نزوعیه).

کەواتە بە بۆچوونی (یاکۆبسن) ئەم شەش پاژە (بنێر، وەرگر، بەستێنی پێوەندی، ڕەمز، پەیام و بابەت) شەش ئەرکی زمان دابین دەکەن کە بریتین لە:-

1. ئەرکی عاتیفی (Emotive function): لەم ئەرکەی زماندا ڕووی پەیام لە بنێرە. ئەرکی پیشاندەری هەستی تایبەتی بنێرە، نموونە: ئای چەندم خۆش دەوێی.
2. ئەرکی هاندەری (Co native function): ڕووی پەیام لە وەرگرە لە کاتی بانگکردن، یان دەستوردان بە کەسێك، بۆ نموونە: ئەم ژوورە خاوێن بکەوە.

---

* بڕوانە: فاطمة الطبال بركه، النظرية الألسنية عند رومان جاكوبسن، ل 65.

بڕوانە: يوسف اسكندر، اتجاهات الشعر الحديثه، ص 50.

3. ئەرکی گەڕانەوەیی، یان ئیرجاعی (Referential function): لەم ئەرکەدا ڕووی پەیام لە بابەتی پەیامە. دەکرێ لە ڕێگای دەوروبەرو ژینگەی ئەو وتەو ڕستانەی کە خاوەن ئەرکی گەڕانەوەیین ڕاست و ناڕاست بوونیان بسەلێنرێ، چونکە ئەم وتانە لە بنەڕەتدا وتارێکی هەواڵدەرن، وەك: (دوێنێ باوکم لە گەشت گەڕایەوە.) (یاکۆبسن) لەسەر ئەم خاڵە پێ دادەگرێ، کە جیاوازی نێوان ئەرکی گەڕانەوەیی و ئەرکی هاندەری زمان لە ڕێگای توانای سەلماندنی ڕاست، یا ناڕاستبوونی وتەکانەوە دیاریدەکرێ، بەم شێوەیەتێکرای وشە هەواڵدەرییەکان خاوەن ئەرکی گەڕانەوەن.

4. ئەرکی ئەوپەر زمانی (Meto language function): (یاکۆبسن) دەڵێت: ((ئەو کاتەی بنێر، یان هەردووکیان، وا هەست بکەن پێویستە لە هاوبەشبوونی ئەو ڕەمزەی کە سوودی لێ وەردەگرن دڵنیابن، ڕووی پەیام لە ڕەمز دەبێ، لە ڕێگای ئەرکی ئەوپەڕی زمانییەوە ئەو واژانەی بەکاردەبرێن، ڕاڤە دەکرێن، ئەمەش زیاتر لە فەرهەنگدا دەبینرێ، نموونە: لە فەرهەنگی (هەمبانە بۆرینە)ی مامۆستا (هەژار)دا هاتووە: (میمك: خوشکی دایك).

5. ئەرکی هاودڵی (Phatic function): لەم ئەرکەدا ڕووی پەیام پەستێنی پەیوەندییە بە بۆچوونی (یاکۆبسن) مەبەستی هەندێ پەیام ئەوەیە، کە پێوەندی بەدی بێنین، بۆ نموونە: ئەگەر لە وتوویژێکی ئاساییدا لایەنێکی قسەکەر بڵێت: (کاکە لێم حاڵیت؟) لێرەدا مەبەست ئەوە نیە لایەنەکەی تر وەڵام بداتەوەو بڵێ (کاکە چاکت لێ حاڵیم؟)، بەڵکو مەبەست ئەوەیە، لایەنی بەرانبەر لە ڕەوت و درێژەی وتوویژەکە ئاگادارکاتەوە.

6. ئەرکی ئەدەبی (Literary function): لەم ئەرکەی زماندا ڕووی پەیام لە خودی پەیامە، لەم دۆخەدا پەیام دێتە ناوەندی سەرنجی پەیوەندییەوە. ئێستا بەپێی بۆچوونی (یاکۆبسن) ئەرکەکانی زمان بەم هێڵکارییە[1] ڕوون دەبێتەوە:-

---

[1] بۆ ئەم شەش ئەرکەی زمان سوود لە کتێبی (دەنگی بلورینی دەق)ی عبدالخالق یەعقوبی، لاپەڕە (19 –20) وەرگیراوە.



بزووتنەوەی فۆرمالیزمی ڕووسی سەرەڕای ماوە کورتەکەی، گاریگەریی خۆی لەسەر توێژینەوە سەرەکییەکان و تیۆری ئەدەبی دیارە، فۆتۆڕیزمی ئیتاڵیایی (ئایندەخوازی) ساڵی (1909 ز) ڕەنگدانەوەیەکی زۆری لەنێو ڕەخنەنووسە لاوەکانی ڕووسیادا هەبوو، تا وایلێهات لەجێی هاوبەندی و دۆستایەتی لەگەڵ سروشتدا، شارو ئامێر هاتنەگۆڕێ، ئیتر باسی پێوەندی کاری ئەدەبی بە حەقیقەت و جیهانەوە نەدەکرا، بەڵکو بابەت بووە ئەم پرسیارە سادەیە شیعر چۆن دێتە ئاراوە؟

بزووتنەوەی فۆرمالیستەکان هاوکات لەگەڵ ئەم نوێگەرییە هونەرییەدا هاتەگۆڕێ و دامەزرێنەرانی ئەم بزووتنەوەیە کۆمەڵێك لاوی نوێخواز بوون، بەشێوەیەکی گشتی کتێبەکەی (شکلۆفسکی) ڕاپەرینی وشە، بە یەکەم بەڵگەنامەی فۆرمالیستەکان دادەنرێ، کە ساڵی

(1914 ز) بڵاوبۆتەوە، هەروەها دوو کتێبی کورتی تری، ڤیکتۆر شکلۆفسکی کە لە ساڵانی دواتردا بڵاوکراونەتەوە، یەکەمیان دەربارەی تیۆری زمانی شیعری ساڵی (1916 ز)و، دووەمیان دەربارەی (شاعیریی) ساڵی (1919 ز) لەڕووی شێوازناسییەوە بایەخی زیاتریان هەیە[1].

شکلۆفسکی و فۆرمالیستەکانی تر لە فۆرمالیزمەوە فێربوون وشەگەلێك بدۆزنەوە، کە لە هەر جۆرە دیاریکردنێکی بەهای ئازاد بن و بەدوای سینتاکسێکی نوێی زماندا بۆ ئەم وشانە بگەڕێن، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەیاد نەچێت کە فۆرمالیستەکان تەواو بە هەوادار، یان هاوڕێی فۆتورِیستەکان ناژمێردرێن، هەروەها ئەم بزووتنەوەیە بۆ زۆرلە بنەماکانی سمبولیزم (ڕەمزگەرایی)و ئەمەکدار بوون[2].

(شکلۆفسکی) و (یاکۆبسن) ناسراوترین نووسەرن کە لەسەر بزووتنەوەی فۆرمالیستەکانیان نووسیبێت، بەڵام هەندێ ناوی تریش هەن، هەرچەندە بە فۆرمالیس ناژمێردرێن، بەڵام پێوەندی فکری نزیکیان بە فۆرمالیستەکانەوە هەبووە، لەوانە: (میخائیل باختین) (فلادیمیر پروپ) (ڤاسیلی گیوبس) (گورگی کوکوفسکی) (گورگی فینوکو)و گەلێکی تر[3].

فۆرمالیستەکان لە ساڵانی (1916 – 1921 ز)دا ویستیان جیاوازی خۆیان لەگەڵ ڕێبازە ئەدەبییەکانی تردا بخەنە ڕوو، ساڵانی (1921 – 1929 ز) پەرەیان بە کارەکانیان داو هەندێ مەسەلەی وەك مێژوویی، ئەدەبیان وروژاند، ڕابەرانی حیزبی کۆمۆنیست لە ساڵی (1924)دەوە بەئاشکرا هێرشی خۆیان بۆ سەر فۆرمالیستەکان دەستپێکرد، (لیون تروتسکی) لە کتێبی (ئەدەب و شۆڕش)دا هێرشی کردە سەر پیروباوەڕە

---

[1] بڕوانە: بابك احمدی، ساختارو هرمنوتیك، ل 38، 39.

[2] بروانه : یوسف اسکندر، اتجاهات الشعر الحدیثه الأصول والمقولات، ص 28.

[3] بڕوانە: بابك احمدی، ساختار و تأویل متن، ل 40 .

دژە مێژووییەکانی ئەوان، ماركسیزمی بەرانبەر فۆرمالیزم دانا، ڕکابەرانی تروتسکی لە باڵەکەی تری حیزبدا بە زمان و شێوازێکی ڕەقتر درێژەیان بەو هێرشە دا. لە ساڵی (1928 ز) بە فەرمی (رسمی) فۆرمالیزم ڕەتکرایەوە، لە ساڵی (1924 ز)ەوە دژی تێڕوانینی فەرمی وتووێژیان دەکرد، بە ناچاری خامۆش بوون و تا ناوەڕاستی دەیەمی سی هەریەکە ڕێیەکیان هەڵبژارد، سەرەتا هیچ یەکێك لە بونیادنەران و نووسەرانی ئەم بزاڤە ناوی فۆرمالیزمیان پێ پەسەند نەبوو، (ئاخنبام) دەڵێت: ((ئێمە فۆرمالیست نین، بەڵکو ئاشنایەتیمان لەگەڵ کاری ئەدەبیدا هەیە، زاراوەی (Specifikatory) واتە پسپۆڕی هێنایە گۆڕێ. سەرەتا ناحەزان ناوی فۆرمالیزمیان بەسەردا سەپاندن، واتە بایەخێکی زۆر بەشێوە دەدەن، دوای وردەوردە پەسندکرا[1].

(یاکۆبسن)و (شنیانوف) لە بزووتنەوەی فۆرمالیستی ڕووسدا کاریگەری گەورەی خۆیان هەبووە، دوایش لە ئەڵقەی زمانەوانی براغدا چالاکییان کردووە، تا نازییەکان سەرکوتیان کردوون، دواتر هەندێ لە ئەندامانی ئەم ئەڵقەیە بەرەو ئەمریکا ڕۆیشتوون، لەوانە: ڕۆمان چاکۆبسن، رینیە ویلیك، لەوێش کاریگەری قوڵیان بەسەر ڕەخنەی نوێوە بەجێهێشتووە[2].

بزووتنەوەی فۆرمالیستەکان هاوکات بوو لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی سۆشیالیستی، ئامانجی سەرەکیان بەزانستکردنی توێژینەوە ئەدەبیەکان بوو، و گوڕو تینیشیان بە ڕەخنەی ئەدەبی لە ئەوروپا دا[3].

((دەستەیەك لە ڕەخنەگرانی ڕووس بوون، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە سەیری ئەدەب نەکرێ، بەڵکو پێویستە جەخت لەسەر شێوەی زمان لە بەرهەمی ئەدەبیدا بکرێت، بەوەی ئەم دوو توخمە پێکهێنەری وێنە

---

[1] بڕوانە: بابك احمدی، ساختار و تأویل متن، ل 41 ، 42.

[2] بڕوانە: رامان سلدن، النظریة الأدبیه المعاصرة، ت: سعید الناس، ص 16.

[3] بڕوانە: فیکتۆر ابرایخ، الشکلانیه الروسیه، ص 5 ، 10 .

دەبن، کە بەلای ئەوانەوە تەوەری توێژینەوەکانیان بوو لە سیەکانی سەدەی بیستەمدا سەری هەڵداو بەناوبانگترینیان یاکۆبسنە کە بایەخی زۆری بە زمانی شیعرو شێوازەکەی داوە))[1].

ڕێبازە ڕەسمی و زانکۆییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی لە (دەهەی 1920 ز)دا نەك تەنها لە ئەورووپا، بەڵکو لە وڵاتانی (ئەنگلوساکسون)یشدا، دەرەوەی دەق ببووە بابەتی سەرەکی لێکۆڵینەوەکانیان، واتە لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژیای مێژوویی، یان سایکۆلۆژییەوە پرسی سەرەکی لای ئەوان بریتیبوو لە چ شتێك دەق دەخوڵقێنێ ؟بەڵام لای فۆرمالیستە ڕووسەکان (خودی دەق)یان بە واتایەکی باشتر ئەوەی لە دەقدا ڕەنگی داوەتەوە، بوو بە بابەتی سەرەکی، خاڵی دەرەوەی دەق، لـە خانـەی دووەمـی بایەخیانـدا بـوو، پرسـیاری سـەرەکی لای فۆرمالیستەکان ئەمە بوو جیاوازی دەقی ئەدەبی لەگەڵ هەر دەقێکی تردا چیە؟یان بە دەربڕینێکی تر ئەدەبیەتی دەق چیە؟

دەتوانین دوو ئەدگاری سەرەکی کاری فۆرمالیستەکان بەمجۆرە دیاری بکەین:-

1. جەختکردنیان لەسەر گەوهەری سەرەکی و (ئەدەبی دەق)، دەق واتە خودی کارەکانیان ڕەچاو دەگرت و هەوڵیان دەدا بەشە خوڵقێنەرەکانی دەلالەتی واتایی دەقەکە لە شێوەکەی هەڵبهێنجێ و ئەوەی لە دەقەکەدا ڕەنگی داوەتەوە وەدەست بهێنن.

2. بۆ ئەم مەبەستە جەختیان لەسەر سەربەخۆیی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کرد، واتە تەنها ئەو ئەنجامە تیۆری و ئەدەبیانەیان بەلاوە گرنگ بوو، کە لە توێژینەوەی خودی کارە هونەریەکەوە وەچنگ دەهاتن، نەك لە توێژینەوەی زەمینەی مێژووی هاتنەکایەوەی کارەکە، یان ناسینی کەسێتی و سروشتی سایکۆلۆژی نووسەرەکەیەوە، فۆرمالیستەکان شێوازە باوەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیان خستە لاوە، تا پەی بە ڕێگای تایبەتی ناسینی گەوهەری سروشتی سەرەکی کاری ئەدەبی بەرن[2].

---

[1] بڕوانە: د. سمیر سعید حجازی، قاموس مصطلحات النقد الأدبی المعاصر، ص 57.

[2] بڕوانە: ئازاد بەرزنجی، چەند وێستگەیەکی ئەدەبی و فکری، ل 216.

جەختکردنی فۆرمالیستەکان لەسەر تەکنیك بەرەو ئەوەی بردوون کەوا مامەڵەی ئەدەب بکەن کە بەکارهێنانی زمانە، لای ئەوان زمانی ئەدەبی هیچ ئەرکێکی عەمەلی نیە[1].

((قوتابخانەی فۆرمالیستی ڕووس دووەم بنەمای پێکهێنانی بونیادگەریی گەورەیە دوای ئەوەی دی سۆسێر یەکەم بەردی بناغەی دانا))[2]*.

فۆرمالیستەکان هەوڵیاندا جگە لە خودی دەق پەنا نەبەنە بەر هیچ شتێکی تر، نکۆڵییان لە گرنگی ناسینی بەرکەمالی دەربڕینی ئەدەبی نەدەکرد، بەڵام ئەوەیان پیشاندا، کە ئەو شێوانە ئەمرۆ تەنها لە شوێنی خۆیاندا دەناسرێن، بەم جۆرە فۆرمالیستەکان وەك دیسوسیر یەکسەر مێژووییان ڕەتنەکردەوە، بەڵکو هەوڵیان دا ئەوەی کە ئێستا هەیە، بیناسن، ئەوەی لای ئەوان گرنگ بوو کارایی شێوە دەربڕینە نوێکە بوو، نەك شێوەی هاتنە ئاراوەی، بەڵام لەسەرێکی تریشەوە ئەوەیان سەلماند، کە گۆڕان سەد لە سەد لە ئەنجامی کار و کاردانەوەی

---

[1] بڕوانە: رامان سلدن، النظرية الأدبيه المعاصره، ص 18 .

[2] بڕوانە: د. صلاح فضل، نظرية البنائية في النقد الأدبى، ص 45.

* دوای ئەوەی هەڵوێستی مارکسیەکان لە کۆتایی سییەکاندا دەردەکەوێت و هەموو ڕێکخراوە ئەدەبیەکانیان قەدەغە کرد، هێرشی توند کرایە سەر فۆرمالیستەکان، ئەمانیش لەبەردەم دوو ڕێگادا بوون یان بێدەنگی و =

= تەوبەکردن، یا خود هەست بە هەڵەکردن, زۆر لە توندڕەوەکانیان ڕەخنەیان لە خۆیان گرت و بە پرەنسیپەکاندا چوونەوە، بۆچوونەکانیان بە بەشێك لە ڕابردوو دانا ((ئەو وتەی شکلۆفسکی بوو هەموو قوتابیەکان ملکەچی بوون جگە لە یاکۆبسن کە وڵاتی جێهێشت))، کاتێك باس لە ڕیالیزمی سۆشیالستی دەکرێت زۆر کەس جدانۆفیەتی دێتە خەیاڵ. (ژدانۆف) (1896 – 1948) سەرۆکی کۆمسیاریی ڕۆشنبیری ستالین بووە. سەرکردەیەکی سیاسی، هەروەها سەربازیش بووە، لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا ناوبانگی دەرکردووە بەوەی کە چاودێرییەکی توندی خستۆتە سەر چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان لە کەسە نزیکەکانی ستالین بووە، پێی وابووە کە پێویستە ئەدەب لە خزمەتی حیزب و ئامانجەکانیدا بێت.

Jakobson، Roman، y otros، the ories de la Literature Paris،1965.trad، Buenos Aires، 1976 .P .9.

بڕوانە:

هەروەها بڕوانە: ستیوارت سیم، بورین ڤان لوون، النظرية النقديه، ترجمة: جمال الجزيرى، ص 38.

توخمەکانی ناوەوەی دەق نایەت، بەڵکو وابەستە بە گۆڕان لەیاسای ژانرە ئەدەبییەکانیشەوە کە لەگەڵ جێ گۆرکێی کۆمەڵایەتی واتە گۆران لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئەوانیش دەگۆڕێن[1].

دەسکەوتی فۆرمالیستەکان ڕوون و ئاشکرابوو، دەقی ئەدەبییان خستە سەتەری بایەخ پێدانی خۆیانەوەو، هەموو شتە نا ئەدەبییەکانیان خستە پەراوێزەوە.

یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی فۆرمالیستەکان جیاکردنەوەی دەق لە مێژوو بوو. (شکلۆفسکی) کە هەموو جۆرە لێکدانەوەیەکی - کۆمەڵایەتی، مێژوویی بۆکاری هونەری ڕەتکردۆتەوە، ساڵی 1923 نووسی ((هونەر هەمیشە لە ژیان جیابووە و ڕەنگی لە ڕەنگی ئەو ئاڵایە نەچووە کە بەسەر دەروازەی شارەوە دایانکوتاوە)) [2].

فۆرمالیست بە شێوەیەکی ڕەها نکۆڵی لە مێژووی ئەدەب ناکات، بەڵکو هەوڵ دەدات لە شوێنی دروستی خۆیدا دایبنێت، نموونەی باسی مێژوویی لە نووسراوەکانی فۆرمالیستەکاندا زۆرە، بەڵام لە تەواوی ئەو نوسراوانەدا بایەخ بە مێژووی شێوە ئەدەبییەکان دراوە، نەك مێژووی سەرهەڵدانی ئەو کارە ئەدەبیانە[3].

(تینیانوف) جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە ناکرێ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان مەبەستی نووسەرو کارەکەیدا بدۆزینەوە. توێژینەوەی سروشتی سایکۆلۆژی نووسەر هیچ کارایییەکی نیە، هەروەها ناتوانرێ لە ڕێی شیکردنەوەی ژینگەو ڕووداوەکانی ژیانی نووسەر هیچ کارایییەکی ڕووداوەکانی ژیانی نووسەر، یان باری ئابووری و ڕۆشنبیری چینەکەیەوە نووسەر بناسین[4].

---

[1] بڕوانە: بابك احمدی، ساختار تاویل متن، ص 43، 44.

[2] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە، ص 44.

[3] بڕوانە: بابك احمدی، ساختار تأویل متن، ص 47.

[4] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە، ص 46.

یەکێك لەو خاڵە گرنگانەی کە فۆرمالیستەکان لەبارەی شێوەی ئەدەبییەوە خستیانە ڕوو، چەمکی نائاساییکردن (اللامألوف)ە، بۆ یەکەمجار شکلۆفسکی ئەم چەمکەی خستەڕوو، وشەی ڕووسی (Osyannenja)ی بەکارهێنا، دوای ئەو یاکۆبسن و تینیانوف لە هەندێ شوێندا نامۆکردن، یان بێگانەسازیان بەکارهێنا[1]، چەمکی (شێوەی کاری ئەدەبی) کە لە ئاسەواری فۆرمالیستەکاندا بایەخێکی زۆری پێدراوە، پەیوەستە بە دوو تێزی گرنگەوە کە ئەوان خستیانە ڕوو:-

1. هەر یەکەیەکی ئەدەبی لە وشەوە تا گوتار، دەبێ لە پەیوەندیدا لەگەڵ باقی یەکەکانی تردا بناسرێ، بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە، بەم پێیە ناسینی بونیاد بنەڕەتی کارەکەیە، گرنگترین بابەتی ئەدەبییە.

2. توێژینەوەی هاوزمانی دی سۆسێر باسی لێوە کردووە، میتۆدێکی سەرەکی توێژینەوەی ئەدەبییە[2].

فۆرمالیستەکان هەمیشە خولیای پەیبردن بوون کە چۆن تایبەتی سەرلەنوێ دەبوژێتەوە، لە کاتێکدا وا دەزانرێ کە کۆتایی هاتووەو مردووە، کەچی لەناکاو لە بەرگێکی تازەدا سەرهەڵدەداتەوە، (یاکۆبسن) دەڵێ: ((ئەدەب هەمیشە سەرلەنوێ پێویستی بە بوژانەوە هەیە.)).

پوشکین (چامەی دڵداری هێنایە نێو مەیدانی شیعری نوێی ڕووسی)یەوە[3].

بەکارهێنانی میتۆدی شیکردنەوەی هاوزەمانی لە ئاسەواری فۆرمالیستەکاندا بەئاشکرا کاریگەری دی سۆسێرو قوتابییەکانی بەدەردەخات، تەواوی فۆرمالیستەکان لەوەدا یەکبوون کە هەر کارێکی هونەری خاوەنی بونیادێکەو، هەریەکەیەکیش پەیڕەوی لە ڕێسایەك دەکات،

---

[1] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە، ص 47.

[2] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە، ص 50.

[3] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە، ص 51.

کە لە پێوەندی بە بونیادی بنەڕەتییەوە دێتە گۆڕێ، (ئاخنبام)یش هەمان بۆچونی لە دێڕێکدا دەربڕیوە کاتێك دەڵێت: تەنانەت ڕستەیەکیش لە کاری ئەدەبی ناتوانێ خۆی لە خۆیدا تەعبیرێکی ڕاستەوخۆ بێت لە هەستی نووسەر، بەڵکو هەمیشە لەژێر حوکمی ساتێك لە ساتەکانی دەقدایە، هەروەها جەختکردن لەسەر گرنگی پەیوەندییە ناوەکییەکانی یەك بونیاد یەکێکە لە گرنگترین بنەمای بونیادگەری[1].

(تینیانۆف)* ساڵی (1925) نووسیویەتی: کاری ئەدەبی تەعبیرە لە سیستمی ئەو توخمانەی پێکەوە بەندن، پێوەندی هەر توخمێك بەوی ترەوە بە کارکردنی ئەو توخمە لە ناو چوارچێوەی سیستمی کارەکەدا دەژمێردرێ. فۆرمالیستەکان لە توێژینەوەیاندا سەبارەت بە شیعر بابەتێکی گرنگیان خستەڕوو کە بووە هۆی وروژاندنی مەسەلەی پەیوەندییەکانی نێوان دەقە ئەدەبیەکان، یان پێوەندیەکانی دەق ئاوێزان، واتە بەیەکداچوون، شکلۆفسکی دەڵێ: ((ئەو تەسەورو وێنانەی شاعیرێك بەکاری هێناون بەلای ئێمەوە داهێنانی خودی شاعیرەکە خۆیەتی بێ هیچ گۆڕانکارییەکی گەوهەری لە شیعری شاعیرێکی ترەوە وەرگیراون، نوێکاری شاعیرانە لەو وێنانەدا نیە کە دەیانخولقێنن، بەڵکو لەو زمانەدایە کە بەکاری دێنن[2].))

لەبارەی پێوەندی فۆرمالیستەکانەوە بە ستاتیکای (کانت)ییەوە (الجمالية الكانطيه) دەڵێت: ((چوارچێوەی میتۆدی فۆرمالیستەکان بۆ زمانی شیعر، ستاتیکای کانتییە))[3].

ڕووخساری ئەدەبی لای فۆرمالیستەکان چوار چەمکەکەی (کانت) لەسەر جوانی دەگرێتەوە ئەوانیش :

1) سەربەخۆیی لە هەر سیستمێکی تر.

---

[1] بڕوانە: بابك احمدی، ساختار تأویل متن، ص 52.

* تینیانوف– Tynianov (1894 –1943)، یەکێکە لە پێشەنگەکانی فۆرمالیستی ڕووسی ڕەخنەگرو نووسەرو مێژوونووسی ئەدەبە.

[2] بڕوانە: بابك احمدی، ساختار تأویل متن، ص 58.

[3] بڕوانە: تودۆرف، نقد النقد، ص 29.

2) نەسقی بابەتی.
3) جەختکردن لەسەر غائیەتی ناوەکی (الغائیه الداخلیه).
4) جەختکردن لەسەر خودێتی (الذاتیه).[1]

(ئیخنباوم) دەڵێت: ((پرەنسیپی فۆرمالیستەکان (أستقرائی) نیە، بەواتا ئامانجیان پێکهێنانی میتۆدێکی سەقامگیر، یاخود تیۆرێکی تەواو نەبووە، بەڵکو پێشکەشکردنی چەند نموونەیەکی پێشنیارکراوە بۆ ڕاڤەکردنی واقیعی ئەدەبی، ئەمەش شایەن بە گۆڕان دەبێت، لەبەر تیشکی شیکردنەوەیەکی هەستپێکراودا، بەڵام بە ڕەچاوکردنی ڕۆڵی تیۆری لە ئاراستەکردنی شیکردنەوەکەدا))[2].

((ئامانجی فۆرمالیستەکان دانانی پلان نەبوو، بەڵکو توانای بینینی واقیع بووە، بۆ بینینی واقعیش، پێویستیت بە تیۆری دەبێت، چونکە واقیعێکی ڕاستی بەبێ تیشکی تیۆری نابێت))[3].

هەروەك لە پێشدا باسمان کرد فۆرمالیستەکانی پەیوەندییان لەگەڵ ڕێڕەوی ئایندەخوازەکاندا لە ڕووسیا کە خۆیان لە بەرەی هونەری چەپدا دەبینییەوە هەبووە، پەیوەندییەکانیش لە ئاستی کەسی و هونەریدا بووە، بە هەموویان خولیای ئەوە بوون چۆن نوێگەری لە میتۆدی تازەدا بکەن و کۆن لاوە بنێن و تیۆری ستاتیکا لەسەر بنەمای کاری هونەری دیاری بکەن و زمانێکی تازە بۆ هونەر بدۆزنەوە، هەندێکیشیان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە زمانێك بۆ پێکهاتەی شیعر بدۆزنەوە لە دوای عەقڵەوە بێت.

پێوەندی ئەم دوو بزووتنەوەیە لە دوو تەوەرەدا دەسوڕایەوە: یەکەم، ئارەزوویەکی بەهێز بۆ تازەکردنەوەو ڕەتکردنەوەی ڕابردوو. دووەمیش، بایەخدانێکی زۆر بە زمانی هونەرو کەرەسەکانی[4].

---

[1] بڕوانە: محمد علی ریان، فلسفة الجمال ونشأة الفنون الجمیلة، ص 52.

[2] بڕوانە: یوسف اسکندر، اتجاهات الشعریه الحدیثه، ص 28.

[3] بڕوانە: یوریس ایخنباوم، نظریة المنهج الشکلی، ص 54.

[4] بڕوانە: Tynanov، Eikhen baum، shkolovski for malismo: y vanguardia، trad communication، Madrid، p.12.

بگرێتەوە، لەوانە ناوەڕۆکی ئایدۆلۆژی سۆزداری بوونە بواریکی شەرعی بۆ شیکردنەوەی ڕەخنەیی، بەمەرجێ وەك توخمێك لە بونیادی ستاتیکدا کاری لەسەر بکرێت، ئا بەم شێوەیە، خۆیان دوورخستەوە لە هەندێ پرەنسیپی توندڕەوانەی فۆرمالیستی، وەك ئەوەی کە دەگوترا دەبێت هەموو کارە ئەدەبییەکان لە هزرو هەست (الفکر و المشاعر) جیابکرێتەوە، تا بگەیت بە شیکردنەوەی ڕەخنەیی[3].

[3] Erlich، victor- Russian formalism la haya- 1967 trad Barcelona 1974. p. 287.

پاری چوارەم

*

ڕەخنەی نوێ- New Criticism

((بۆ یەکەمجار زاراوەی ڕەخنەی نوێ لە ساڵی (1911) لەلایەن (جۆن سنجارن)ەوە بەکارهێنراوە، ئاماژەیە بۆ ناوی کتێبەکەی- **the new griticism**، هەروەها (جۆن کرورانسوم)یش **ransom** ساڵی (1941) هەمان ناونیشانی بەکارهێناوە))[1].

سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم ڕەخنەیە بوو سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ئینگلتەرا بەرەو ئەمەریکا پەلی هاویشتووە[2].

بەڵام سەرەتاکانی ڕەگ و ڕیشەی ئەم ڕەخنە نوێیە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم لە ئەمریکاو ئینگلتەرا، بەتایبەت لە بەرهەمی ڕەخنەگرانی وەك: (والترباتر)و (کلایف بل)و هەندێکی تر لەوانەی کە پێشەنگی تیۆری هونەر بۆ هونەر بوون. بایەخدانیان بە ستاتیکای فۆرم (جمالیات الشکل) لە بەرهەمی ئەدەبیدا وایلێکردن ببنە پێشەنگ بۆ تیۆری ڕەخنەی تازە، کە لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا خۆی لە گۆڕەپانی ئەدەبیدا سەقامگیر دەکردو داوای گۆڕینی چەند بابەتێکی تیۆرییان لە داهێنانی میتۆدی ڕەخنەی ئەدەبیدا دەکرد[3].

---

* ڕەخنەی نوێ– new criticism بزووتنەوەیەکی ڕەخنەییە، داوا دەکات کە واز بێنن، لە توێژینەوەی بەها ستاتیکییەکانی بەرهەمی ئەدەبی، ئەوەیش ڕادەگەیەنێت، ئەرکی ڕاستەقینەی ڕەخنە تێگەیشتن و ڕاڤەی بەرهەمە ئەدەبییەکانە لە ڕێگای شیکردنەوە، یان بەپێی بەهای فۆرم و زمانەوانی.

بڕوانە: سمیر سعید حجازی، قاموس مصطلحات النقد الأدبی المعاصر، ص 96.

[1] بڕوانە: د. ابراهیم محمد خلیل، النقد الأدبی الحدیث من المحاکاة الی التفکیك، ص 77.

[2] استیفانیا سکنار، تیارات و مواقف في النقد الجدید، ترجمة: عدنان المبارك، مجلة الثقافة الاجنبیة، السنة الثامنة، 1989، ص 4.

[3] بڕوانە: محمد شبل الکومی، المذاهب النقدیة الحدیثة مدخل فلسفي، ص 83.

((هەرچەندە سەردەمی زێڕینی ئەم ڕەوتە ساڵی (1930-1940) بووە، بەڵام سەرەتاکەی بۆ دەیەکانی چەرخی بیستەم دەگەڕێتەوە، چونکە هەردوو ڕەخنەگرو نووسەری ئینگلیز (تی. س. ئیلیوت)و (ڕیتشارد) ویستیان بناغەیەك بۆ توێژینەوەی فۆرمالیستی دابنێن، تاوەکو ڕەخنەی نوێ، لەسەر ئەو ڕاستیە بونیاد بنێن، کە ڕەخنەگرتن پێویستە لە شیعر بێت، نەك لە شاعیر))[1].

((یەکێك لە سیما گرنگەکانی ڕەخنەی نوێی ئینگلیز، خۆ ڕزگارکردن بوو لەو دیلو بۆچوونە ڕۆمانسیانە بۆ ئەدەب کە جەختکردن بووە لەسەر خودی کەس، ئەمان دەیانویست بیگوێزنەوە بۆ سەر بەرهەمی ئەدەبی))[2].

((پەرەسەندنی ڕەخنەی تازەی ئینگلو - ئەمریکی هاوکات بووە لەگەڵ بونیادگەری چیکی، کۆمەڵەی ڕەخنەی نوێ لە دەوری کەسایەتی (جی. س. رانسوم — G. Ransom)و یاریدەرەکەی (ئەلین تیت — A. Tate)و خوێندکارەکەی (روبیر وارین — R.P. waren) کۆبوونەوە))[3].

((بۆچوونی ئەندامانی ڕەخنەی تازە دژ بە پرەنسیپەکانی قوتابخانە ڕەخنەییەکانی پێش و هاوسەردەمی خۆیان بوون، کە خۆیان لە میتۆدەکانی مێژوویی و کۆمەڵایەتیو ژیاننامەی نووسەرو ڕەخنەی مارکسیدا دەبینییەوە، هەروەها دژ بە وەهمی ئامانجی پێش وەختی دانەر (المقاصد المسبقه للمؤلف) intention بوون))[4].

---

[1] چارلز بریسلین، ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، وەرگێڕانی: عبدالخالق یەعقوبی ل 83.

[2] بڕوانە: ماهر شفیق، النقد الأنجلیزی الحدیث، ص 5.

[3] الدکتور وائل برکات، مفهومات في بنیه النص، ص 42.

[4] Wellek R. the altack on literature. Unl of Gatolinapress, 1922. p. 89.

لە پرەنسیپەکانی ئەم قوتابخانەیە: ((گەڕانەوە بۆ دەق و وشە، خوێندنەوەی داخراوی دەق، هەمە واتای دەق، بەوەی یەکەیەکە لەسەر جیاوازی و دژایەتی و هاوسەنگی (الاختلاف)، (التضاد)، (التوازی) پابەندە))[4].

((زۆربەی ڕەخنەگرە تازەکان جەختیان لەسەر گرنگی تایبەتمەندییە دیاریکراوەکانی زمانی شیعری کردۆتەوە، ئەمەش لە کتێبی (بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی) (ا.رتشاردز)دا دەبینرێ، بەوەی جیاوازی لەنێوان زمانی زانستی و مەرجعی (اللغه العلميه والمرجعيه) لەگەڵ زمانی وروژاندن و تەعبیردا (لغة الانفعال والتعبير) کردووە))[5].

ڕەخنەگرە تازەکان سوودیان لە کتێبی (ڕەخنەی پراکتیکی)(ا. ریتشاردز) ساڵی (1929) وەرگرتووە، بەوەی کە دەڵێت: ((کاری ئەدەبی بونیادێکی ئۆرگانییە (عضویه)، پێویستە لەو ڕوانگەیەوە ببینرێ کە لە هاوڕێکی (سیاق) نووسەر دابڕێت))[6].

"ڕەخنەی نوێ ساڵی (1941) ناوی گونجاوی بۆ ئەم ڕەوتە ئامادە کرد، دوایی شوێنپێی خۆی لای خوێندکارانی ئەدەبی ئینگلیزی لە ئەمریکای سەرو ئینگلتەرا کردەوە، (ا. ریتشاردز) لە (1920)دا کۆمەڵێك بەرهەمی گرنگی نووسیووە، لە (پرەنسیپەکانی ڕەخنەی ئەدەبی) ساڵی (1921)، (زانست و شیعر) ساڵی (1926)، (ڕەخنەی پراکتیکی) ساڵی (1929)"[7].

پێشەنگەکانی ئەم ڕەوتە سەرەڕای هەندێ ناو کە لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێداوە ئەمانە بوون: (کلینث بروکس — C. Brooks)، (روبرت بن ورن — ropert

---

[4] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە، ل 43.

[5] ا. رتشاردز، مبادىء النقد الأدبى، ل 11.

[6] الدكتور وائل بركات، مفهومات في بنيه النص، ص 44.

[7] اير ناريما مكاريك، دانشى نامەى نظرية هاى ادبي معاصر. ترجمة: مهران مهاجر محمد نبوي، ل 429.

penwarry) (ولیم امبسون - Empson)، (ستیڤن سیندر - spender)، (دیید دیتشس - daiches)، (کارل مزات — wimsatt)، (ارموند ولسون - Wilson).

ئەو بیروباوەڕەی کە هەموویانی کۆدەکردەوە، ڕەتکردنەوەی زانستە مرۆڤایەتییەکان، کۆمەڵایەتی، مێژوویی، دەروونی، فەلسەفی و جەختکردنیان لەسەر فۆرم و شێواز (الشکل والاسلوب)بووە[1].

یەکێك لە ئامانجەکانیان گۆڕینی چەمکی ڕەوانبێژی بووە کە گوزارشتکردن بووە لە هەستێکی ڕاستگۆیی. (ت. س. ئەلیۆت) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((هونەر ناتوانێ گوزارشتکردنێکی ڕاستگۆیانە بێت لە هەست، هەرچەندە ڕاستگۆیی و وردبینی تێدا بێت، لە هەمان کاتیشدا گوزارشت لە کەسایەتی هونەرمەند ناکات))[2].

لای (کریانپ پروکس) کە تیۆری تازەی دەوڵەمەندکردووە، ڕەوانبێژی ڕەنگدانەوەی هەست نیە، بەڵکو هەوڵدان دەبێت بۆ پێکهێنانی عەقڵی خوازەیی و دواتریش لە ویژداندا، ئەمەش لە ڕێگای پارادۆکسەوە (paradox) (مفارقه)* وە لەنێوان هەڵوێستە جیاوازەکانی کاری ئەدەبیدا دەبێت، لەم ڕوانگەیەوە (بروسکی) زمانی ئەدەبی بە زمانی پارادۆکس دادەنێ، نەك زمانی گوزارشتی ڕاپۆرتی یەکسەری (التعبیر التقریر المباشر).

---

[1] بڕوانە: د. ابراهیم محمد خلیل، النقد الأدبی الحدیث من المحاکاة الی التقلید، ص 77.

[2] بڕوانە: د. محمد شبلی الکومی، المذاهب النقدیة الحدیثة، مدخل فلسفي، ل 138.

* پارادوکس (paradox) لە فارسی متناقض نما (ناسازە)/ باطلنما واتا: دوو قسەی دژبەیەکتری لە ڕوانگەیەکی وردترەوە، ڕاستییەك کە کۆکەرەوەی دوو دژبێت، لە ئایینی مەسیحیدا هاتووە، دەڵێت: ((جهان با سقوط نجات خواهد یافت)) واتە: جیهان بە ڕووخاندن ڕزگاری دەبێت.
بڕوانە: جی. ای . کادن، فرهنگ ادبیات ونقد، ل 305.

تیۆری ڕەخنەی تازە دژ بە تیۆرەکانی ڕۆمانسیزم، سوسولۆژی، ئینتیباعی بووەو ئەوەیان ڕاگەیاندووە پێویستە لەسەر ڕەخنەگر گوێڕایەڵی خودی کاری شیعری بێت و خۆی نەداتە دەست هەستەکان (مشاعر)[1].

بنەماکانی فۆرم لای ڕەخنەی نوێ لەسەر ئەم کۆڵەکانە پابەندە:

1) زمانی ئەدەبی بەسەر زمانی زانست و داموودەزگاکاندا زاڵە، چونکە سیمای خوازەو خواستن و تەمومژی* لەخۆ دەگرێت، بەپێچەوانەوە زمانی زانست سادەو ساکارە، بە ڕاستەوخۆیی زانست دەگەیەنێت.

2) زمانی ئەدەب زمانی کارلێك و ئیحایە (التفاعل والایحاء)، بەڵام زمانی زانست ڕوونی واتا بەندە، ئەمەش وایلێدەکات بۆ شیکردنەوەو ڕاڤەکردن دەست نەدات.

3) ڕەخنەگرانی تازە باوەڕیان بە فرە ئاستی و واتا هەیە، تەنها یەك واتای دیاریکراو بۆ خوێنەر دەستنیشان کراوە، هەر ئەمەش بۆتە هۆی دەرکەوتنی تیۆری پێشوازی (نظرية الاستقبال - theory of reception)**.

---

[1] بڕوانە: د. محمد شبلی الکومی، المذاهب النقدية الحديثة، مدخل فلسفي، ل 141.

* لای جان کوهن تەمومژی ڕازی شیعرییەتە.

بڕوانە: جان کوهن، اللغه العليا، ص 145.

** تیۆری پێشوازی –وەرگرتن (نظرية التلقی – theory of reception) کۆمەڵێك پرەنسیپ و بنەمای تیۆری و ئیمپریقییە (الامبريقية) لە ناوەڕاستی حەفتاکان لە ئەڵمانیا لەسەر دەستی قوتابخانەیەك بەناوی (کونستاتر) سەری هەڵدا، ئامانجیان شۆڕش بوو دژبە بونیادگەری وەسفی، لە هەمان کاتیشدا هەوڵی گەڕانەوەی ڕۆڵی سەرەکییان بۆ خوێنەر لە پرۆسەی ڕەخنەییدا دەکردەوە، بەوەی کە کاری ئەدەبی، سەرچاوەکەی دیالۆگێکی بەردەوامە لەگەڵ خوێنەردا، بەشێوەیەکی دیالێکتیکانە وا لە خوێنەر دەکات کە لەسەر ئەو واتایە بوەستێت کە بەپێی سەردەمە مێژووییەکانی خوێنەر دەگۆڕێت.

بڕوانە: سمير سعيد حجازی، قاموس مصطلحات النقد الأدبی المعاصر، ص 145.

هەروەها بڕوانە: مجلة الأقلام، د. عبدالحميد عبدالواحيد، نظرية التواصل عند رومان جاكبسون، العدد (15) سنة، 1998. ص 36 - 41.

4) ئامانج لە خوێندنەوەی ڕەخنەیی دەرهێنان و دۆزینەوەی واتا نیە، بەڵکو ئامانج هەروەك (ڕانسوم- ransom لە توێژینەوەی شیعری (وێرانە خاك- (the waste land ئیلویت)دا دەڵێت: دۆزینەوەی بونیادی هونەرییە، بەشێوەیەك کە باڵادەست بێت، بەسەر هەموو توخمەکاندا، لەبەرئەوە دەبینین ئاماژە بە بونیادو سیفەتی گۆڕان، پارادۆکس paradox هاوسەنگی (التوزای)، (التراسل الدلالی) دەدەن.

5) هاوڕێکی (سیاق) ناوەوەی دەق، مەبەستی ڕەخنەی نوێیە لەبەر ڕۆشنایی ئەمەدا توێژینەوەی ڕەمزەکان دەکەن و لێکی دەدەنەوە، دەلالەتەکان و پێوەندی ناوەوەی دەقەکە دیاری دەکەن، ئەمەش چێژێك بە خوێنەر دەدات، تا توانای باشتر بدۆزێتەوە بۆ بەرهەمهێنانی دەلالەتی دەقی ئەدەبی.

6) هەندێ لە ڕەخنەگرە تازەکان لەوانە (بروکس - Brooks) دەیەوێت جۆرە بەستنەوەیەك (ربگ) لەنێوان قەسیدە، وەك ئەوەی یەکەیەکی دەقیی تەواوە، لەگەڵ جۆرێکی تری ئەدەبی کە درامایە بکات، بە بۆچوونی برۆکس نابێت قەسیدە لە چوارچێوەی ڕووخسارو ناوەڕۆکدا دیل بکەیت، خۆی قەسیدە بونیادێکی درامییە، پابەندە بە خوازەو خواستن و سیمای پارادۆکسێ (مفارقە) هەیە، هەموو پارچەکانی پێکەوە کارلێك (تفاعل) بۆ پێکهێنانی قەسیدە دەکەن.

7) ڕەخنەگرە تازەکان جەخت لەسەر خودی شاعیر ناکەن، بەڵکو ئاماژەکەیان لە قەسیدەکەدا کەسایەتی قسەکەرە، (شخصیه المتکلم- speaker) هەروەك دەزانین (ئیلیوت) تیۆرێکی تایبەت بە سێ دەنگی شیعر هەیە، یەکەم: دەنگی شاعیر خۆی. دووەم، دەنگێکی تر کە پێی دەڵێن قسەکەر (المتکلم). سێیەم، دەنگی کۆیە، ئەمەش تەنها لە شیعری درامیدا دەبێت(1).

---

(1) بڕوانە: د. ابراهیم محمد خلیل، النقد الأدبی الحدیث من المحاکاة الی التفکیك. ص 79، 80.

هەروەها بڕوانە: د. محمود السمره، النقد الأدبی والابداع في الشعر. ص 125، 139، 140، 145.

کاتێك دەگوترێ ڕەخنەی نوێ، تەنها ڕەخنەی نوێی ئەمریکی و ئینگلیز نیە، بەڵکو ڕەخنەی نوێی فەڕەنسیش دەگرێتەوە، سەردەمەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، بەڵام زیاتر ئاستێکی ناوخۆیی، نەك دەرەکی، باڵی بەسەردا کێشابوو.

جیاوازی ئەمان لەگەڵ ڕەخنەی نوێی* ئەمریکی و ئینگلیزی لەوەدایە، کە ئاماژە بە ئاڕاستەیەکی گشتی یان میتۆدێك لە توێژینەوەو شیکردنەوە نادەن، بەڵکو گرنگی یەکەم بە کاری ئەدەبی دەدەن، بەوەی تاکە ئامانجێکی ستراتیژی و توێژینەوەی ڕەخنەییە، ڕەخنەی نوێی فەڕەنسی کەرەستەکانی لە میتۆدو تەکنیکی جۆراوجۆر وەردەگرێ، یەکێکی تر لە سیماکانیان بایەخدانی زانستییە، چونکە ئامانجی ئەمان پێکهێنانی ڕەخنەیەکی زانستیە کە هەموو دەسکەوتەکانی زانستی زمان و دەروونزانی و کۆمەڵایەتی تێدا تەوزیف کرابێت، بۆیە زۆر لە فەیلەسوفە هاوچەرخەکان بەشداربیەکی کاریگەرییان لە بواری ڕەخنە بە تیۆری و پراکتیکی هەبووە[1]. بۆچوونی جیاوازی ئەمان بۆ ڕەخنەو ئەدەب بووە هۆی دەوڵەمەندکردنی پرۆسە ڕەخنەییەکان، نەك لاوازکردنیان، چونکە بەم پێودانگە دەتوانرێ هەر دەقێکی ئەدەبی شیکردنەوەی زیاتر لەخۆ بگرێت، هەروەك ڕولان بارت** لە کتێبی ڕەخنەو ڕاستیدا (نقد والحقیقه)دا دەڵێت:

---

* لای (جوناثان کولر) ڕەخنەی نوێ لە سی و چلەکانی سەدەی بیستەمدا سەری هەڵداوە، پێوەندی بە کارەکانی ریتشاردز (A. Rrichards)، یا ویلیم امبسون (William empson) لە ئینگلتەرا هەیە، زیاتریش جەخت لەسەر بایەخدان بە(یەکە – الوحدە unity) یان یەکگرتنی کارە ئەدەبییەکان دەکات دژبە توێژینەوەی مێژوویی زانکۆکان بووە، ئەمان وا سەیری قەسیدەکانیان کردووە کە بابەتێکی ستاتیکییە، نەك دیکۆمێنتێکی مێژوویی، بە دوای سیما واتاییەکان و تەمومژییەکانی واتاگەراون، نەك دوای مەبەست کاری (القصدیات – intention)و بارودۆخی نووسینەکەی.

بڕوانە: جوناثان کولر، مدخل الی النظریة الأدبیة، ترجمة: مصطفي بیومی عبدالسلام، ل 166.

[1] بڕوانە: د. محمد شبلی الکومی، المذاهب النقدیة الحدیثة، مدخل فلسفي، ص 138، 142.

** رولان بارت (Barthes Roland) ڕەخنەگرێکی فەڕەنسییە (1915 – 1980) بایەخێکی زۆری بە ڕەخنەی ئەدەبی داوە، بە ڕووی میتۆدە کۆنەکاندا وەستاوە، بەتایبەت ئەو بابەتانەی لە بواری ئەدەبدا لە

((هەرچەند ڕەخنە شیکردنەوەو ڕاڤەی دەقێك بكات، هێشتا هەر ڕازو بۆشایی لەو دەقەدا دەمێنێتەوە، پێویستی بە زیاتر شیکردنەوەو ڕاڤەكردن و خوێندنەوەی جۆراوجۆر دەبێت. واتە پێویستی بە خۆماندوكردنی خوێنەر دەبێت، بەڵام كاری ئەدەبی ڕاپۆرت و ڕووكەش ئاسا لە یەكەم سەرنجداندا ڕاڤەكەی لەدەست دەدات))[1].

پێشەنگی ڕەخنەگرە نوێیەكانی فەرەنسا ئەمانە بوون:

(جورج بولیە)، (جان بییر ریشارد)، (فرەنسیس جانسون)، (بیرنار بنجو)، (وان بوبون)، (سیرجی دبروفسكی)، (جان بول فیبیر)، (رولان بارت). كاتێك ئەمانە میتۆدی تازەیان بەكارهێنا كە لە كلاسیكدا كەمتر ئاماژەیان پێدەكرا لەوانە: میتۆدی دەروونناسی، كۆمەڵایەتی، ئایدۆلۆژی گورو تینێكی تریان بە ڕەخنە دا[2].

لای فۆرمالیستەكان ڕەخنەی نوێی ئینگلو - ئەمریكی ئەو میتۆدانە ڕەتكرابوونەوە.

یەكەمجار بونیادگەراییە سەرەتایەكان دوای بێزاربوونێكی زۆر لە ژیانی شاعیرو ڕووداوی سەردەم، توێژینەوەكانیان بەرەو مێژووی ئەدەبی برد، دواییش گەڕانەوە بۆ دەق، ئەمەیان ناونا ڕاڤەكردنی دەق (explication destextes) ئەم گەڕانەوەیش لەژێر كاریگەری كەلەپوری فۆرمالیستی ڕووس و بونیادگەری چیكیدا بووە، هەرچەندە مێژوونووسانی ئەدەبی فەرەنسی ئەو سەردەمە نكولێ لەم كاریگەرییە دەكەن بەوەی بەرهەمی ئەوروپای ڕۆژهەڵات تا كۆتایی شەستەكان بۆ زمانی فەرەنسی وەرنەگێڕدراوە.

زانكۆكاندا دەخوێنران، كاری كردووە بۆ دانانی بنەمایەكی پتەو بۆ ڕەخنەی نوێ، كتێبەكەی نمرەی سفر لە نووسیندا (درجه الصفر في الكتابه) بەیاننامەیەكە تێیدا فەلسەفەی خۆی لە گوتاری ئەدەبی ڕەخنەییدا پێناسە دەكات توانیوێتی بنەمای میتۆدێكی بۆ ڕەخنەی دەق بونیاد بنێت، دوایی بایەخی بە زانستی سیمۆلۆژیا (السیمولوجیا) داوە، ویستویەتی یاساكانی دەلالەت بدۆزێتەوە، دژبە بیرۆكەی دانەر بووە، هەروەها ویستویەتی پێوەندییە قۆڵەكانی نێوان مرۆڤ و سیمۆلۆژیا بدۆزێتەوە.

بڕوانە: فاطمة الطبال بركه، النظرية الألسنية عند رومان جاكوبسن، ص 255.

[1] بڕوانە: رولان بارت، النقد الحقيقه، ص 55.

[2] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە، ص 143.

جیاوازییەکی تری ڕەخنەی نوێی فەڕەنسی لەگەڵ ڕەخنەی نوێی* ئینگلو-ئەمریکی لەوەدایە، کە ئەمان دەڵێن ناتوانین بێ پێشەکی، واتە گریمانەی پێشووتر (presuppositions) توێژینەوەیەکی پراکتیکی بەبێ چوارچێوەیەکی مەرجەعی بکەین[3].

* ڕەخنەگرانی نوێ زیاتر خەریکی شیکردنەوەو خوێندنەوەی وردی دەق بوون، نەك فکرو کەسایەتی و پەیوەندییان بە ڕووداوە سیاسی، کۆمەڵایەتییەکانەوە، واتاناسیش (سیمانتیك) لە ڕوانگەی ڕەخنەی نوێوە گرنگی تایبەتی خۆی هەبووە.

بڕوانە: جی. ای . کادن، فرهنگ ادبیات ونقد، ترجمة: کاظم فیروزمند، ص 267.

[3] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە، ص 248.

بەشی سێیەم

بنەماکانی ڕەخنەی بونیادگەری

پاری یەکەم: پرەنسیپەکانی بونیادگەری

پاری دووەم: بونیادگەری پێکهاتوویی

پاری سێیەم: هاونشینی و جێنشینی

پاری چوارەم: ڕەخنەگرتن لە بونیادگەری

پاری یەکەم
پرەنسیپەکانی بونیادگەری

• هێڵە گشتییەکانی شیکردنەوەی بونیادگەری:

1. بونیادگەری دژ بەو میتۆدانەیە کە ئەدەب لە ڕوانگەی فاکتەری دەرەوە ژینگەدا دەبینن، ڕەخنەی ئەوەیان لێدەگرن، کە تەنها ڕاڤەیەکی ڕوونکردنەوەیی (تەعلیلی)یە پشت ئەستورە بە سیاقی کۆمەڵایەتی بەپێچەوانەوە بونیادگەراکان جەخت لەسەر گەوهەری ناوەوەی دەق دەکەن، بەبێ گوێدان بە فاکتەری کۆمەڵایەتی و سیاسی و باری دەروونی و ئایدولوژیای نووسەر، ئەوەیش ڕادەگەیەنن، کە کاری ئەدەبی سیستم و بونێکی تایبەتی خۆی هەیە[1].

2. گەوهەری ڕەخنەی بونیادگەری شیکردنەوەیە، نەك هەڵسەنگاندن، باشی و خراپی بەرهەم ئامانجی ئەم میتودە نیە، بەڵکو ئامانجی سەرەکیان چۆنێتی دەرخستنی پێکهاتەو واتایە، ئەویش لە ڕوانگەی پێکەوە گرێدانی توخمەکانەوە دەبێت.[2]

3. فورمی ئەدەبی لای بونیادگەراکان لە دەقەوە دەست پێدەکات و هەر لەوێش کۆتایی دێت، هەرچەند زیاتر بەرەو خوێندنەوەیەکی شیکارییانەی دەق بڕۆیت، بونیادی کارە ئەدەبییەکانت زیاتر بۆ ڕوون دەبێتەوە [3].

---

(1) بڕوانە: د. شكرى عزيز الماضي، في نظرية الاد، ل 183.

(2) د. صلاح فضل، نظرية البنائية في النقد الادبى، ص 333.

[3] بڕوانە: د. فائق مصطفي، د. عبد الرضا على، في النقد الادبي الحديث، منطلقات و تطبيقات ص 183.

بونیادگەری ئەوە ڕادەگەیەنی کە لە توێژینەوەی دەقدا بونیاد کۆمەڵێك هاوڕێکی (البنية و مجموعة انساق) دەدۆزنەوە، ئەرکی خوێنەرو ڕەخنەگریش تەنها دۆزینەوەی کۆدەکانی دەقەکەیە، لەوانە: واتاو میکانیزمو

4. بونیادگەری پرەنسیپەکانی ئیلهام و داهێنانی ئەدەبی، ڕەتدەکەنەوە، چونکە باوەڕیان وایە لە کۆتاییدا دەق بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەبات[1].

5. دەق خاوەن بونیادێکی قوڵی شاراوەیە، ئامانجی شیکردنەوەی بونیادگەری دۆزینەوەی ئەو ئاستە قوڵەیە*.

6. بونیادگەراکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەدەب بابەتێکی سەربەخۆیە لە کۆمەڵ، بابەتی ئەدەب ئەدەب خۆیەتی[2].

هاوڕێکییە جیاوازەکانە، لەبەرئەوە خوینەر، پابەندی دەقەکەیە، ناتوانێ لە خۆیەوە شتی بۆ زیاد بکات، تەنها ئەوە نەبێت، کە بەدوای نهێنیەکان و واتاکانی ناو دەقدا دەگەڕێت، بونیادگەری پاڵپشت بە سیمۆلۆژیای تازە کە لە دەقەوە دەست پێدەکات بەوەی بونیادی زمانی و ئاماژەیی (الالسنية و الاشارية) ناو دەقەکە دەدۆزیتەوە، هەر لێرەشەوە بەرەو ئاماژەکراوو ئاماژەپێکراو (الدال و المدلول) دەڕوات.

بڕوانە: فاضل ثامر، صوت الاخر، ص 229.

ئا لەم ڕوانگەیەوە لە ڕەخنەی نویی شیعری کوردیدا (د. زاهیر لەتیف) بەپێی میتۆدی نوێکاری لەسەر کۆد کردووە، بەتایبەتیش لە توێژینەوەیەکدا بە ناوی(کۆدەکانی شیعری شێخ مەحمودی زیندووی دیلان)دا بەوەی لە ڕوانگەی پێنج کۆدەوە، کۆدی، تأویلی، هێمایی، خەملاندن، شارستایی، سیمانتکییەوە سەیری بونیادی دەقەکەی کردووە. ئەم کارەیش لەو ڕوانگەی بونیادگەریەوەیە کە دەڵێت بونیادگەری لە کەسایەتی و= = رووداو، دیمەن (المشاهد) توخمی پێکهاتوو بە کردەی هێزێکی ئامادە نەبوو، یان کۆد دەبینێ لەژێر کاریگەری ئەم گوتەدا (بارت) دەقی کردووە بە یەکەیەکی خوێندنەوە Lexias هەریەك لەو یەکانەیە یەکەی کۆدیان Codes دەناسێ و دابەشی کردوون بەسەر پێنج کۆددا.

بڕوانە: س. رافیندران، البنیوية و التفکیل، تطورات النقد الادبي، ص 124.

بڕوانە: د. زاهیر لەتیف، کۆدەکانی شیعری شێخ مەحمودی زیندووی دیلان ڕۆژنامەی هاولاتی ژ: 2006،295 / ل12.

[1] محمد علی الکردي، النقد البنیوي بین الایدولوجیا و النظریة، مجلة فصول عدد 1 سنة (1983)، ص 146.

* لە دەقدا ئاستی ئامادەبوون و ئاستی شاراوە هەیە، زۆر لە میتۆدە نوییەکان بەتایبەتیش بونیادگەری، هەوڵدەدەن ئەو ئاستە قوڵانە بدۆزنەوە، هەروەك ڕەخنەگری فەرەنسی (سیرجی دوبرفسکی) دەڵێت: "سەرەڕای ئامادەبوونی وشەو ڕستە، هێشتا ئەدەب زیاتر بریتیە لە ژمارەیەك یەکەی ئامادەنەبوو، ئەوی کە لە دەقدا دەگوترێ، زۆر کەمترە لەوەی، کە نەگوتراوە،

بڕوانە: Hawthorn، London، 1987 Unlocking the Text – fundamental hssueslin literary theory Jeremy P26-27.

[2] جان ماری أوزباس، البنیوية، ترجمة: میخائیل مخول. ص 352.

7. بونیادگەری باوەڕی بە لایەنی کۆمەڵایەتی و خودیی ئەدەب نیە، زیاتر جەخت لەسەر پێکهاتەیەکی زمانەوانی سەربەخۆ دەکەنەوە، بەوەی کە سیستمێکە لە هێماو دەلالەت لە دەقدا بەرجەستە دەبێت و پەیوەندی بە دەرەوەی دەقەوە نیە.

8. بونیادگەری کار لەسەر لایەنی مێژوویی (دیاکرونی) ناکەن، زیاتر جەخت لەسەر لایەنی (سانکرونی) ساتەوەختی دەکەنەوە[1].

9. بونیادگەراکان باوەڕیان وایە کە خوێنەر نووسەری ڕاستەقینەی دەقە، هەرچەند خوێنەر خاوەن باگراوندی ڕۆشنبیری بەرفراوان بێت، خاوەن خوێندنەوەی چاك دەبێت هەر لەم ڕوانگەیەوە خوێندنەوەی جۆراوجۆری دەق هەیە[2].

10.بۆ دەرخستنی بونیادی دەق، پەنا بۆ لێکچوون (التشابه) هاوسەنگی (التوازي) هاودژی (التضاد) هاوسێتی (التجاور) هاوبەرامبەر (التقابل) پێچەوانەیی (التعارض) دەبەن[3].

---

(1) د. شكرى عزيز ماضى، من اشكاليات النقد العربى الحديث الجديد، ص 17 –18.

هەروەها بڕوانە: د. صلاح فضل، مناهج النقد المعاصر. ص 85 -95.

(2) بڕوان: د. شكري عزيز الماضي في نظرية الادب، ل 184، 185، 187، هەروەها بڕوانە: د. صلاح فضل، مناهج النقد المعاصر، ل 86 ،90 هەروەها بڕوانە: د. عمر محمد الطالب، المذاهب النقدية دراسة و تطبيق ل 204، 208.

(3) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل 187 ڕەگ و ڕیشەی چەمکی هاوسەنگی (التوازی) parallelism دەگەڕێتەوە بۆ کێڵگەی زانستی ئەندازیاری، فیزیایی، کیمیای، ڕەخنەی تازە لەوێوە وەریگرتووە، وەك تەکنیکێکی تازە لە دەقدا تەوزیف کراوە.

بڕوانە: عبدالخالق سلمان، الشعر المنثور عندامين الريحاني، ص 33. هەروەها بۆ زیاتر شارەزابوون لە بنەماکانی هاوسەنگی بڕوانە: د. محمد فتاح التشابه والاختلاف نحو منهاجية شمولية ص 97 –124.

توێژەری پۆڵەندی (اوسترلینز–Austerlitz) چەمکی هاوسەنگی بەم شێوەیە ڕوون دەکاتەوە: ((دەتوانین هەر دوو شەتر لە بەیتیکدا بە هاوسەنگیان دابنێین ئەگەر هاوڕێك بوون لەگەڵ یەکتردا، جگە لەو پارچەیەی هەردووکیان کە هەمان پێگەی داگیر کردبێ)) اوسترلینز، فن الشعر، ص 4179.

هاوسەنگی یەکێك بووە لە پایە گرنگەکانی شیکردنەوەی شیعر لای فۆرمالیستەکان بەتایبەت (یاکۆبسن) کاتێك کە لە ئەلقەی مۆسکۆ بووە (یاکۆبسن) دەڵێت: "شاعیر (مانای هوبکسی 1844-1889) یەکەم کەس بووە، ئاماژەی بەم چەمکە کردووە، کاتێك گوتوویەتی بونیادی شیعر ، بونیادێکی هاوسەنگییە، ڕەگ و ریشەی بۆ سروده ئاینییە پیروزەکان دەگەڕێتەوە.

هەروەها دەڵێت: "کێش هاوسەنگی دەدات بە شیعر بەوەی یەکەی ئاوازی دووبارەبوونەوەی بەیت وا دەکات کە یەکە دەلالی و فەرهەنگیەکان بەشێوەیەکی هاوسەنگ دابەش بێت [1]."

بونیادگەراکان ئاستەکانی دەق بەم شێوەیە ڕیزبەند دەکەن:

1. ئاستی دەنگسازی: توێژینەوە لە پیتەکان و ڕەمزەپێکهاتە مۆسیقیەکانی دەکات کە خۆی لە هێزو ئاوازو ڕیتمدا دەبینێتەوە.

2. ئاستی مۆرفۆلۆژی: توێژینەوەیە، لە یەکە مۆرفۆلۆژییەکان و ئەرکیان لە پێکهێنانی زمان و ئەدەبی تایبەتدا.

---

(1) Http : 11thaqufa. Sakht.com

محمد فتوح لەم دێڕە شیعرەدا بەم شێوەیە تیشك دەخاتە سەر هاوسەنگی عوجی:

عوجي ايتها الشمس عوجي على اعلى الغابة واقبل . واقبل ايها الاخ صوب اختك في زياره

لێرەدا لێکچوون لەنیوان کردەی (الشمس)و (الاخ)و (عوجي... عوجي)و (اقبل.. اقبل)دا هەیە، وێنەی خور هاوسەنگی چەمکی (الاخ)ە .

بەپێی ئەوەی لایەنی دیاریکراو یەکەمە بۆیە چەمکی (الاخ)ی لەسەر پێوانە دەکرێ.

بڕوانە: محمد فتوح، تحليل النص الشعرى، ص 17.

هاوبەرامبەر (المقابلة) واتای: (هێنانی دوو واتای گونجاو، یان زیاتر کە لە واتادا بەرانبەرین).

بڕوانە: التفتازاني، شرح المختصر، ص 138-139.

بەم نموونە ڕوونی دەکەینەوە: ئەوان بەدرێژایی ساڵ پێدەکەنن، تۆیش بەدرێژایی ساڵ یەك جار پێدەکەنی.

3.ئاستی فەرهەنگی: توێژینەوەیە لە وشە، بۆئەوەی تایبەتمەندییە هەستیەکان و تەجریدیەکانی ئاستی شێوازگەری دیاری بکرێت.

4.ئاستی سینتاکسی: توێژینەوەیە لە پێکهاتەی ڕستەو شێوەی دروستبوونی و تایبەتمەندییە دەلالی و ستاتیکیەکانی.

5.ئاستی گوتن (مستوى القول): توێژینەوەیە لە ئاست پێکهاتەی ڕستە سیمانتیکی: شیکردنەوەی واتا ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆکانی ئەو وێنانەیە کە پەیوەندییان بە زانستی دەروونناسی و سۆسۆلۆژیاوە هەیەو کارتیکردنیان لەسەر ئەدەب و شعر دیارە.

6.ئاستی ڕەمزی کە تێیدا ئاستەکانی پێشوتر ڕۆڵی ئاماژەپێکەری تازە کە ئاماژەپێکراوێکی تازە بەرهەم دێنێ، دەبینن ئەمەش بەرەو واتای دووەمان دەبات، کە پێی دەگوترێ زمان لەناو زماندا [1].

7.ئاستی سیمانتیکی: شیکردنەوەی واتا ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆکانی ئەو وێنانەیە کە پەیوەندییان بە سیستمێکی دەرەکییەوە لە سنوری زماندا هەیەو پەیوەندیان بە زانستی دەروونناسی و سۆسۆلۆژیاوە هەیەو کارتێکردنیان لەسەر ئەدەب و شعر دیارە.

لە شیکردنەوەی دەقدا بونیادگەرەکان جەخت لەسەر شیکردنەوەیەکی گشتگیری دەکەن، بە واتای ئەوەی تەنها یەك بەشێك لە بەرهەمە ئەدەبیەکە وەرناگرن، بۆ نموونە، واتاو وێنە، یان شێوازو خوازە بەجیا وەرگرن و توێژینەوەی لەسەر بکەن، ئەمان دەڵێن دەقی ئەدەبی پێکهاتووە لە کۆمەڵێك توخم، هەریەك لەو توخمانە سروشتی پێشوو خۆی وەلاناوەو بۆتە بەشێکی تازە، نرخە ئەدەبیەکەی لەو دەقەدا دەبێت، کاری ڕەخنەگری بونیادگەریش

---

[1] بڕوانە: د. صلاح فضل، نظرية البنائية في النقد الأدبي، ص 321-322 توفيق الزيدي، اثر اللسانيات في النقد العربي الحديث ل 60-73.

د. صلاح فضل، مناهج النقد المعاصر، ل 89.

محمد عزام، النقد و الدلالة، نحو تحليل سيمائي للأدب ص 131-132.

توێژینەوەیە لەو توخمانە بەوەی لەنیوانیاندا چ جۆرە دژو جیاوازی هەیە، تا تێکەڵی چوارچێوەی دەقەکەیان بکەن، توخمە نارێك و دژ بەیەکەکان پێویستیان بە تەورێك هەیە، تارێکیان بخات، ئەم تەوەرەیش ئامانجی ڕەخنەگری بونیادگەرییە، بۆ ئەمەش ڕەخنەگر پێویستی بە توانای زانستی دەروونی یان میژوونوس نییە ، بەڵکو شیکردنەوەکەی لە خودی دەقەکەوە سەرچاوە دەگرێت، لێرەوەیە ڕەخنەگری بونیادگەری وردبینی توخمەکان و شێوەی بەجێهێنانی ئەرکەکانیان و پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا دەخاتە بەرچاو بێئەوەی سنوری دەقەکە ببەزێنێ و بچێتە کێڵگەیەکی ترەوە [2].

بونیادگەرییەکان باوەڕیان بە جیاوازی نیوان ڕووخسارو ناوەڕۆك نیە، بەلایانەوە هەردووکیان یەك سروشتیان هەیەو پێویستە لە شیکردنەوەی دەقدا بایەخ بە هەردووکیان بدرێت، ناوەڕۆك ناوەڕۆکەکەی لە بونیادەکەوە وەردەگرێت ئەوەی پێی دەگوترێ ڕووخسار لە ڕاستیدا جگە لە بونیادێك، یان چەند بونیادی بابەتی تر کە ئیحا بە ناوەڕۆکەکە دەدات هیچی تر نیە بونیادگەری بوار بە ڕەخنەگر دەدات پرۆسەی پچڕاندن و لێکدان (الاقتطاع و التركيب)، ئەنجام بدات، واتە لەسەر بەشێکی دەقەکە دەوەستێ، بۆئەوەی ئەرك و پەیوەندی بە بەشەکانی ترو کارتێکردنیان لە گشت و کەوتنە ژێر کاریگەری گشت دیاری بکات، دوای ئەمانە سەرلەنوێ دەقەکە پێکەوە دەبەسترێتەوە لە چوارچێوەی شیکردنەوەیەکی گشتیدا[2].

ڕێڕەوی گشتیی بونیادگەری دژ بەو بۆچوونەیە کە لەسەر پارچەبوون و دابڕان دامەزراوە، یان بە بۆچوونێکی تر دژ بە بیرکردنەوەی گەردیلەییە (التفكير الذري) کە لە فەلسەفەی گەردیلەییەوە - atomism وە سەرچاوەی گرتووە، کە دەڵێت: جیهان بریتیە لە گەردیلەی

---

(2) بڕوانە د. ابراهيم محمود خليل، النقد الادبي الحديث من المحاكاة الى التفكيك، ص 97.

(2) هەر ئەو سەرچاوەیە، ل97، 98.

جیاواز، بەڵام ئاڕاستەی گشتی بونیادگەری تێڕوانینێکی هەمە لایەنەیە، کە لە سیستمی گشتی دیاردەو کۆمەڵ بەبێ لەیەك دابڕان دەکۆڵێتەوە [2].

((بونیادگەریی شیکردنەوەیەکی گشتی عەقڵە، بانگەشەکارەکان دەڵێن هاوشێوەو هاوبەرانبەریی هاوسەنگییەکان بەتایبەتیش پێچەوانی دوالیزمی (تعارضات ثنائیة) لە تاك و کۆمەڵدا دەدۆزنەوە)) [3].(عبدالسلام المسدی) بەپێی لایەنی ئەبستمۆلۆژی لە حەوت دیدگاوە دەڕوانێتە بونیادگەری، ئەوانیش ئەمانەن:-

1- لایەنی فەلسەفی.
2- لایەنی زانستی.
3- لایەنی ئایدۆلۆژی.
4- لایەنی ڕەخنەیی.
5- لایەنی پەروەردەیی.
6- لایەنی پێکهێنانی.
7- لایەنی میتۆدیی.

لە لایەنی فەلسەفیدا زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە دەڵێت بونیادگەری ڕەوشتێکی تازەی لە ڕاڤەکردنی هۆکاری هێنایەکایەوە، ئەویش ڕاڤەکردنی ئێستایە بە ئێستا، بەڵام پێشتر ڕاڤەکردنی دیالێکتیکی ئاستی ئێستا بە مێژوو بووە [4].

لە لایەنی زانستیدا دەڵێت پێشتر لە ئاست فێربوونی زماندا بووە لە قۆناغی منالییەوە، واتە شێوەیەکی ڕەوشتی بووە، بەڵام ئێستا بەپێی ئەم ڕەهەندە زیاتر جەختکردنە

---

[2] بڕوانە: د. محمد شبل الكومي، المذاهب النقدية الحديثة، مدخل فلسفي ص 246.

[3] عبدالسلام المسدی، قضية البنوية، دراسة و نماذج، ص 180 .

[4] عبدالسلام المسدی، قضية البنوية، دراسه و نماذج، ص 180.

لەسەر پێکهاتەی دەنگسازی مۆرفۆلۆژی، سیمانتیکی وەرچەرخان بەرەو پرەنسیپەکانی ناوەوەیە[1].

لە ئاستی ئایدۆلۆژیدا زیاتر جەختکردنە لەسەر خولگەی ساتەوەختی، کە پێشتر زیاتر خولگەی دیاکرۆنی مەبەست بووە، هەروەها زیاتر پڕۆسەی زانین مەبەستیان بووە، نەك خۆخستنە ناو کێشەی مەتریالیزمی دیالێکتێك، سەردەم بەرەو گۆڕانکاری ڕۆیشت و نوێگەری هاتەکایەوە، لە ڕوانگەی زۆر لە ڕۆشنبیرانەوە بونیادگەری جۆرێکە لە نوێگەری و دابڕانە لە کۆن [2].

لە لایەنی ڕەخنەییدا بونیادگەری هەنگاوی گەورەی ناوە، بەوەی پەیوەندی بونیادگەراکان و ئەدەب بوونە هەوێنی ڕێچکەی نوێگەرییەکان، چونکە بونیادگەری چەمکی ڕاستەوخۆی لە زمانەوە وەرگرت، زمان لە ئەرکی گەیاندنەوە بەرەو ئەرکی هونەری ڕۆیشت و شێوازگەری هاتەکایەوە، باس لە سەربەخۆیی دەق دەکرا، تا چەمکی مردنی نووسەر هاتە کایەوە، بە واتایەکی تر دەسەلاتی دەق، خاوەن دەقی لاواز کرد[3].

لە لایەنی پەروەردەییدا کاری گرنگی کردووە، لەوانە هاندانی زمانی نەتەوەیی و زارەکانی لەگەڵ فێربوونی زمانی بێگانە، زیاتریش جەخت لەسەر واتای گشتی، نەك بەشکردن کرا، بۆ نموونە، پێشتر ڕیزبەندی پیت، وشە، ڕستە زاڵ بووە، بەڵام لای ئەمانە زیاتر — جەخت لە ڕیزبەندی، ڕستە، وشە، پیت کرایەوە، چونکە ڕستە شانەیەکی دەلالییە، هەروەها هاوڕێکی (سیاق) ڕۆڵی گەورەی پێدرا، خوێنەر فێری ڕاڤەی دەقە کرا، نەك لاساییکردنەوە [4].

((بونیادگەری وا دەڕوانێتە جیهان، کە کۆمەڵێك دوالیزمی تێکچڕژاوو هاوبەرانبەر بێت بەسەر تۆڕی پەیوەندییەکانی زمانەوانیدا ڕەنگی داوەتەوەو بەرەو دوالیزمێکی ڕوون و ئاشکرا ڕۆیشتووە))[5].

---

[1] عبدالسلام المسدی، قضية البنوية، دراسه و نماذج، ص 180 .

[2] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل 51 .

[3] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل60، 63، 64 .

[4] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل 86 ، 87.

[5] محمد بن عبدالمطلب، بناء الاسلوب في شعر الحديث، ص 149.

((بونیادگەرییەکان پەرەیان بە بۆچوونەکانیان لەمەڕ دوالیزم داو ویستیان هەموو وشەکان لە ئاماژەپێکراوەکان (مەدلول) بەتاڵ بکەنەوە، سەرلەنوێ بە ئاماژەپێکراوێکی دژ پڕیان بکەنەوە مرۆڤ و بەرد بوونە دوالیزم بۆ ژیان و مردن)) [1].

زۆر لە نووسەران و ڕەخنەگرانی عەرەب پەیڕەوەییان لەم ئاڕاستەیە بۆ شیکردنەوەی دەقەکانیان کرد، لەوانە:

(کمال ابو دیب)[2]، ئەم شێوازەی لە دەقدا تەوزیف کردووە، ئەمەش لە کتێبەکانی (جدلیه الخفاو و التجلی)و (الرؤیة المقنعة)دا دەبینرێ. هەروەها (د. عبدالله محمد الغذامي)یش کاری لەسەر ئەم دوالیزمە کردووە [3].

هزری بونیادگەری لەسەر بنەمای کۆمەڵێك چەمك و دوالیزم دامەزراوە، هەرچەند بیرۆکەی بونیاد قورسایی ئەم چالاکیە ڕەخنەییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بونیاد بەپێی ئەم دوالیزمانە کار دەکات:

1. زمان/ گۆتار.
2. سینکرونی/ دیاکرونی التزامن/ التعاقب.
3. بەستنەوە گۆڕینەوە الترکیب/ الاستبدال*

---

[1] رینیه ویلیك، مفاهیم نقدیة، ص 475 .

[2] بڕوانە کمال ابو دیب، جدلیة الخفاء و التجلی ص 75-76.

[3] بڕوانە: د. عبدالله محمد الغزامي، الخطیئة و التکفیر من البینویة الی التشریحیة ص 150.

* سعید عبدالهادی: زۆرجار زاراوەی سانکرونی بە (استبدال)و دایکردنی بە (تعاقب وەرگێڕدراوە، بەڵام ئەو وەرگێڕانەی کە ئێستا باوە (الانی)، یاخود (التزامي) بۆ یەکەم (التعاقب) بۆ دووەم پەسەندە، هەروەها ڕەخنە لە کتێبەکەی (عبدالعزیز حمودة) کە بە ناونیشانی (المرایا المحدبة)یە دەگری بەوەی کە زاراوەی سانکرۆنی بە (استبدال)و دایاکرۆنی (بتعاقب) بەکارهێناوە.

بڕوانە: سعید عبدالهادي، تحلیل النص الشعري في النقد البنیوی العربی، رسالة ماجستیر، ص 119 .

خاڵی یەکەم و دووەم لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان پێکردووە، بەڵام بۆ ڕوونکردنەوەی خاڵی سێیەم ئاماژە بەم نموونەیە دەکەین:

کچە جوانەکە حەز لە تەنورەی سور دەکات

لەم هاوڕێکیەدا (نسق) پێوەندیی بەستنەوەکان (العلاقات التركيبيه) بەپێی ئاستی ڕێزمانی دیاری دەکرێت، بەم شێوەیە بکەر، ئاوەڵناو، تەواوکەر، فرمان لە هەمان کاتیشدا، هاوتەباییەکی دەلالی لەنێوان وشەکاندا هەیە بۆ نموونە ناتوانین بڵێین: کچە جوانەکە تەنورەی سور دەخوات، بەڵام دەتوانین جێگای هەر وشەیەك بگۆڕین بە وشەیەکی تر[1].

((دوالیزمی هاودژ (ثنائية التضاد) توخمێکی کاریگەری پێکهێنانی توخمی شیعرییە، بەرهەمهێنانی دەلالەتە دەق بەرەو ئاستێکی بەرزی زمانی ئەدەبی دەبات، هەرچەند دەق بەرەو تەمومژی دەبات، بەڵام لە هامان کاتیشدا وا لە دەق دەکات بەرەو خوێندنەوەی جۆراوجۆری بەرێت)) [2].

دوالیزم ڕەنگدانەوەیەکی بەرفراوانی لە میتۆدی بونیادگەریدا هەیە، بونیادگەریش لە زمانەوانییەوە سەری هەڵداوە، جەختیش لەسەر ئەوە دەکات، کە زمان سیستمێکە لە نیشانە، ئەمەش زۆرجار بە دژەکان لە یەکتر جیا دەکرێنەوە، بۆ نموونە، وشەی (ڕەش) واتای خۆی هەیە، بەڵام بە دوالیزمی ڕەش و سپی زیاتر واتاکە ڕوون دەبێتەوە، ئا بەم شێوەیە (دی سۆسێر) وا سەیری زمان دەکات، کە سیستمێکە لە جیاوازی، هەر لێرەشەوە وێنای تیۆری بونیادگەری سەرچاوەی گرتووە [3] *.

---

[1] بڕوانە: د. عبدي حاجي، حول المنهج البنيوي، مجلة گەلاویژی نوی (الملحق العربي) العدد 10-11 سنة 2005، ص 26-27.

[2] د. عاصم محمد امين، لغة التضاد في شعر امل د نقل، ص 23.

[3] بڕوانە: عبدالله الغزامی، الخطيئة التكفير، ص 30.

* زاراوەی (پێچەوانەی ڕووکەش – التناقض الظاهر) پەیوەندارە بە چەمکی هاودژ (التضاد)، واتای ئەم زاراوە لەوەدا دەردەکەوێت کە سەیری ڕستەیەك دەکەیت وادەزانی بەلاتەوە پەسەند نیە، بەڵام ئەگەر زۆر

((زمانی شیعری زمانێکی تایبەتی شاعیرە، سیمای تایبەتی خۆی هەیە، کە جیای دەکاتەوە لە زمانی زانست و مامەڵەکردن و قسەی ڕۆژانە، لە ڕێگای ئەم زمانە تایبەتەوە، شاعیر ئەزموونەکەی خۆی پێشکەش دەکات)) [1].

ئەمەش دەمانباتەوە بۆ وتەیەکی (ت. س. ئەلیۆت) T.S.ELIot کە دەڵێت: ((شاعیر کەسایەتیەکی نیە گوزارشی لێبکات، بەڵکو کەرەستەیەکی تایبەتی هەیە، کە ئەویش زمانە)) [2].

((دابەشکردنی هاودژ لە کاری ئەدەبیدا ڕیتم و ئاوازێك بە قەسیدەکە دەدات بە شێوەیەك کە ئاستە هونەرییەکە بەرز دەکاتەوە)) [3].

ژیان و مردن هەردوو دژ بەیەکن لای شاعیرێك وەك (امل دنقل) پێچەوانە دەبنەوە، ڕەنگی ڕەش، ژیانە، دوچاری نەهامەتی و ناخۆشی بووە، بۆیە مردن ڕەنگی سپییە، ڕزگاربوونە، ئاسودەیەکی خودە [4].

لە سەرەتایی سەدەی بیستەمەوە دوای وانەکانی دی سۆسێر لەمەڕ زمانەوانی سیمۆلۆژیاو زمانەوانی زۆر لەیەك نزیکبوونەوە، بەجۆرێك جیاکردنەوەیان دژوار بووە. سیمۆلۆژیا لەسەر سێ بنەما دامەزراوە:

بە وردییەوە سەیری بکەیتەوە، ئینجا پەسند دەبێت، یان لە ڕواڵەتدا دەستەواژەیەك دەبینین پەسند نیە، بەڵام بە تێڕوانینێکی ورد دەبینین بنەمایەکی ڕاستی هەیە، بۆ نموونە بە شۆفێرێکی بەپەلە دەڵێت، ماوەی دەدات بۆ ئەسڵێکی پێشوەخت (تمهل لاصل مبكر) بە ڕواڵەت دەستەواژەکە پێچەوانەیە (متناقضة)، بەڵام بە وردبینی پێچەوانەی ئەوەیە قوتابخانەی ڕەخنەی تازە لە ئەمەریکا کە سەرچاوەیەکی بونیادگەری بووە بەتایبەت ڕەخنەگرێکیان بە ناوی (کلینپ بروکس) ئەم جۆرە تەکنیکەی زۆر بەکارهێناوە.

بڕوانە: مجدي وهبة، كامل المهندس، معجم المصطلحات العربية في اللغة و الادب، ل 15.

[1] **محمود السمرة، النقد الادبي و الابداع في الشعر. ص140-141.**

[2] **ديڤيد ديتشس، مناهج النقد الادبي، ص 221.**

[3] **عبدالواحد حسن الشيخ، البديع و التوازى، ص 50.**

[4] **بڕوانە: امل دنقل، الاعمال الكامله، ص 411.**

1. نیشانە (العلامة - Index) پەیوەندی ئاماژەکراو ئاماژەپێکراو*، هۆکاریە (سببية- Causal) دوکەڵ نیشانەی ئاگرە، لێدانی دەرگا نیشانەی ئامادەبوونی یەکێکە.

2. وەك (المثل — Icon) پێوەندی نێوانیان لەسەر لێکچوونە وێنە لێکچووی وێنەکراوە (شبة المرسوم) پەیکەر لێکچووی هەڵکەندراوە (شبة المنحوت).

3. ئاماژە (ئیشارة - Sign)، یاخود ڕەمز لە زمانی بێرس** و سۆسێردایەو پەیوەندی نیوانیان هەرەمەکییە(اعتباطية)***، ئەوەی بەلامانەوە گرنگە ئاماژەیەکە لە ئاماژەپێکەر کە وێنەی دەنگییە لەگەڵ ئاماژەپێکراو کە وێنەی زەینی پێکهاتووە [1].

---

* محمد عزام: دەڵێت هەموو ئاماژەیەك (اشارە) دوو لایەنی هەیە، ئاماژەپێکەر، هەستی پێدەکەن ئاماژەپێکراو واتاکەیەتی. لە زمانی ڕۆژانەدا قسەکردن، یاخود نووسین ئاماژەپێکەرە ناوەڕۆکەکەی ئاماژەپێکراوە، ئەم ئاماژانەش لە زماندا بەشێوەیەکی ڕێکەوتن دەبێت جگە لە هەندی وشە نەبێت کە لە لاساییکردنەوەی سروشتەوە سەرچاوە دەگرێت، کەواتە ناتوانین هەزر لە دەنگ جیا بکەینەوەو بەپێچەوانەشەوە تەنها لە یەك دۆخدا نەبی، ئەویش بۆ توێژینەوەیە بڕوانە: محمد عزام / النقد و الدلالە، نحو تحليل سيميائي للادب. ص 78.

لای (تودوروف) ئاماژەپێکەر– significant وێنەی دەنگە، ئاماژەپێکراو signifie واتە پڕۆسەی پێکەوە گونجانی ئاماژەپێکەرو خستنەژێر ڕکێفی ئاماژەپێکراوەو پێی دەگوترێت سیمانتیکا (دلالە – signification)=

= بڕوانە: توردوف، نقد مفهوم علم الادب عند رولان بارت، مجلە النوافژ، عدد (11) 2000، ص 88.

** بیرس فەیلەسوفێکی ئەمریکییە. پێش دی سۆسێر کەوتووە. سیمۆلۆژیای بەسەر سێ کێڵگەدا دابەش کردووە نیشانە (العلامە)، ئاماژە (اشارە) ڕەمز. لەنیوان (1839–1914) ژیاوە.

بڕوانە: عبدالله الغذامي، الخطيئة و التكفير، ل 45.

*** د. محمد مەحوی: دوو زاراوەی بەکارهێناوە (دەستووربەدەر)، ئەوە دەبەخشێت کە پێوەندیەکی یاسابەند لەنێوان ڕەمزە دەنگییەکانی= شێوەی وشەکانی ناو فەرهەنگ و ئەو شتانەی لە دەرەوەی فەرهەنگ واتە لە جیهاندا هەن نیە وشەی (پەنجەرە)، یان (بەرد) بەپێی دەستورێك نەهاتۆتە کایەوە، بەڵگەش بۆ ئەمە زمانەکان هەریەك تایبەتمەندیی خۆیان هەیەو لە یەك جیاوازن، هەروەها دەڵێت: (دەستووربەند) ئەوە دەبەخشێ کە وشە بەبێ دەستور پەیدابووە ڕەمزی، یان وشەی (تەق تەق) لە دەنگەکانی تەقەقەوە هاتووە، ڕەمزی (خشەخش)و (بۆڵەبۆڵ)یش لە دەنگی خشەخش و بۆڵەبۆڵەوە

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە بۆچوونەکانی (ابي حامد الغزالي) لەمەڕ ئاماژەپێکەرو ئاماژە پێکراو بکەین، کە خۆی لە چوار تەوەردا دەبینێتەوە، ئەمانە:

1. بوونی مادي الوجود العيني
2. بوونی زەینی الوجود الذهني
3. بوونی بێژەیی الوجود اللفظي
4. بوونی نووسین الوجود الكتابي

شت بوونی عەینی هەیە، وەك درەختێك لە زەویدا ڕووابێت، دوایی لە مێشکی مرۆڤدا بوونی زەینی بۆ دروست دەبێت، دوایی دەگۆڕێت بە بوونی وشەیی، وەك دار (د، ا، ر) لە کۆتایشدا بەرەو بوونی نووسینی دەڕوات [2].

((شێوازگەری (الاسلوبية) ((میتۆدێکە بۆ شیکردنەوەی ڕووخساری دەق بە سوود وەرگرتن لە دەرهاویشتەکانی زانستی زمان، بونیادگەریش ڕێگەیەکە بۆ شیکردنەوەی ڕووخسارو ناوەڕۆکی دەق بە سوود وەرگرتن لە دەرهاوێشتەکانی زانستی زمان[3].

کەواتە هەردووکیان ئامانجیان شیکردنەوەی دەقی ئەدەبییە، دی سۆسێر دەڵێت: ((پەیوەندی نیوان زمان و نیشانە بابەتی سیمۆلوژییە بە نیشانەکانی ئەو زمانە کە گوزارشتی لە هزر پێدەکەین، بەدەنگ، وشە، پێکهێنان (ترکیب) زمانیش بە هەموو سیستمە

هاتوون. بەم وشانە دەگوترێ (وشەی وێنەگیراو بە دەنگ onomatopoetic). بەگشتی وشەکانی زمانەکان دەستووربەدەرن، ژمارەیەکی کەمیان دەستووربەندن لە زمانی کوردیدا بە بەراورد لەگەڵ زمانەکانی تردا وشەی دەستووربەند تاڕادەیەك زۆرە.

بڕوانە: د. محەمەد مەحوی، زمان و زانستی زمان سەرەتایەك بۆ زانستی زمان. ل 9.

[1] بڕوانە: د. عبدالله محمد الغذامی. الخطيئة والتكفير من البنيوية الى التشريحية.

[2] بڕوانە: ابو حامد الغزالي، معيار العلم، ص 75.

[3] د. سمير شريف استيتية، منازل الرؤية منهج متكامل في قراة النص، ص 11.

دەنگییەکان، فۆنۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سیمانتیکی، پێکهێنان دەکەوێتە بازنەی ئـەم سیستمە نیشانەیەوە)) [2].

(ڕۆلان بارت)یش دەڵێت: ((سیمۆلۆژیا بەشێکە لە زمان، چونکە زمان لە ڕوانگەی ئەوەوە نیشانەیە، ئەمە واتای ئەوەیە، هەر شتێ گوزارشی پێ لە واتا بکەین لە مێشکماندا لە ڕاستیدا زمانە، وشەی زمان تەنها خۆی لە زمانی فۆنیم و دەنگ و پێکهاتەکانـدا نابینێتەوە، بەڵکو بزاوتنی دەست، زمانە، بادانی سەروشان زمانە، هەر بزاوتنێك گوزارشت لە واتا بکات زمانە)) [3] *.

بونیادگەری میتۆدێکی ڕێکوپێکە بۆ توێژینەوەی سیستمە نیشانییەکان، کولتورە جیاوازەکان، سیمۆلۆژیاو و بونیادگەری زۆرجار لە یەکتر نزیك دەبنەوە جیاوازی لەنێوانیاندا ناکرێت، هەرلەم ڕوانگەیەوە (جوناثان کولر) تەنها لە ئاستی جوگرافییـەوە جیـاوازی لەنێوانیاندا کردووە، بەوەی بونیادگەری بەکاری هەندێ لە بیرمەندان (مفکرین)ی فەرەنسای ئەژمار کردووە، بەڵام خودی فەرەنسییەکان هەردووکیان تێکەڵ بەیەك کێلگە کردووە، بەڵگەش بۆ ئەمە نووسینی کتێبێکی (تیرس هوکس)ە، بەناوی بونیادگەری و سیمۆلۆژیا، کەواتە دەگوترێ بونیادگەری میتۆدێکە لە کێڵگەی ، زمانەوانی ، ئەنثـرۆپۆلـۆژی ، سیمیۆلۆژی سوو بۆ شیکردنەوە وەردەگرێت[4].

---

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل63.

[3] رضا الويسي، التعليم الهيكلي للغة العربية، ص35.

* دی سۆسێر وشە بە بونیاد دەزانێت و ناویشی لێناوە نیشانە (علامە)، ئەم نیشانەیەش لە وێنەیەکی بینراو کە ئاماژەپێکەرە – دال Signifiant و لە چەمکەمەوە کە ئاماژەپێکراوە – مدلول Signfe پێکهاتووە نیشانەوەو ئاماژە نە ئاماژەپێکەرەو نە ئاماژەپێکراو، بەڵکو بونیادەکەیەتی، واتە ئەو پەیوەندییەی لەنێوانیاندا دروست دەبێت.

بڕوانە: يمني العيد، في معرفة النص، ص 29.

[4] بڕوانە: د. ميجان الرويل، د. سعد البازي، دليل النقد الادبي. ل 178.

(بـۆل دیـان) بـاس لـە پێوەنـدی سـیمۆلۆژیای و بونیادگـەری دەکـات و دەڵێـت: ((سیمیۆلۆژیای فەڕەنسی سودی لە زمانەوانی وەرگرتووە (دی سۆسێر) لەجیاتی (فالیر)و (بروست)، (یاکۆبسن)ی بە گەورەی خۆی داناوە، دی سۆسێر سیمۆلوژیا بە بنەچە (اصل)و زمانەوانی بە لق (فرع) دادەنێ، بەڵام بارت بە پێچەوانەوەیە))[2] *.

لەبارەی دانانی زاراوەو وەرگێڕانی بۆ زمانەکانی تر بۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێ جار وەرگێڕ ڕوڵی سەرەکی دەبینێ، زۆرجاریش بوونی فرەواتایی زاراوە کێشە بۆ خوێنەریش دروست دەکات، لێرەدا ئاماژە بە تێگەیشتنی سیمۆلۆژیا، سـیمانتیك، سـیموطیقـا، دەدەین **.

---

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل 178.

* بەبۆچوونی دی سۆسێر نیشانەکانی ڕێگاوبان، نیشانەکانی هاتوچۆ جۆرێکن لە زمان، ئەوانیش هەمان ئاماژەپێکەرەو پێکراوایان هەیە بۆ نموونە:

ڕەنگی سەوز ← ئاماژەپێکەرە

ڕێگای خاڵی ← ئاماژەپێکراوە

بڕوانە: خریستو تودروف، نقد مفهوم علم الادب عند رولان بارت مجلة نوافذ، عدد 12، 2000، ص 88.

** السیمیاء = سیمولوجیا = سیمیوطیق

Semiology / Semiotics

زانستێکە توێژینەوە لە نیشانەو ئاماژەکان (العلامات و الاشارات) بەشێوەیەکی ڕێکوپێك دەکات، ئەورووپیەکان وشە سویسرییەکە (سیمۆلۆجیا) ئەمریکییەکان (السیموطیقا) بەکاردەهێنن. بیرمەندو فەیلەسوفی ئەمریکی (تشارلس ساندرزبیرس) سیمیوطیقا بەکاردەهێنێ، عەرەبەکان بەتایبەت مەغریبیەکان وشەکەیان بە (السیمیة) تەعریب کردووە.

بڕوانە: د. میجان الرویل، د. سعید البازی، دلیل الناقد الادبی، ل 177.

(محمد عزام) لەم بارەیەوە دەڵێت: وشەی (السیمولوجیا) بۆ زانای سویسری (دی سوسیر 1857–1913) دەگەڕێتەوە کە یەکەم کەس بووە وشەی (سیمیة) Semialogie لە فەڕەنسا بەکارهێناوە و جەختی لەسەر زمان کردووەو کردویەتی بە چەترێك کە هەموو زمانە نیشانەییەکان و سیمۆلۆژییەکان (اللغات الاشاریه السیمولوجیه) لەژێریدا کۆببنەوە، بەڵام زاراوەی (السیمیوطیقا – Semiotics) یەکەم بەکارهێنانی بۆ فەیلەسوفی پراگماتیزمی ئەمریکی (شارل ساندرز بیرس Peirce . CH 1839 – 1914) دەگەڕێتەوە.

ئاماژە بە دوالیزمی دیاکرۆنی و سینکرۆنی. دی سۆسێر لە تەوەری سینکرۆنییەوە دەچێتە ناو دوالیزمەکانەوە، واتە بۆ پەیوەندییە ناوەکییەکانی دەق بە پاڵپشت بە چەمکی سینکرۆنی. ڕەخنەگرە ڕۆژئاواییەکان وا سەیری دەقیان دەکرد، کە جیهانێکی سەربەخۆی خۆی هەیە بەدوور لە جیهانی دەرەکی، لەبەرئەوەی لەناو خودی دەقدا تۆڕێك پەیوەندی لەسەر ئاستە جیاوازەکان هەیە [1].

فۆرمالیستە ڕووسەکان پێشەنگ و هەڵگری ئەم بۆچوونە بوون، دەبینن (تینیانوف- Tynianov) ساڵی (1927) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((ئەرکی بونیادی توخمێك لە بەرهەمی ئەدەبی وەك سیستم چوونە ناو پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕە لەگەڵ توخمەکانی تری هەمان سیستم و لەگەڵ سیستمەکەدا بەگشتی)) [2].

زاراوەکەی لە (جۆن لۆك)ەوە وەرگرتووە، کە تایبەت بووە بە زانستی تایبەتی نیشانەکان، کە سەرچاوەکەی لۆژیك بووە.

= (سۆسێر)و (بیرس) بوون بە بنەمایەك بۆ دامەزراندنی زانستێکی نوێ کە لەسەر توێژینەوەی سیستمی گەیاندنی مرۆڤایەتی لە کۆمەڵێك ئاستدا، لەوانە ئەدەب دامەزرا، ئا بەم شێوەیە دەبینی سۆسێر بووە پێشەنگی سیمۆلۆژیای فەرەنسی (بیرس)یش بووە ڕابەری سیمۆلۆژیای ئینگلیزی هەردوو زاراوەکە بە بڕیارێکی ئەنجومەنی جیهانی (سیموطیقا) کە لەژێر ناوی (سیموطیقا– السیموطیقا) کە لە پاریس ساڵی (1969) بەسترا، یەکخرا. لەدوای کارەکانی (غریماس) چەمکی زانستی سیمیۆ (علم السیمیۆ) هاتەکایەوە، ناونیشانی (سیمیوطیقی– Semiotique) لەم زانستە نرا، ئالێرەوەیە کە جیاوازی کەوتە نێوان سیمۆلۆژیا کە بۆ زمانە سروشتیەکان وەك کەرەستەیەك بۆ ڕاڤەکردنی شتە دەلالییەکان لەگەڵ ئەو واتا تازەیەی کە مەبەستی پێکهێنان و دروستکردنە (تشکیل و بنۆ)، واتە زانستی ئەودیو زمان (علم ماورۆ اللغە) کە هەڵگری زمانی یەکەمەو ڕاڤەی دەکات، وەرگێڕەکانی عەرەب هێشتا لەسەر پێناسەیەکی یەکگرتوو بۆ ئەمە ڕێکنەکەوتوون، چونکە هێشتا لە گۆڕان و دەوڵەمەندکردندایە.

بڕوانە: محمد عزام/ النقد و الدلالة/ نحو تحليل سيميائي للادب ص 8/7.

هەروەها بڕوانە: سعيد بنطراد/ السيميائيات مفاهيمها و تطبيقاتها ص 10/9.

[1] بڕوانە: محمد ولد بو عليبه/ النقد الغربى و النقد العربى/ ص 12.

[2] Tynianov ccpe levolution litteraire in theorie de la literature: Textes des formalist's russes "coll Telqure – seuil 1965- P.123.

ئەم جیهانبینیە کرۆکی بونیادگەرییەکانە، چونکە میتودی بونیادگەری لە خودی خۆیداو لە هەمان کاتدا هەم شیکاری و هەم گشتگیرییە، بەدەرە لەوەی کە سەیری توخمەکان وەك یەکەیەکی سەربەخۆ بکات[1]. دیارە هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێداوە دەلالەت لە ڕوانگەی بونیادگەرییەوە لە وتەکەی دی سۆسێرەوە سەرچاوەی گرتووە کە گوتوویەتی: "زمان هاوڕێکییەکە دان بە هیچ سیستمێکدا نانێ جگە لە سیستمی خۆی، ئەمەش بووە هۆی ڕوودانی گۆڕانکارییەکی گەورە لەمەڕ توێژینەوەی سیماتیکی (دلالي)، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا دابڕانێکی مەعریفی تەواو لەگەڵ توێژینەوە دەلالییەکانی پێش خۆیاندا کە پاڵپشت بوون بە توێژینەوەی دەلالی مێژوویی ڕووینەدا. تەوەرەی ڕوانگەی واتا پێش بونیادگەری لەسەر سێ بنەما بووە:

1- واتا ڕاستییەکە لەگەڵ وشەدایە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە وشە خاوەن ڕاستی خۆیەتی و واتاکە دەبێتە خاوەنداریەتییەکی خۆی، بەم شێوەیە نە واتا جیادەبێتەوە لە وشە، نە وشەش لە خاوەندارێتی جیادەبێتەوە.

2- واتای ڕستە لە واتای کۆمەڵێك وشە پێکدێت، کە هەڵگرێ ڕاستییەکانە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئەو زانستەی کە ڕستە لە شێوەی زانیارییەك، یان هەواڵێك، یاخود هزرێکدا دەیدات، لە ئەنجامی کۆمەڵێك واتای پارچەییە (جزئي) کە بە هەموویان پێکەوە ئەنجامی کۆتایی دەدەن.

3- بەلاّم بنەڕەتی واتاو مەبەست، ئامانجی ئەوانە فەرمانێکە لە عەقڵی مرۆڤایەتیەوە سەرچاوە دەگرن بە پراکتیزەکردنی ئەو عەقڵە گوزارشتی چالاکی ڕۆژانەی پێ دەکرێت[2].

---

[1] بڕوانە: صلاح فضل النظرية البنائية في النقد الادبي، ص 333.

[2] بڕوانە: منذر العياشي/ اللسانيات و الدلالة، الكلمة، ص 182.

ئالێرەوە بونیادگەری دەلالی لەجیاتی کۆبوونەوەی وشەکان بۆئەوەی ڕستە پێکبهێنن گۆڕی بۆ چەمکی پەیوەندی وشەکان، تا ڕستە ساز بکەن، هەر ئەمەش بەسەر واتادا پڕاکتیزە کرا لەجیاتی کۆبوونەوەی چەند وشەیەك بۆ پێکهێنانی ڕستە گۆڕا بۆ پێوەندی نێوان وشەکان* لەناو بونیادێکدا، تا واتا پێکبهێنن، بەم شێوەیە سێ چەمکی تازە جێگای کۆنەکەیان بەم شێوەیەی خوارەوە گرتەوە:

1. چەمکی هاوڕێکی (نسق) جێگای چەمکی کۆکردنەوەی (التجميع) گرتەوە.
2. چەمکی واتای تازە قسە لە ساتەوەختی ئیستادا جێگای چەمکی پێشکەوتووی لە دیاکرۆنیدا گرتەوە.
3. چەمکی پێوەندی نێوان وشەکان جێگای چەمکی خاوەندارێتی گرتەوە، کەوا سەیری واتای دەکرد کە ڕاستییەکە نووساوە بە وشەکانەوە [1].

سەرەتا بونیادگەراکان لەژێر سێبەری توێژینەوەی دیاکرۆنیدا زمانیان بە کۆمەڵە وشە دەزانی، بەڵام دوایی بۆچوونی دی سۆسێر زمان بە سیستم گۆڕا، قسەکەر چەند وشەیەك ناڵێ، بەڵکو سیستمێکی زمانەوانی بەکاردێنێ، سەرەتا، مەیدانی دەلالەت فەرهەنگ بووە، بەڵام دوایی لە قسەکەرەوە نەك مێژوو سەرچاوەی گرتووە [2].

---

* ئەرکی عەلامە (نیشانە) ئەرکێکی دروستکارییە (اختلافیة) بە واتای ئەوەی نیشانە خاوەن واتا نیە، بەڵکو خاوەن بەکارهێنانە، بە واتایەك ئەم بەکارهێنانەیش بۆ ئەو گوتەیەیە کە دەڵێت واتا لە بەکارهێناندایە نەك لە ئاست شێوەی یەکەیەکی زمانەوانی داخراودا بێت، بۆ نموونە: ئەگەر سەیری ئەم ڕستەیە بکەین: لە بەری ئەم دارەم خوارد، دەتوانی وشەی دار بەم واتایانە لێك بدەینەوە أ- نیشتمان ب- ئافرەتێك کە پیاوەکەی خۆشی ویستبێ، یاخود ئافرەتێك کە پیاوەکەی لێی بێزاربووبێ ج- یاخود باگراوندێکی ڕۆشنبیری ئەفسانەیی وەك لای هندییەکان هەیە د- یاخود دەلالەتێکی مێژوویی هەیە وەك ژێردارەکەی ئاشتی حودەیبییە (الصلح الحديبيه) بڕوانە: سعيد بنطراد، السيميائيات، ص 230.

[1] بڕوانە: منذر العياشي/ اللسانيات و الدلالة، الكلمة، ص 182.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل 182.

بونیادگەری بەواتا بەرفراوانەکەی توێژینەوەی دیاردە جیاوازەکانە وەك: کۆمەڵ، ئەقڵ، زمان، ئاداب، ئەفسانە، سەیری هەریەك لەم دیاردانە بەوە دەکات کە خاوەن سیستمێکی تەواو بەگشتی پێکەوە بەستراون، خاوەن بونیادن، توێژینەوەیان لەسەر دەکرێ بەپێی هاوڕێکییەکی ناوەوە، نەك بەدوای یەکهاتنی پەرەسەندی مێژووییان، هەروەها بەدوای یەکداهاتنی توێژینەوەی چۆتایەتی کارتێکردنی ئەم بونیادانە بۆ چۆنێتی پراکتیزەکردنی ئەرکەکانیان دەکات، بەڵام واتا تەسك و باوەکەی بونیادگەری کۆششێکە بە پراکتیزەکردنی نموونەی بونیادگەریی زمان بەسەر دیاردەکاندا [1].

کاتێك فەیلەسوفەکان، زانایاتی سۆسۆلۆژی، ڕەخنەگرانی ئەدەب توێژینەوەی زمانیان کردووە هەریەك لە ڕوانگەو بۆچوونی جیاوازو ئامانجی خۆیانەوە بووە، بەڵام زمانەوانەکان توێژینەوەیان بۆ خودی زمان و لەناو خودی خۆیدا کردووە، ئامانجەکەشی دۆزینەوەی بونیادی ناوەوە بووە، ئەمەش زۆرجار جێگای ڕەخنەگرتن بووە لێیان، کتێبەکەی دی سۆسێر (وانە لە زمانەوانی گشتی) ساڵی (1916) نموونەیەکی گونجاوە بۆ بونیادگەری زمان و کاریگەری خۆیشی تا ماوەیەکی دوور بەجێهێشتووە، بەڵام پراکتیزەکردنی ئەو نموونەیە بەسەر ئەدەبدا بۆ (یاکۆبسن)و (تینیانۆف) ساڵی (1925) دەگەڕێتەوە بە سەرەتایەکی بونیادگەری ئەدەبی دادەنرێ [2]*.

---

[1] بڕوانە: لیونارد جاکسون، بؤس البنیوبة الادب و النظرية البنيوية ص 43.

[2] بڕوانە: لیونارد جاکسون، بؤس البنیوبة الادب و النظرية البنيوية ص 43-44.

* وەك دەزانین (لیڤی شتراوس) ئەفسانەی بە زمانەوانی شی نەکردۆتەوە، بەڵکو بونیادگەرییانە شیکردۆتەوە، بەواتای ئەوەی نموونەکەی دی سۆسێر کە بۆ زانستی زمانی داناوە گواستویەتیەوە بۆ بواری ئەنثرۆپۆلۆژیا بەوەی هەستاوە بە دیاریکردنی پێکهاتە، بچووکەکانی ئەفسانەو پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا بۆ دەرخستنی دوالیزمەکانی بونیادی ئەفسانەکە.

بڕوانە: نامەی ماجستێری (سعید عبدالهادی عبدالله) بەناونیشانی (تحليل النص الشعرى في النقد البنيوى العربى) ص 119.

(میشك ئوریوه) ساڵی (1969) له وتارێکی سەرنجراکێشدا لایەنی سەرەکی تیۆرێکی ڕەخنەی بونیادگەری بەشێوەیەکی وردو کورت دیاری دەکات. پرەنسیپەکانی ئەمانەن:-

1- دەقی ئەدەبی، جگە لە بابەتێکی زمانناسی بەولاوە هیچی تر نیە.

2- دەقی ئەدەبی، دەقێکی داخراوەو لە چوارچێوەی کات و شوێنی خۆیدایە کە لە نیوەی مەودای پیتی گەورەی یەکەمین وشەی خۆیی و دوایەمین پیتی کۆتایی وشەکەی خۆی لەئارادایە، هیچ پێوەندییەکی بە لایەنە دەرەکییەکانی خۆی نیە.

3- دەقی ئەدەبی، تەنها بە دنیای خۆی، واتە دنیای زمانی خۆی ئاماژە دەکاو جگە لەوە ئاماژە بە شتی تر ناکات.

4- بەسترانەوەی دەقی ئەدەبی بە پێکهاتە زمانییەکان دوو ڕووی هەیە، لەلایەك سود لە زمانی سروشتی وەردەگرێ و لەلایەکی دیکەوە بە یارمەتی ئەو زمانە سروشتییە زمانێکی نوێ دەخولقێنێت، بەم پێیە ئەدەبیات زمانی هێمایە، هێما بۆ زمانە، نەك جیهان.

هەرچەندە بونیادگەراکان دوای بلاوبوونەوەی ئەم وتارە ئەم ڕێسایانەیان تێپەڕاند، بەلام بە زۆری کۆك بوون لەسەر ئەوەی کە دەقی ئەدەبی بابەتێکی زمانەوانییە [1] **.

---

[1] بڕوانە: بابك احمدی، ساختارو تاویل متن، چاپ سوم، ل 181.

** (جمال بن شیخ) لە شیکردنەوەی قەسیدەیەکی (متنبی)دا دەڵێت: لە کاتی شیکردنەوەدا بەپێی میتۆدی بونیادگەری دەبێت ئاگاداری ئەم دوو خاڵە بین:-

1- نابێت تەنها جەخت لەسەر دەقێك، یان چەند قەسیدەیەکی بچڕبچڕی شاعرێك بکەین، بەڵکو شیکردنەوە گشتییە، پێویستە هەموو بەرهەمەکانی شاعیرمان لەبەردەستدا بێت.

2- کیشەی نوێکردنەوە لە شیعردا: باوەڕی وایە شاعیری تازە بەپێی میتۆدی بونیادگەری شتی تازە ناڵێت، بەڵکو پەیوەندی تازە لەنێوان شتەکاندا دەدۆزیتەوە.

بڕوانە: جمال بن الشیخ، تحلیل بنیوی تفریعی لقصیده المتنبی، مجله الاقلام، عدد 4، 1978 ص 78.

هەروەها بڕوانە: نامەی ماجستیری (سعید عبدالهادی عبدالله) بەناونیشانی (تحلیل النص الشعر في النقد البنیوی العربی) ص 227.

پاری دووەم

بونیادگەری پێکهاتوویی - البنیویه التکوینیه

بونیادگەری پێکهاتووی: Genetic structuralism باسێکی گرنگە لە بونیادگەری لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە کۆمەڵێك بیرمەندان و ڕەخنەگرانی مارکسیزم ویستیان نزیکایەتییەك لەنێوان تیزەکانی بونیادگەری بەشێوە فۆرمالیستەکەی لەگەڵ بنەماکانی هزری دیالێکتیکی مارکسیدا دروست بکەن، ئەوانەی لەم بوارەدا کاریان کرد، بریتیبوون لە: (جۆرج لوکاش)، (بیربوردیو)، بەڵام قورسایی زۆری ئەم کارە کەوتە ئەستۆی بیرمەندی فەڕەنسی بە ڕەچەڵەك ڕۆمانی (لوسیان گولدمان) *.

بۆچوونەکانی (گۆلدمان)یش بەزۆری لە بۆچوونەکانی (جورج لوکاش **)وە سەرچاوەی دەگرت، هەروەها (جان بیاجە)یش کاریگەری لەسەر گولدمان هەبووە، بەتایبەت لە دیاریکردنی زاراوەی بونیادگەری پێکهاتوویی پەیدا دەکات.

---

* لوسیان گولدمان– Lucien Goldman (1913 – 1970) فەیلەسوف و ڕەخنەگرو زانای کۆمەڵایەتییە، یەکێکە لە دامەزرێنەری سۆسۆلۆژیای تازەی ئەدەب، لە بەرهەمەکانیدا کۆکردنەوەیەك لەنێوان زانستی کۆمەڵناسی و ڕەخنەی ئەدەبیدا هەیە، باوەڕی وابووە کە شاکاری ئەدەبی بەپێی بونیادی ژینگەو کۆمەڵایەتی دەگۆڕێ، لە زانکۆی (جنیف) دەبێتە یاریدەدەری (جان بیاجە)، ئا لەو کاتەدا ئاشنایەتی لەگەڵ تیۆری بونیادگەری پێکهاتوویی پەیدا دەکات.

ساڵی (1959) توێژینەوە دیالێکتیکەکان بڵاودەکاتەوە، کە بریتین لە کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەك لەسەر کۆمەڵناسی و ئەدەب و فەلسەفە. ساڵی (1966) کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەك بە ناونیشانی (مارکسیزم و زانستە مرۆڤایەتیەکان) بڵاودەکاتە. بڕوانە: مجموعة من المؤلفين، البنيوية التكوينية والنقد الأدبى، ص 11.

هەروەها بڕوانە: سعيد حجازى، قاموس مصطلحات النقد الأدبى، المعاصر، ص 79.

هەروەها بڕوانە: د. جمال شحيد، في البنيويه التركيبيه ادراسه في منهج لوسيان غولدمان، ل 13.

** جورج لوکاش (1885 – 1971)

گۆڵدمان، بونیادگەرییەکەی بەم شێوەیە، ڕوون دەکاتەوە: ((ئەگەر بونیاد لە واقیعدا ڕەنگدانەوەیەکی کرداری خەڵکی بێت بەرانبەر ئەو کێشە جۆربەجۆرانەی کە لە ئەنجامی پێوەندی نێوانیان لەگەڵ ژینگە کۆمەڵایەتی و سروشتییەکەدا دەوروژێت، ئەوا ئەم بونیادە بەشێوەیەکی هەمیشەیی ڕۆڵێك لەناو بونیادی کۆمەڵایەتییەکی گەورەتردا دەبینێ، کاتێکیش بارودۆخ دەگۆڕێت، ئەوا بونیادەکە لە ڕاپەراندنی ئەو ئەرکە دەوستێت بەشێوەیەك کەسایەتی عەقڵانی لەدەست دەدات، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕینی و دانانی بونیادێکی تازە لە جێگای))[1].

بە بۆچوونی گۆڵدمان ئەنجامی پێوەندی نێوان بونیادو ئەرکەکانی هێزێکی کاریگەر دروست دەبێت کە مێژوو دەجوڵێنێ، ئەوەی سەرنجڕاکێشەرە دۆخی بونیاد جوڵەیە، نەك سەقامگیری[2].

لای (لوکاش) چەمکی ڕەنگدانەوەی تەنیا لە مەترپالیزمی دیالێکتیکەوە سەرچاوە دەگرێت[3]، هەرچەندە گۆڵدمانیش لەم بارەیەوە لەژێر کاریگەری (لوکاش)دا بووە، بەڵام بەشێوەیەکی تر لەگەڵ ئەم چەمکەدا مامەڵەی کردووە، مەبەستی هەردووکیشیان پەرەپێدانی ئستاتیکای مارکسیزم بووە. گۆڵدمان لە بۆچوونەکەی ئەرستۆ ئریك دەیێتەوە بەوەی کە کاری ئەدەبی لاساییکردنەوەیەکی فۆتۆکۆپی ڕووتی واقیع نیە، بەڵکو نووسەریش ڕۆڵی هەیە[4].

یەکێکە لە پێشەنگەکانی ڕەخنەو فەلسەفەی هاوچەرخ، کۆمەڵێك بەرهەمی بنەڕەتی لە سۆسۆلۆژیای فکرو ڕۆماندا هەیە، کۆمەڵێك چەمکی سۆسۆلۆژیای ئەدەبی داناوە، کە دواتر گۆڵدمان لە توێژینەوەکانیدا پەرەی پێداون، گرنگترین بەرهەمەکانی: تیۆری ڕۆمان (1909) بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرتووە. ساڵی (1918) چۆتە ڕیزی پارتی کۆمۆنیستی هەنگارییەوە.

بڕوانە سعید حجازی، قاموس مصطلحات النقد الأدبی المعاصر، ص 79.

[1] د. میجان الرویلی، د. سعد البازی، دلیل الناقد الأدبی، ص 77.

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە، ص 77.

[3] د. صلاح فضل، منهج الواقعیه فی الأبداع الأدبی، ص 125.

[4] بڕوانە: د. شکری عزیز الماضی، فی نظریه الأدب، ص 33.

((بەپێی بۆچوونی گۆڵدمان ئەو واقیعە چینایەتییەی کە نووسەرێك تێیدا دەژی لە بونیادی زەینی نووسەرەکەدا ڕەنگدەداتەوە، لەمیانەی بەرهەمهێنانی دەقێکی ئەدەبی و هونەری. ئەو نووسەرە جیهانبینی ئەو گروپە کۆمەڵایەتییە دەخاتە ڕوو کە خۆی تێیدا دەژی))[1].

میتۆدی بونیادگەری گۆڵدمان جیاوازیی ڕوون و ئاشکرای لەگەڵ بونیادگەری زمانەوانی و شێوازخوازییەکاندا هەیە، لای گۆڵدمان هەروەك دی سۆسێر زمان خاوەن یاسایەکی تایبەتی خۆیەتی، بەڵام قسە - ئاخاوتن بەکارهێنانی ڕۆژانەی ئەو زمانەیە لەلایەن تاکە کەسەوە، جا بەپێی بۆچوونی گۆڵدمان ناکرێت قۆناغە میتۆدەکانی تایبەت بە زمان لەسەر قسەکردن پەیڕەو بکرێت، لەبەرئەوەی زمان توانایەکی دەلالەتی جۆراوجۆری بەرزی هەیە، هەر بە تەنها دەلالەت لە شتێك ناکات، ئەمەش پێچەوانەی قسەیە، کە دەربڕینی مرۆڤە لە ناوەندێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا، جا لەبەرئەوە قسە دەلالەتێکی دیاریکراوی هەیە[2].

لە ڕوانگەی نەبوونی دەلالەتێکی دیاریکراو بۆ زمان، دەتوانرێ بگوترێ بێ دەلالەتە، بەڵام فاکتەرێکی بەهێزە بۆ دەلالەت، کەچی دەلالەتی قسە پەیوەستە بە دەلالەتە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکان، بەهۆی قسەوە دەتوانرێ جیهانبینی بخرێتە ڕوو، بەڵام زمان وەك ئامرازێك بۆ بیروڕا جیاکان و دژبەیەکەکانە[3].

گۆڵدمان لەو باوەڕەدا نیە، کە بونیاد یەکەیەکی سەربەخۆیی نامێژوویی دەرەوەی زەمەن بێت، لەبەرئەوەی واقیع لە بونیادی زەینی مرۆڤدا ڕەنگی داوەتەوە، هەروەها بونیادگەریی پێکهاتوویی گرنگی بە مرۆڤ دەدات و بە بزوێنەری مێژووشی لەقەڵەم دەدات[4]. تێڕوانینی

---

(1) عوسمان یاسین، بونیادگەری پێکهاتوویی، ل 9.

(2) د. صلاح فضل، منهج الواقعية في الأبداع الأدبى، ص 257 .

(3) مجلة أفاق عربيه، العدد (8) سنه 1984، ص 156 .

(4) عوسمان یاسین، بونیادگەری پێکهاتوویی، ل 13.

گۆڵدمان بۆ مرۆڤ واتایەکی ڕاستەوخۆ نادات بەدەستەوە، چونکە وای دەبینێ لە پشتی مرۆڤەوە ئەلتەرناتیڤی تر هەیە، ئەویش دەستەو توێژو چینە، لەبەرئەوە بەرهەمی ئەدەبی پابەندی ئەو دەستانەیە، ئەوانیش ئەڵقەیەکن بونیادی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری پێکدەهێنن، لەبەرئەوە ڕاستەوخۆ بەرهەم نادرێتە پاڵ تاکە کەس. لە ڕوانگەی گۆڵدمانەوە ئەمەیش نیمچە مردنێکی نووسەرە، لای ڕۆلان بارتیش مەرگی تەواوی نووسەرە، لەبەرئەوەی خوێنەرو ڕەخنەگر مافی ئەوەیان هەیە، دەلالەتێ بدەن بە بەرهەم کە مەبەستی نووسەر نەبووبێت[1].

گۆڵدمان دەڵێت ((جیهانبینی – رؤیة العالم – Vision dumond نەسقێکی بیرکردنەوەیە لە هەندێ هەلومەرجدا خۆی بەسەر گروپ و خەڵکێکدا دەسەپێنێت کە لە بارودۆخێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی لێکچوودان واتە خۆی بەسەر چینەکانی کۆمەڵدا دەچەسپێنێت))[2].

لە میتۆدی بونیادگەریی پێکهاتوویيدا دەبێت توێژەر پابەندی چەمکی تێگەیشتن و ڕاڤەکردن بێت، تێگەیشتنی هەر دەقێك پڕۆسەیەکی عەقڵییە، نابێت تێکەڵبە هەست و سۆزو دۆخی دەروونی ڕەخنەگر بێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێت هەر حاڵەتێکی لەم جۆرە لە کاتی توێژینەوەی دەقدا دوورخرێتەوە بۆئەوەی بتوانرێت تێگەیشتنێکی زانستیانە لەمەڕ دەقەکە بێتەکایەوە، دۆزینەوەی بونیادی دەلالەت لە دەقدا کارێکی ئاسان و سادە نیە.

بەم پێیە دەتوانین بڵێین تێگەیشتن بریتیە لە وەسفکردنی ئەو پەیوەندییانەی کە بونیادە دەلالەتیە بنچینەییەکانی دەق پێکدەهێنن، واتە وەسفکردنێکی تەواوی دەقە بەبێ ئەوەی لێکۆڵەر لە خودی دەقەکە دەربچێت[3].

---

[1] لوسین غولدمان، نقد تکوینی، ص 67.

[2] مجموعة من المؤلفین، البنیویه التکوینیة النقد الأدبی، ص 15.

[3] بڕوانە: الدکتور عمر طالب، المذاهب النقدیه، ص 24.

لە قۆناغی ڕاڤەکردندا ڕەخنەگر هەر بەوە ناوەستێت کە لە خودی دەقەکەدا کار بکات و لەو چوارچێوەیە دەرنەچێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە، لەم قۆناغەدا توێژەر هەڵدەستێت بە توێژینەوەو ڕاڤەکردنی ئەو ڕەگەزە دەرەکیانەی دەقەکە پەیوەندییەکی دیالێکتیکیانەی لەگەڵ ڕەگەزی بونیادە دەلالیەکانی ناوەوەی دەقدا هەیە. هەر لەمیانەی ڕاڤەکردندا جیهانبینی ئەو گروپە کۆمەڵایەتییانە دەردەکەوێت کە بەرهەمهێنەری دەقن، تێگەیشتن و ڕاڤەکردن تەواوکەری یەکترین، هیچیان بێ ئەوی تر ناتوانێ کاری خۆی جێبەجێ بکات، ئەمەش سیمای تایبەتی ئەم میتۆدەیە[1]. بونیادگەرییە شێوازخوازەکان توێژینەوەیان ناوەوەی دەق دەگرێتەوە، چونکە بە بۆچوونی ئەوان خاوەن سەربەخۆییەکی تەواوە. ((گۆڵدمان گرنگی ئەوتۆی بە ڕەخنەی سایکۆلۆژی نەداوە، لەبەرئەوە بۆچوونی وابووە کە لەو سەردەمەدا شایەنی گاڵتەجاڕییە کە شاکارێکی زیندوو بە دەروونێکی مردوو هەڵبسەنگێندرێت))[2].

پوختەی میتۆدی ڕەخنەی بونیادگەری پێکهاتوویی لەم خاڵانەدا دەخەینەڕوو:-

1- توێژینەوەی ئەوەی کە گەوهەرە لە دەقدا، ئەویش لە ڕێگای جیاکردنەوەی هەندێ لە توخمە پارچەییەکانەوە لە سیاقەکەو کردنی بە گشتگەلی سەربەخۆ (کلیات مستقلة).

2- پێکەوە بەستنی توخمە پارچەکان لەگەڵ گشت (کل)، چونکە ناتوانین بگەین بە گشت ئەگەر ئەو گشتە خۆی توخمێکی پارچە نەبێت، هەموو پارچەکانی جیهان بەیەکەوە بەستراوە، ناتوانرێ یەکێکیان بەبێ ئەوی تر بزانرێ، یاخود بەبێ زانینی گشت.

3- تێکەڵکردنی کاری ئەدەبی بە ژیانی کەسیی داهێنەرەکەی.

4- تیشکخستنە سەر باگراوندی کۆمەڵایەتی دەق، ئەویش بە توێژینەوە لە چەمکی جیهان لای ئەو کۆمەڵەی کە نووسەرەکە تێدا دەژی، لە هەمان کاتیشدا پرسیارکردن لەو

---

[1] بۆ زیاتر شارەزابوون لەم بابەتە بڕوانە: عوسمان یاسین، بونیادگەری پێکهاتوویی، ل 23 – 27.

[2] لوسین گۆڵدمان، نقد تکوینی، ل 14.

فاکتەرە کۆمەڵایەتی و تاکانەی کە بوونەتە هۆی ئەوەی جیهانبینی بێتەکایەوە، وەك دیاردەیەکی فکری گوزارشت لێکراو بە کاری ئەدەبی لە شوێن و کاتی دیاریکراودا. ئەم جیهانبینیەش دیاردەیەکە لە دیاردەکانی هۆشیاری ستاتیکی کە لە بەرهەمی نووسەردا دەگاتە لوتکە[1].

((بونیادگەری فۆرمالیستی بونیاد بە بەشێکی گرنگ دائەنێت، بەڵام ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە گرێی بدات بە مێژووەوە، یاخود ژیاننامەی کەسی، ئالێرەدا دووچاری دابڕان دێت لەگەڵ ناوەڕۆکدا، بەڵام بونیادگەری پێکهاتوویی دەچێتە قوڵایی واتای مێژوویی واتاکەوە بەوەی کە ئەمە کرۆکی میتۆدەکەیە))[2].

((گۆڵدمان لە ڕوانگەی مەترپالیزمی دیالێکتیکییەوە دەڕوانێتە ئەدەب و فەلسەفە، بەوەی هەردووکیان گوزارشت لە جیهانبینی بۆ جیهان لە دوو ئاستی جیاوازدا دەکەن، ئەم جیهانبینییەش واقیعێکی تاك کەسی نیە، بەڵکو واقیعێکی کۆمەڵایەتییە، دەگەڕێتەوە بۆ دەستەو چین))[3].

((گەورەترین دەسکەوتی لوسیان گۆڵدمان ئەوەیە میتۆدێکی ئاشکرای هێناوەتەکایەوە خۆی لە کۆمەڵێك گوتە (مقولة)دا دەبینێتەوە وەك: گشتی (الکلیـه) بونیـادی دال (بنیه الدال) کە لە ستاتیکای جۆرج لۆکاشەوە وەرگیراون، بونیادگەری پێکهاتوویی وا دەبینێ کە توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان خاوەن داهێنانی ڕاستەقینەی ڕۆشنبیرین، جیهانی سۆسۆلۆژیای

---

[1] بڕوانە: محمد عزام، فضاء النص الروائي، ص 47.

[2] بـون باسـکای، البنیویـة التکوینیـة ولوسـیان غولـدمان: ترجمـة محمـد سـبیلا، ضـمن کتـاب، البنیویة والتکوینیة والنقد الأدبی، ص 46.

[3] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل 48.

ئەدەبیش لەوەوە دەستپێدەکات کە توێژینەوەی هاوشێوە (تماثل) لەنێوان بونیادی ئایدۆلۆژیاو توێژە کۆمەڵایەتییەکاندا بکرێت))[1].

((بونیادگەری پێکهاتوویی وەك میتۆد ئەوە ڕادەگەیەنێ کە بونیاد کیانێکی داخراو نیە مرۆڤ بەند بکات و لە مێژوو دووری بخاتەوە، تا لە جێگایدا فۆرمالیستێکی ڕەهای بێ ناوەڕۆك دابنێت، بەڵکو ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە بونیاد سیمایەکی چالاکییە سیستم و هاوڕێکی لە بزووتنەوەی مێژووییدا دەخولقێنێ، هەموو بونیادێکیش، دەلالەتی هەیو ئەرکێك جێبەجێ دەکات ئەگەر ئەرك و خود دوور بخەینەوە دەلالەت دەڕووخێ))[2].

((بونیادگەری پێکهاتوویی کۆتایی بە ئەفسانەی ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی هێناوە. جەختی لەسەر نرخی ئیستاتیکای کارە ئەدەبییەکان دەکردەوە، بەم شێوەیە ئەدەبی لە دیکیومێنتی کۆمەڵایەتی ڕزگارکرد))[3].

((لای گۆڵدمان نرخی ستاتیکایی بۆ سیستمی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە. کاری هونەری گوزارشتی ڕەنگدانەوەی هۆشی کۆمەڵایەتی نیە))[4].

لە پەیوەندییەکانی دەرەوەی دەقدا چین (طبقە) دروستکەری دەقە، گۆڵدمان بەوە دەڵێت دروستکەری کۆیەتی (جەماعی) [5] ((Sujet colletif).

((گۆڵدمان بایەخ بە گوتاری ئەدەبی، وەك ئامانج، نەك هۆ دەدا بەشێوەیەکی تیشکدانەوەی ڕاستەوخۆ ڕەتدەکاتەوە، دەق وەك بونیادێکی تەواو لە ڕووخسارو ناوەڕۆك دەزانێ))[6].

---

[1] جاك دوبوا، نحو نقد ادبی سوسولوجي، ترجمة: قمری البشير، ضمن كتاب، البنيوية التكوينية والنقد الأدبی،ص 75.

[2] د. جابر عصفور، نظريات معاصرة، ص 141.

[3] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل 156.

[4] عزالدين اسماعيل، مناهج النقد الأدبی بين المعيارية والوصفيه، مجلة فصول، عدد (68)، 2006 ، ص 27 .

[5] توفيق الزيدی، اثر اللسانيات في النقد العربی الحديث، ص 145.

[6] هەر ئەو سەرچاوەیە، ص 146.

((بونیادگەری پێکهاتوویی ئاڕاستەیەکی ڕەخنەییە، وا دەبینێ کە بونیادگەری فۆرمالیستی گەیشتۆتە بن بەست، بەوەی لە دەقدا قەتیس ماوە، بۆیە هاتنی ئەم میتۆدە گەڕانەوەی دەقە بۆ ژینگە کۆمەڵایەتیەکەی))[1].

((جیاوازیی نێوان گۆڵدمان و بونیادگەرەکانی تری وەك (شتراوس)، (بیاجە) (ڕۆلان بارت) ئەوەیە، ئەوان وا دەق دەخوێننەوە کە خاوەن بونیادێکی سەربەخۆی ناوەوەیە، بەڵام لای گۆڵدمان بونیادەکە ڕێژەییە، بە گونجان لەگەڵ کارە ئەدەبییەکانی تردا دەوستێت، بۆ نموونە ڕەوشتی تاك بەباشی و خراپییەوە تەنها لەناو سیاقی کۆمەڵدا دەردەکەوێت))[1].

((گۆڵدمان بایەخ بە توێژینەوەی بونیادی کاری ئەدەبی دەدات، تاڕادەیەك دەگاتە بونیادی فکری لای چین، یاخود ئەو کۆمەڵەیە کە داهێنەرەکە سەر بەوە، دەیەوێت لەم گۆشەیەوە توێژینەوە بکات))[2].

((بونیادگەریی پێکهاتوویی بە ڕووکەش میتۆدێکە لە دوو ڕەهەندا بە واتای ئەوەی میتۆدی دەروازەی ناوەکی و دەرەکی هەیە، لە ناوەکیدا جەختکردنە لەسەر سیستمێك لە پەیوەندییە گۆڕاوەکان، ئەمەش ڕەهاو سەربەخۆ نیە، بەڵکو پەیوەستە بە دەرەوە، ئەویش چین و کۆمەڵە بەرهەمهێنەرەکەی داهێنەرە))[3].

---

[1] محمد عزام، فضاء النص الروائی، مقاربة بنیویة تکوینیة في الأدب، ص 42.

[1] بڕوانە: ابراهیم خلیل محمود، النقد الأدبی الحدیث من المحاکات الی التقلید، ص 70 ، 71.

[2] بڕوانە: جابر عصفور، عن البنیویە التولیدیة، قراءة في لوسیان غولدمان، مجلة الفصول، عدد (68)، 2006، ص 30.

[3] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوەیە، ص 36.

ڕۆلان بارت دەڵێت: ((کاری گۆڵدمان بەرەو لاساییکردنەوە (المحاکات)مان دەبات، چونکە گۆڵدمان وا سەیری دەق دەکات کە سەربەخۆ نیەو لاسایی نموونەیەکی پێش وەختی ترە))[4].

((یەکێك لەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی گۆڵدمان دەکرێ ئەوەیە، کە دەکەوێتە پێچەوانەی بۆچوونەکانی خۆی، چونکە خۆی لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە دەڕوانێتە بابەتەکان، ئەویش بنەمای دیالێکتیکە، کەچی زۆر جەخت لەسەر یەکێتی و یەکانگیری لە کاری ئەدەبیدا دەکات))[5].

---

[4] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوەیە، ص 44.

[5] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوەیە، ص 50.

پاری سێیەم

هاونشینی- Syntagmatic و جێنشینی- Paradigmatic

بەگوێرەی بۆچوونی سۆسێر کەرەستەکانی زمان دوو جۆر، پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر هەیە، یەکەم: هەڵبژاردن. دووەم: تێکەڵبوون. هەڵبژاردن لەسەر بنەماکانی بەرابەری، وێکچوون، جیاوازی، هاوواتابوون، دژیەکبوون ساز دەبێت، لە حاڵەتێکدا لێکدرانی پێکهاتەی ڕستە لەسەر بنەمای هاونشینی هەڵدەبژێردرێ، هەر بێژەر، یا نووسەرێك، بەشەکانی وتارەکەی لەنێو مەبەستەکانی جۆراوجۆری وێکچوو هەڵدەبژێرێ و بەشێوەیەکی تایبەت لە تەنیشت یەك ڕیزیان دەکات، ئەو هەڵبژاردن و لێکدانی بەشەکانی وتارەکە دەیێتە هۆی واتاو پەیام کە بەجۆرێ یەکەمیان واتە هەڵبژاردن، دەڵێن پێوەندی جێنشینی و جۆری. دووەم واتە لێکدران دەڵێن پێوەندی هاونشینی[1].

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم مەبەستە، وا باشە دێڕێك لە شیعری (حافظ) بهێنینەوە کە دەڵێت:

غلام نرگس مست تو تا جدارانند

خراب بادەء لعل تو هوشیارانند [2]

لەم دێڕە شیعرەدا هەریەك لە وشەکان لە واتای تەواوی دێڕەکەدا بەشدارن و لێکدرانی وشەکان یا پێوەندی ئاسۆیی و هێڵی ئەوان، واتای شیعرەکە بۆ ئێمە مسۆگەر دەکات، کە لە شێوەی زاراوەدا پێی دەڵێن پێوەندی هاونشینی، لەلایەکی ترەوە شاعیر لەنێوان وشەکانی

---

[1] بڕوانە: د. بهرام مقدادی، فرهنگ اصطلاحات نقد ادبی از افلاتون تا عصر حاضر، ل 185.

[2] دیوانی خواجه شمس الدین محمد (حافظ شیرازی)، ص 270.

جۆراوجۆرو ئەو هاوواتایانەی کە لە زماندا هەن، بە تەنها ئەو وشانەی هەڵبژاردووە، دەیتوانی لە جێی وشەی نێرگس (چشم)، کە هاوواتای یەکترن، سود وەرگرێ، بە واتایەکی تر شاعیر دەیتوانی لە وشە هاوواتاکان سوود وەرگرێ، بەڵام لەبەر جوانی شیعرەکە وای بە باشتر زانیوە وشەی نێرگز، کە شاعیرانەیەو مەبەست لە (چاو)ە هەڵبژاردووەو لەگەڵ وشەی تردا لێکدراوەو ئاکام ئەو شیعرە جوانەی خولقاندووە، کە بە زاراوە پێی دەڵێن پێوەندی جێنشینی.

بە بۆچوونی یاکۆبسن بناغەی شیعر، لەسەر هەڵبژاردن نیە، بەڵکو لەسەر لێکدانەوەو شیکردنەوەی شیعر جیا نیە، لە شیکردنەوەی ئەو لێکدادانانە.

دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێت لە شیعردا هەم لە لێکدان و هەم لە هەڵبژاردنی وشەکان، هاوواتاکان لەبەرچاو بگرین، ئەو وشانەی لە تەنیشت یەکیان دادەنێین لە ئاست واتاو کێش و ئاهەنگەوە لەگەڵ یەك بگونجێن، هەر بەپێی ئەم بەڵگەیە، یاکۆبسن لەسەر ئەو باوەڕەیە، کە هەڵبژاردنی شیعری لە تەوەری لێکدانایە [1].

بەپێی بۆچوونەکانی سۆسێر، زمان سیستەمێکی هێماییە، هێماکان، دوو جۆر پێوەندی لەنێوانیاندا هەیە، یەکەمیان: هاونشینی، ئاسۆیی Syntagmatic دووەمیان: جێنشینی، ستوونی Paradigmatic ستوونی و ئاسۆیی مەبەست لە دراوسێیەتی هێماکانە، لەگەڵ یەکتری، واتە ئەو پەیوەندییانەی کە لە ئامادەگیدا (حضور) دروست دەبێت، ئەمەش ئەنجامی لێکدان و جووتبوونی هێماکانە، هەر هەڵەیەك ڕووبدات هەڵەی ڕێزمانییە *.

تەوەرەی جێنشینیش پێوەندیی هێماکانە لە نائامادەگی (غیاب) دروست دەبێ، ئەو هەڵانەی لێرەدا ڕوودەدەن، هەڵەی واتاین، واتە لەنێوان هێماکاندا یەکێکیان ئامادەیەو ئەوی

---

[1] بڕوانە: د. بهرام مقدادی، فرهنگ اصطلاحات نقد ادبی از افلاتون تا عصر حاضر، ل 186.

* ئەو هات بۆ ئێرە.

بۆ ئەو ئێرە هات (ڕیزبوونەکە ناتەواوە، ناڕێزمانییە، واتە ڕستەی ناڕێزمانی دروست دەبێت).

تریان نائامادەیە، بەمجۆرە دەتوانین بەشەکانی ئاخاوتن بدۆزینەوە، هەموو ڕستەیەکیش هەردوو جۆرە پەیوەندییەکەی تێدایە[**].

دوو جۆر پێوەندی واتایی لەنێوان کەرەستەکانی ڕستەدا دەبینرێن[*]، پێوەندی هاونشینی، ئەو پێوەندییەیە کە لەنێوان وشەکانی ڕستەیەکدا دروست دەبن، لە ئەنجامی ئەوەی کە لەسەر هێڵێك بەدوای یەکتردا دێن، هەریەکەیان کاریگەری لە کەرەستەکەی دوای یان پێش خۆی دەکات، پێوەندی هاوجێی، ئەو پەیوەندیەیە کە لەنێوان ئەو شتانەدا دروست دەبێ، کە لە

[**] دوێنێ منداڵەکە قەڵەمێکی کڕی

پێرێ ژنەکە کراسێکی کڕی

پار پیاوەکە سێوێکی خوارد

دوێنێ ئاوەڵفرمانی کاتییە ئامادەیە بەهۆیەوە ئاوەڵفرمانەکان دەدۆزینەوە.

کاتێك دەگوترێ: ئازاد بەردەکەی خوارد (هەڵەیەکی واتاییە، لەڕووی واتاوە ناتەواوە، بەڵام لەڕووی ڕێزمانییەوە تەواوە).

بەکارهێنانی هێماکان لە ئاستی ستوونیداو گۆڕینیان دەبێتە هۆی دروستبوونی خوازە.

بۆ ئەم بابەتە سوود لە محازەرەکانی خوێندنی باڵای (د. بکر عمر) زانکۆی کۆیە، ساڵی (2004) وەرگیراوە.

پێوەندی هاوجێیەتی سودەکەی لەوەدایە لە دۆزینەوەی پۆلەکانی وشەدا دەردەکەوێ، لە ڕێگای ئەم پەیوەندییەوە پۆلەکانی ئاخاوتن لەهەر زمانێکدا دیاری دەکرێت، دەتوانرێ هەموو فرمانێکی تێپەڕ بدۆزینەوەو لە تێنەپەڕی جیابکەینەوە، ئەم پەیوەندییە بۆ ڕێزمان گرنگە=

= پێوەندی هاونشینی ئەوەندە بەهێزە بەئاسانی دەست بەسەر پێوەندی هاوجێیەتیدا دەگرێ، لە هەندێ باردا ئەوەندە بەهێزە، هیچ مەودایەك بۆ هاوجێیەتی نامێنێتەوە بۆ نموونە:

- شیرەکە هەڵبزڕکا

لێرەدا هاونشینی ئەوەندە بەهێزە هێزی هاوجێیەتی کردووە بە سفر، چونکە ناتوانین شیرەکە بگۆڕینەوە بۆ هیچ وشەیەکی تر.

لە ڕستەیەکی وەك: سەگەکە دەوەڕێ.

پێوەندی هاوجێیەتی زۆر کەمە، چونکە تەنها سەگ دەوەڕێ.

[*] بۆ ئەم باسە سوود لە محازەرەکانی د. محمد معروف فتاح لە کۆرساتی ماستەری زمان، ساڵی (2001 ز) وەرگیراوە.

شوێنێکی ڕستەیەکدا دەتوانن لە جێی یەکتر بێن، بێتەوەی ڕێزمان و سیماتیکی ڕستەکە تێکبچێت، ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی ستوونییە، لەنێوان کەرەسەیەکی هەبوو (موجود)و چەند کەرەسەیەکی نەبوودا سەرهەڵدەدەن، بۆ نموونە:

مندالەکە سەگەکەی لاواند

↓ ↓ ↓

کوڕەکە مندالەکەی گەڕاند

↓ ↓ ↓

پیاوەکە بەرخەکەی کوشت

لە زمانی فارسیدا زۆر بابەت لەسەر تەوەری هاونشین و جێنشین نووسراوە، بە کورتی تەوەری هاونشین پێوەندی ساتەوەختەو تەوەری جێنشینیش لەسەر بنەمای پێوەندی نائامادەگییە لە زنجیرەی گوتارو پەیامدا، دەتوانین بەم نموونانە مەبەستەکانمان ڕوون بکەینەوە:

- او به أینده می اندیشد.

وشەکانی (او/ به/ أینده/ می اندیشد) زنجیرە گوتنێکی واتادارن، هەموویان بەیەکەوە پەیوەندییەکی هاونشینیان دروستکردووە، بۆ نموونە کە دەڵێیت:

- سنگها به أینده می اندیشند.

بەهۆی بێ واتایی و نارێکی توخمەکان لەگەڵ یەکتردا، پێوەندی هاونشینی دروست نەبووە، بەڵام لە پێوەندی جێنشینیدا هەریەك لە توخمەکان دەتوانن شوێن توخم و وشەکانی تر بگرنەوە، کە خاوەن بەهای واتایی و ڕێزمانی هاوبەشن، بۆ نموونە:

- یك کیلو سیب به من بده.
- دو کیلو سیب به من بده.
- دو کیلو پرتقال به من بده.

- دو مثقال زعفران به من بده [1].

((لە تیۆرەکەی یاکۆبسندا تەوەری هاونشین لەو پەیوەنییە ئاسۆیانە پێکدێ، کە ئەگەری لەپاڵ یەکدابوونی وشەکان بە مەبەستی پێکهێنانی یەکەیەکی لەباری ڕێزمانی دیاری ئەکەن، هەربۆیە لێرەدا لە جیاتی هەڵبژاردن، ئەوە ئاوێتەکردنی وشەکانە کە دەوری سەرەکی ئەگێڕێ و ئەم پەیوەندییانە ئەکرێ لە نێوان پیت و وشە و دەستەواژەو ڕستەدا پێك بێت)) [2].

بە بڕوای یاکۆبسن، کارکردنی ئەدەبی زمان بەندە بە دوو نموونەی دەربڕینی خوازەو خواستن، کە هەریەکەیان لە تەوەرەیەکی تایبەتدا جێگیر دەبن، بە واتایەکی دیکە زمان بەگشتی لەم دوو تەوەرەدا دێتە خولقاندن، کە بریتین لە تەوەری جێنشینی و هاونشینی، جیاوازی نێوان ئەم تەوەرەیە لە ڕاستیدا بە جیاوازییە لەنێوان ئەو ڕێسایانەی پەیوەندییە جێنشینی و هاونشینیەکان بەڕێوە دەبەن، پێوەندییە جێنشینیەکان ئەو پێوەندییە ستوونیانەی وشە جیاکانی ڕستەیەکن، کە دەکرێ بۆ پێوەندی نێوان ئەو وشانەش بەکاربرێ کە لەباری دەنگناسانەو ڕێزمانی و مانایییەوە لەبری یەکتر دەشێ بەکاربرێن، لەم تەوەرەیەدا لە جیاتی ئاوێتەکردن، ئەوە هەڵبژاردنەکە دەوری سەرەکی دەگێڕێ و لە ئاکامدا زمانێکی خوازەیی پێکدێت، کە ئەم زمانە دیسانەوە بە بڕوای یاکۆبسن لە شیعری لیریکدا بەکار دەهێنرێ.

پێویستە بگوترێ، بێ توانایی بێژەر لەم تەوەرە، یان تەورەکەی تری زمان لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی نەخۆشییەکی زماننناسی کە بە (زمان پەرێش)، یان (زمان ئاڵۆزی)، ناودەبرێت [3].

---

[1] مهیار علومی مقدم، نظریة های نقد ادبی معاصر، صورتکرایی و ساختارگرایی، ص 172 ، 173.

[2] بەختیار سەجادی، محەمەد مەحمودی، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، ل 146.

[3] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە، ل 146.

((پەیوەندییە تەکنشینیەکان لەنێوان ئەو کەرەستە سەرەتاییانەدا پەیدا دەبن کە لەیەك دەدرێن و دەخرێنە پاڵ یەك بۆئەوەی بتوانرێت پێوەندی تەکنشینی فۆرم دروستیان لێ پێك بهێنرێت))[1].

((جێنشینی لەبری دانان بەو پەیوەندییانە دەگوترێت کە لەنێوان کۆی ئەو کەرەستانەدایە کە دەتوانرێن لە شوێنە تەکنشینییە دیاریکراوەکاندا لە جێی یەکتری دابنرێن))[2].

((یاکۆبسن بەجۆرێکی تایبەتی لە واتاناسی شیعری کۆڵیوەتەوەو خاڵی گرنگی واتای وشەکانی لە پێکهاتەی شیعریدا هێناوەتە گۆڕێ، لە شیعردا سیستەمی واتاناسانەی وشەکان هەمان سیستەمی ناسراوی زمانی پێوەر نیە، ئەم ئاماژە واتایی و ئەبستراکت و بەتەنیایی وشانە لە پێوەندی لەگەڵ هاونشینی، یان پێگەی زماننناسانەی وشە لەنێو دێڕەکاندا بەدەست دێت، هەر لەبەر ئەم هۆیە یاکۆبسن و فۆرمالیستەکان وەرگێڕانی شیعریان بە زمانێکی تازە نەهاتوو دەزانی، چونکە لە وەرگێڕانی شیعردا بەردەوام واتایەکی تایبەتی، یا واتاگەلێکی چەند فاقی لەنێوان کۆی هاوواتاکانی وشەدا لەدەست دەچن، یاکۆبسن بەڕاشکاوی ڕایگەیاند کە لە وەرگێڕانی شیعریدا ڕاڤەی وەرگێڕ بۆ وشە وەردەگێڕدرێت، نەك خودی وشەکە))[3].

یاکۆبسن، ڕێسایەکی گشتی بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندییە ناوەکییەکاندا پێشنیار کرد: بەکارهێنانی دوو بنەمای گرنگی زماننناسی، واتە هەڵبژاردن و لێکدان، قسەکەر بەشەکانی ئاخاوتن لەنێوان بابەتە هەمەڕەنگە لێکچووەکانی هەڵدەبژێرێ و تائێرە کارەکەی پێوەندی بە تەوەری جێنشینی زمانەوە هەیە، بەڵام خاڵی گرنگ لێکدانی وشەکانە، کە دەبێتە پێکهێنەری ڕستەکان و لێرەدا کارەکە بە تەوەری هاونشینی زمان دەبەسترێتەوە، بە بۆچوونی یاکۆبسن جەختکردن لە شیعردا لەسەر لێکدانە، نەك، هەڵبژاردن، وشەکان لەسەر بنەمای

---

[1] د. محەمەد مەحوی، زمان و زانستی زمان، سەرەتایەك بۆ زانینی زمان، ل 128.

[2] هەر ئەو سەرچاوەی پیشوو، ل 128.

[3] بابك احمدی، ساختار تأویل متن، ص 71.

سروشتی مۆسیقا هاوسەنگ و هاوشێوەیی دەبن، بۆ نموونە هاوسەنگی فۆنیمەکان، لەسەر بنەمای یاسا فۆنۆلۆژییەکان لە ڕیتمێکی تایبەتیدا ڕێز دەبن و ئەم لێکدانە دەبێتە دروستکەری هاوشێوەیی لەنێوان دێڕەکان کە هەندێکجار سینتاکسی شیعری پێدەلێن، بەکارهێنانی فۆرمە گونجاوەکان و هاوسەنگی توخمە زمانییەکان دروستکەری پێوەندی سەرەکییە لە شیعردا[1].

((ئیتر بۆ یاکۆبسن ڕوونبوەوە کە میتافۆڕ لە بنەمادا لەگەڵ لێکچوون، یا چاکتر بڵێین لەگەڵ جێنشینی توخمەکان پێوندی هەیە، لە کاتێکدا، کە خوازەی ڕەها لەگەڵ دراوسێیەتی، یا بە دەربڕینێکی تر، لەگەڵ هاونشینی توخمەکان پێوەندی هەیە))[2].

بەپێی یاسای بەناوبانگی یاکۆبسن کە شیعر بە گواستنەوەی بەشەکانی زمان لە تەوەری جێنشینیەوە بۆ تەوەری هاونشینی زمان دەزانێ، هەر شیعرێك بەهۆی هاودەنگی وشەکان، یان پێویستییەکانی کێش پێك دێ و هەڵبژاردنی وشە، پەیڕەوی لە ڕێساکانی تەوەری هاونشینی، هەربۆیە زانیاری شیعر بەرلە هەموو شت زانیارییەکە لەبارەی زمانی شاعیرانەوە، هەر دەقێکی ئەدەبی ئاگادارکردنەوەیەکە لەمەڕ سیستمە جیاوازە وشەییەکان، کێشی فۆنۆلۆژیك و فۆرمە نقیسارییەکان و بە چەقی پێکدادانی ئەم سیستەمە ئەژمار دەکرێت، هەریەك لەم سیستەمانە لە هەر دەقێکی ئەدەبیدا ئەرکی سیستەمەکانی تر بەرتەسك دەکاتەوەو بۆ شتێکی نەناسراوی دەگۆڕێت. لە دەقی ئەدەبیدا هەر وشەیەك دەچێتە پاڵ وشەیەکی ترو، واتایەکی پێدەبەخشێ، بەڵام ئەم هاونشینیە بەردەوام یەکسان و یەکانگیر نیە، ڕەنگە ئەم هاونشینیە بەهۆی پێویستییەکی فۆنەتیکییەوە پێکبێت، یان بەهۆی پێویستییەکی سینتاکسی، یاخود هاوتەریبی واتای وشەکان، یان بە دەربڕینێکی تر هەر نیوە دێڕێکی شیعر، یان هەر ڕستەیەکی دەقێکی ئەدەبی لە کۆمەڵێك تەوەری

---

[1] بابك احمدی، ساختار تأویل متن، ص 76.

[2] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە، ص 81.

هاونشینی پێکهاتووە، نەك لە تەوەرێك، بەمجۆرە دەقی ئەدەبی دوا سیستەمی زمان و دۆزینەوەی کەرەستە نا کۆتاییەکانی ئەو زمانەیە[3].

*** دەتوانین تەوەری هاونشینی و تەوەری جێنشینی بەم نموونە ڕوون بکەینەوە:**

- سێ گەز چیت بکرە.

وشەکانی ئەم ڕستەیە، بریتین، لە (سێ، گەز، چیت)، جگە لەو پەیوەندییە دیارو ئاشکرایەی، کە لەنێوان خۆیاندا هەیانە، پەیوەندییەکی تریشیان هەیە، کە ئێستا لەم ڕستەدا نین، کە دەیانتوانی لەبری ئەو چوار وشەیە بەکاربێن و واتای ڕستەکە دەگۆڕا.

بە وتەیەکی تر ئەم ڕستەیەو بەگشتی زمان لەسەر دوو تەوەر خۆی دەنوێنێ، هاونشینی، بریتیە لە پەیوەندی نێوان وشەکانی ناو ڕستە، بۆ نموونە لەبارەی نموونەکەی سەرەوە دەتوانین وشەکانی (سێ/ گەز/ چیت/ بکرە) لە پەیوەندییەکی هاونشینیدان.

جێنشینی بریتیە لە پێوەندی نیوان وشە پێکهێنەرەکانی ڕستەکە لەگەڵ پاژە نادیارو لەبەر دەست نەبووەکانی ناو ڕستەکە لە ڕوانگەی ڕستەکەی سەرەوە دەتوانین بڵێین سێ لەگەڵ چوارو سەرجەم ژمارەکانی تر، یان گەز لەگەڵ مەترو سەرجەم پێوانەکانی تریان چیت لەگەڵ کرێشەو سەرجەمی چەشنەکانی تری پارچە لە پێوەندی جێنشینیدان[1].

بە باوەڕی یاکۆبسن لە ڕێگەی شێوەی هەڵبژاردنی وشەیەك لەنێوان وشەکانی هاوواتا لەسەر تەوەرەی جێنشینی و چۆنێتی لە پەنایەك دانانی ئەو وشانە لەسەر تەوەرەی هاونشینییەوە دەکرێ ڕستەیەك لە ئەرکی پەیوەندییەوە بۆ ئەرکی ئەدەبی بگوازینەوە[*].

---

[3] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە، 128.

[1] بڕوانە: عبدالخالق یەعقوبی، دەنگی بلورینی دەق، ل 25.

[*] با بڕوانینە ئەم نموونانەی خوارەوە:

1) خۆر لە ترسی تەلعەتی یار وەکوشێت، بە ڕووی زەردەوە هەلات و ڕووی لە کێوان کرد.

2) لە ترسی تەلعەتی یار خۆر وەك دێوانە، بە ڕووی زەردەوە ڕایکردو کەوتە کێوان.

((پێوەندیی هاونشینی ئەو پێوەندییانەیە، کە پەیوەستدارە بە ئاستی ئاسۆیی وشەکانەوە، بە خوێندنەوەی چ لە ئاست وشە بێت، یاخود ڕستە، مەبەستیش لەمە هەموو وشەیەك لە پەیوەندییەکی ئاسۆییدایە، بە پێش و پاشی وشەکانی خۆیەوە، بەشێوەیەك ناتوانی واتای ڕستەکە تێبگەیت، ئەگەر وشەکان لە سەرەتاوە تا کۆتایی نەبەسترایێتەوە، ئەمەش گوزارشتکردنە لە ئامادەبوونی وشە))[1].

---

3) لە خەوڤ تەلعەتی یار، ڕۆژ چەشنی شێتی، بە ڕوو زەردی هەڵات و دایە شاخان.

4) لە خەوڤ تەلعەتی ڕۆژ هەر وەکوو شێت

بە ڕوو زەردی هەڵات و کەوتە کێوان

دەتوانین لەڕووی ئەو نموونانەی سەرەوە بە ڕوانگەی یاکۆبسن لەمەڕ چۆنیەتی کارکردو ئەرکی وشەکان لەسەر دوو تەوەرەی هاونشینی و جێنشینیندا بچینەوە، یاکۆبسن پێی وابووە جۆری هەڵبژاردن و لە پەنادانانی وشەکان کاریگەرێتییەکی ئەوتۆی لەسەر بنەمای واتای ڕستەکە نییە، بە بۆچوونی یاکۆبسن ئەو کاریگەرێتییە لەسەر خودی پەیامەکەیەو ڕووی پەیام بەرەو خودی پەیام وەردەگێڕێ. بەم پێیە ڕستەی یەك نموونەی کارکردنی ئاسایی و باوی زمانی ڕۆژانەیەو ڕووی پەیام لەم ڕستەیەدا لەبابەتی پەیامە لە ڕستەی دوودا بەهۆی جێگۆڕینەوەی (خۆر)و دەستەواژەی (لە ترسی تەلعەتی)، هەروەها بەکارهێنانی ئەم ڕستەیە بەشێوەی (کەوتە کێوان)، سەرنجی خوێنەر وردە وردە بەرەو خودی پەیام ڕادەکێشێ =

= لە نموونەی سێشدا ڕووی پەیام لە خودی پەیامە، بەڵام ئەو جیاوازییەی لەگەڵ یەك و دوودا هەیە کە خاون جۆرە کێشی و ئاهەنگێکە. نموونەی چوار جگە لەوەی خاوەن کێش و ئاهەنگە خەیاڵویشەو لەچاو سێدا خاوەن تایبەتمەندێتی شیعری زیاترە.

نالی لێرەدا لەسەر تەوەرەی جێنشینی لەبری وشەی ترس، خەوف و لەجیاتی وشەی دێوانەو شێت لە جیاتی وشەی خۆر، ڕۆژی بەکارهێناوە، ئینجا لەسەر تەوەرەی هاونشینی لە جیاتی ئەوەی بەشێوەی باوی ڕێزمانی ڕستە، ڕۆژ لە سەرەتاوە بێنێ پاش دەستەواژەی (لە خەوڤ تەلعەتی) بەکاربردووە، بە وتەیەکی تر لێرەدا شێوەی هەڵبژاردن وچۆنێتی لە پەنایەك دانانی وشەکان لە خوڵقاندنی ئەم شێوەدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن، هەربۆیە دەتوانین بڵێین ڕادەی ئەدەبیەتی ئەرکی زمانی لەم دێڕە شیعرەی (نالی)دا گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی.

بڕوانە: عبدالخالق یەعقوبی، دەنگی بلورینی دەق، ل 26، 27.

[1] ادیث کیرزویل، عصر البنیویة، ترجمة جابر عصفور، ص 290.

((جێنشینی گوزارشت لە پێوەندی نائامادەگی دەکات بەوەی باس لە پێوەندیی وشە ئامادەبووەکان لەناو ڕستەدا بە وشە نائامادەگییەکان کە پەیوەندار دەبن لەگەڵیاندا لێرەدا هەندێ وشە ئامادەیەو هەندێکی تر نائامادەیە، هەمیشە وشە نائامادەگییەکان کاریگەرییان لەسەر وشە ئامادەکان هەیە، بەشێوەیەك زۆرجار وشەی نائامادە واتای وشەی ئامادە دیاری دەکات))[2].

((پێوەندی جێنشینی لەنێوان ئەو وشانەدا دروست دەبێت کە دەتوانن لە ڕستەیەکدا بێن، بێئەوەی ڕێزمان و سیمانتیکی ڕستەکە تێکبچێت، لەم پەیوەندییەدا کەرستەیەکی هەبوو (موجود) لەگەڵ چەند کەرەستەیەکی نەبوو (غیر موجود) بەشێوەیەکی ستوونی سەرهەڵدەدا))[3] *.

---

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 29.

[3] ڕەحیم قادر سورخی، ڕۆڵی واتا لە پەیوەندییە گشتیەکاندا، ل 106.

* د. شکری عیاد دەڵێت: "کاتێك یاکۆبسن ئاماژە بە تەوەری هاونشینی و جێنشینی دەکات، دەیەوێت جیاوازی لەنێوان خوازەی نێراو (المجاز المرسل)و خواستن (الاستعارة)دا بکات. یەکەمیان دەگەڕێنەوە بۆ هاونشینی، دووەمیشیان، بۆ جێنشینی، لە ڕاستیدا هەردووکیان دەگەڕێتەوە بۆ جێنشنیی، چونکە ئێمە سەیری وشە لەناو دەقدا دەکەین، نەك سەیرکردنێك وەك موفرەدەیەکی زمانی=

= بڕوانە: د. شکری عیاد، موقف من البنیویه، مجله الفصول، العدد (68)، 2006، ص 73.

دی سۆسێر، ڕەخنە لە وانە دەگرێت کە پێناسەی زمان بەوە دەکەن کە تەنها کۆمەڵێك دەنگ بێت، بێئەوەی باس لە تایبەتمەندێتی سیستم بکەن *.

* لەم بارەیەوە د. محمد محمد یونس دوو جۆر پێوەندی دیاری دەکات، یەکەم، پێوەندی ئاڵوگۆڕ (العلاقات الاستبداليه). دووەم پێوەندی هاوپەیمانی (العلاقات الائتلافيه) بۆ نموونە، کاتێك قسەکەر دەڵێت (استقبلت في بيتي خمسة أصدقاء)، هەریەکە لە وشەکان دەکەونە پەیوەندییەوە، کەواتە هەڵبژاردنی وشەکان دەکەوێتە سەر قسەکەر بەپێی دەوروبەر (سياق)، یان کاتێك دەڵێیت (حضر سبعة طلاب)، بەکارهێنانی (حضر) لە جیاتی (غاب، نجح) سبعه لە جیاتی (ثمانية)، یان (تسعة)، (طلاب)، لە جیاتی (مدرس)، یان (رجال)، دەگەڕێتەوە سەر قسەکەر. پێوەندی نێوان وشەی بەکارهاتوو لەگەڵ ئەو وشانەی کە دەکرێ بەکاربهێنرێن، پێوەندیی گۆڕانە (علاقه تغاير)، چونکە بەکارهێنانی هەر وشەیەکیان واتاکە دەگۆڕێ. جارێکی تر دەگەڕێینەوە بۆ نموونەکە: قسەکەر دەڵێت: (حَضَرَ) ناڵێت (حضرا)، یان (حضرو)، (حضرت)، یان دەڵێت: (سبعة) ناڵێت (سبع)، (سبعا)، (سبع)، (سبعةِ)، چونکە سیاقەکە، ئەوانە پەسند ناکەن. بەمجۆرە پەیوەندییانە دەگوترێ (پێوەندی وێکچوون – علاقات التشابه)، چونکە وشە ناوبراوەکە هەروەك وشە لابراوەکەیە لە واتادا، هەرچەندە لە ڕووخساردا دەگۆڕێن.

ئەو واتایەی کە قسەکەر دەری دەبڕێت لەژێر کاریگەری جۆرێکی تر لە پەیوەندیدایە، ئەویش پێوەندی هاوپەیمانییە (دی سۆسێر)یش پێی دەڵێت: پێوەندی هاوپەیمانی (العلاقات الائتلافيه) وەك بەم نموونە ڕوونی دەکەینەوە: –ضرب عنقه. نەگوتراوە، ضرب جيده.

هەرچەندە جۆرە هاوواتاییەکی هەستی لەنێوان هەردوو وشەکە، (عنق، جيد) هەیە، بەڵام پێوەندی سەرەکی نێوان وشەی (ضرب) لەگەڵ (جيدة)دا نامألوفە، چونکە لە وشەیە یەك بەدوای یەکەکاندا پێوەندی هەیە، بۆ نموونە دەتوانین لە جیاتی حضر سبعة طلاب لە جیاتی (سبعه)، (تسعه، عشره... تاد) بڵێین، ئا بەم شێوەیە، پێوەندی ئاڵوگۆڕ، پێوەندی ستوونییەو پێوەندی هاوپەیمانی پێوەندی ئاسۆییە.



بڕوانە: د. محمد محمد یونس، مدخل الى اللسانيات، ص 29، 30، 31.

پاری چوارەم
ڕەخنەگرتن لە بونیادگەری

هەموو شتێکی تازە دەکەوێتە بەر ڕەخنەی ڕەخنەگرانەوە، دەبێت باوەڕ بەوەش بێنین، کە هیچ شتێ بێ ڕەخنەگرتن پێش ناکەوێت. بونیادگەریش ڕەوتێکی تازەیە، مێژوویەکی زۆر کۆنی نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك ڕەخنەی لێگیراوە، لە بواری ئەدەبیشدا کاتێك دەگوترێ: ((بونیادگەری لاشەیەکی زمانەوانی، یاخود کۆمەڵێك ڕستەیە، وەك ئەوەی ڕۆلان بارت گوتوویەتی))[1]، ((لێرەدا ڕاستە زمان کەرەستەی ئەدەبە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، کە ئەدەب هەمووی زمان بێت، بۆ نموونە، کاتێك دەڵێن بەرد کەرەسەی پەیکەرە، بەڵام پەیکەر هەمووی بەرد نیە))[2].

یەکێکی تر لەو ڕەخنانەی کە لەم میتۆدە دەگیرێت، ئەوەیە، کە دەگوترێ: ((بونیادگەری پرەنسیپەکانی خورپەو پەیام ڕەتدەکاتەوە))[3]، دیارە لێرەدا ئەم ڕەخنەیە زیاتر ڕووبەڕووی بونیادگەرییە فۆرمالیستەکان دەبێتەوە، نەك بونیادگەری پێکهاتەیی. کۆڵەکەی زمانیش لە ڕوانگەی جەختکردنی دی سۆسێرەوە بووە*.

---

[1] د. شكرى عزيز الماضى، في نظرية الأدب، ص 192.

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل 192.

[3] الدكتور فائق مصطفي، الدكتور عبدالرضا علي، في النقد الأدب الحديث منطلقات و تطبيقات، ص 183.

* روجیە غارودی دەڵێت: کاتێك دی سۆسێر باسی زمانی کردووە، مەبەستەکەی ئەم خاڵانە بووە:-

أ- زمانی وەك دەزگایەکی کۆمەڵایەتی لە گوتار (الكلام)، کە لە بکەرەوە سەرچاوە دەگرێت جیاکردۆتەوە.

ب- زمانی لە مێژووی زمان، لە ڕێگەی دابڕانەوە جیاکردۆتەوە، زیاتریش جەختی لەسەر سینکرۆنی کردۆتەوە.

- **کورتـــەی ڕەخنـــەکانی (ســـوزان ڕوبـــین) لـــە بونیادگـــەری بەم چوار خاڵەی خوارەوە ڕوون دەکەینەوە :-**

1. بونیادگەری نیوە زانستە، شتی سەرسوڕهێنەرو وێنەی بەیانی و خشتەی ئاڵۆزمان لەبارەی هەندێ شتەوە پێشکەش دەکات، کە پێشوەخت زانیاریمان لەبارەیەوە هەیە، لەبەرئەوە ئەمە نەك هەر سوودمەند نیە، بەڵکو زیانبەخشیشە، چونکە ئەدەب و ڕەخنە لە سیفاتە مرۆڤایەتییەکان ڕادەماڵێ.

2. بونیادگەری بەتەواوەتی مێژوو ڕەتدەکاتەوە، ئەمەش کاتێك پەسەندە، کە بابەتەکە پێوەندی بە وەسفکردنێکەوە بێت، کە لەسەر پایەی سەقامگیری و نەگۆڕی دامەزرایێت، بەڵام کاتێك مامەڵە لەگەڵ دیاردەیەك دەکەیت، کە سروشتێکی گۆڕاوی لەگەڵ زەمەندا هەیە، ئەمە گونجاو نیە.

3. بونیادگەری بێجگە لەوەی، کە وێنەیەکی شێوێنراوی ڕەخنەی نوێیە، هیچی تر نیە، ئەمەش پێشتر زانیومانە بەوەی، کە سەیری دەق بە سەربەخۆیی و دابڕان لە ڕەگ و ڕیشە دەکات.

4. بونیادگەری واتا فەرامۆش دەکات، هەرچەندە دەڵێن دەق خاوەن واتای جۆراوجۆرە، بەڵام بایەخنەدانیان بە واتا دەیانخاتە دژایەتییەکەوە لەگەڵ هیرۆمۆنتیکەکان Hermeneutics، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بونیادگەری بەشێوەیەك لە شێوەکان هیچی پێ نیە پێشکەشی بکات.[1]

ت- زمانی لە سیاقی کۆمەڵایەتی دابڕیووە بۆئەوەی بەپێی یاسا تایبەتییەکانی خۆی توێژینەوەی لەسەر بکرێت.

بڕوانە: روجیه غارودی، البنیویة فلسفة موت الأنسان، ص 24.

[1] بڕوانە: سوزان روبین، ماالذی یمکن للبنیویة ان تقدمة؟ فصل من کتاب ماهو النقد لمجموعة مؤلفین، تحریر بول هیری، ترجمة، سلافه حجاوی، ص 80 -89.

یەکێکی تر لەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی بونیادگەریی دەکرێت ئەوەیە، کە دەگوترێ، ئەوان شیکردنەوەیەکی گشتگیری بۆ دەقی ئەدەبی دەکەن، بەواتای ئەوەی، تەنها بەشێکی دەقە ئەدەبییەکە وەرناگرن، بەڵکو جەخت لەسەر هەمووی دەکەنەوە، بۆ نموونە، بونیادگەراکان تەنها (واتا)، یاخود (وێنە) یان (شێواز)... تا کۆتایی بەجیا وەرناگرن، دەڵێن ڕاستە دەقی ئەدەبی لە کۆمەڵێك توخم پێکهاتووە، بەڵام بە گرێدانی هەموو توخمەکان و لکاندنیان پێکەوە، سروشتە کۆنەکەی خۆیان لەدەست دەدەن و شتێکی تر پێکدەهێنن و نرخە ئەدەبییەکەیان لە دەقەکەوە وەردەگرن. ئەرکی ڕەخنەگری بونیادگەریش توێژینەوەیە لەوەی کە چ جۆرە یەکگرتن و هاودژی و ڕێنەکەوتن لەنێو دەقەکەدا هەیە، هەموویان بخەنە چوارچێوەی دەقەکەوە[1].

((بونیادگەری توێژینەوەی ئەدەبی دەکات بەوەی بونیادێکی سەقامگیرو دابڕاوە لە سیاقی مێژوویی، دەکرێ سەقامگیرییەکی ڕێژەیی بۆ هاوڕێکی زمان بۆ ساتەوەختێکی دیاریکراو پەسەند دەبێت، بەڵام بونیادی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی لەژێر کاریگەری یاساکانی دیالێکتیکیدایە))[2] *.

هەر بۆ ئەم مەبەستەیش بڕوانە: د. محمود السمرە، النقد الأدبی والأبداع في الشعر، ص 11.

هەروەها بڕوانە: یوهانس ویلم برتنز، نظریة ادبی، ل 105.

[1] بڕوانە: د. ابراهیم محمود خلیل، النقد الأدبی الحدیث من المحاکاة الی التفکیك، ص 97.

[2] فاضل ثامر، اللغة الثانیة، ص 152.

* بە بۆچوونی فاضل ثامر بونیادگەریی دەسەڵاتی دەق (Text)ی بەرز ڕاگرتووە، بایەخی بە توخم و فاکتەرەکانی دەرەوەی دەق وەك دانەرو خوێنەرو واقیعی دەرەکی و مێژوویی نەداوە، بەڵام ڕێڕەوەکانی دوایی، لەوانە: دوای بونیادگەری، مابعد البنیویە (Post Structuralism) هەڵوەشاندنەوەگەرایی و (توێکاری – الترشیح – Deconstruction)، دەسەڵاتی خوێندنەوە (القراءة)و خوێنەر (القارئی)یان بەرز ڕاگرتووە، هەروەها (فاضل ثامر) دەڵێت: "لە میتۆدی بونیادگەریدا خوێنەر لەژێر کاریگەریی خودی دەق و توانستە ناوەکییەکەیدایە. بە واتایەکی تر، خوێنەر ناتوانێ لە خۆیەوە شت بۆ دەقەکە زیاد بکات، چونکە دەق لە ڕوانگەی بونیادگەرییەوەیەکە گەیشتن بە نهێنییە ناوەکییەکانی گرنگە، لە کاتێکدا لە ڕوانگەی هەڵوەشاندنەوە گەراییەوە خوێنەر دروستکەری دەقە."

((هەرچەندە زمان کەرەسەی پێکهێنانی دەقی شیعرییە، بەڵام ناکرێت بەشێوەیەکی ڕەها دەقی ئەدەبی لەناو یاساکانی زماندا بتوێتەوە))[3].

((کاتێك ڕەخنەگرێك، بە میتۆدێکی زمانەوانی ڕووتەوەو بە پشتیوانی چەند خشتەیەکی ئامادەییەوە بونیادی دەقێك شی دەکاتەوەو هەڵیدەوەشێنێتەوە، تا بگات بەوەی ڕوونی بکاتەوە، ئەوا گەوهەرو گیانی دەقە شیعرییەکە لەبار دەبرێت))[4].

(رینیە ویلك) پێی وایە ((پێویستە ڕەخنە لە زمانەوە بەرەو جیهانی شاعیرو نووسەر تێپەڕی))[5].

((ئەو میتۆدانەی لەسەر بنەمای ئامار توێژینەوە لەسەر ئەدەب دەکەن ناتوانن گوزارشت لە گرنگی تەواوی دەقەکە بکەن))[6] *.

- **(د. عبدالعزیز ابراهیم) دەڵێت: خوێندنەوەی دەق بە پێی میتۆدی بونیادگەری ڕووبەڕووی چەند گرفتێکمان دەکات، دەتوانین بەم چوارخاڵەی خوارەوە ڕوونی بکەینەوە:-**

1- سوودی ئەم ماندووبوونە چیە؟ لە کاتێکدا خوێنەر نەزانێ چۆن چێژ لە دەقەکە وەربگرێت و نرخی هونەری و ئیستاتیکای دیاری بکات.

2- ونبوونی نرخی ئیستاتیکاو هونەری لەناو خشتەی ئاماریدا بەجۆرێك، کە خوێنەر زۆر پێویستی بەوە نیە، بەڵکو پێویستی بە ڕەوانبێژی خودی دەقەکەیە.

ڕەخنەگری ئەڵمانی (ولنجانج إیر) دەڵێت: "دەق پڕە لە کەلێن (ثغرات) خوێنەرو ڕەخنەگر پڕی دەکەنەوە."

بڕوانە: فاضل ثامر، الصوت الأخر، ص 227.

(3) سعید الغانمی، المعنی والکلمات، ص 84.

(4) علی الطائی، الشعر والمناهج النقدیه، ص 40.

(5) مجموعة من الأساتذة، حاضر النقد الأدبی، ترجمة، د. محمود الربیعی، ص 52 – 53.

(6) رینیه ویلك، مفاهیم نقدیه، ص 440

* هەروەها بڕوانە: د. فوئاد رشید، ناسنامەی دەق، ل 71، 72.

3- یەکە ڕەخنەییە کۆنەکان پانتاییان لەم میتۆدە تازەدا داگیرکردووە بەناوی تازەی ترەوە.

4- ڕاڤەکردنی دەق خراوەتە ئەستۆی خوێنەرو دانەری لێ دورخراوەتەوە بە بیانووی ئەوەی دەق داخراوەو بنەچە نیە، هەموو دەقێك لەژێر کاریگەری دەقناوێزاندایە، لە کاتێکدا نازانن ئەوە توانای دانەرە، کە دەتوانێ بەپێی دەقناوێزان، دەقی تر تێکەڵ بە دەقەکە بکات[1].

پێوەندی زمانەوانی بە ئەدەبەوە پێویستە تەنها هەر پێوەندییەکی ساتەوەختی سینکرۆنی نەبێت، بەڵکو لە هەمان کاتیشدا پەیوەندییەکی دیاکرۆنی مێژووییش هەبێت، بە واتایەکی تر، سوود وەرگرتنی ئالۆگۆڕ (متبادل) لەنێوان زمانەوانی و ئەدەبدا پێویستە، هەر تەنها لەو ئەنجامانەوە سەرچاوە نەگرێت، کە ئەمڕۆ بەدەست دێت، بەڵکو پێویستە ئاوڕێکیش لە توێژینەوە زمانەوانی و ئەدەبییەکانی کۆنی دیاکرۆنی بدرێتەوە. بابەتی زمانەوانی زمانێکە بەدەر لە ئاست ڕەگەزو نەتەوەو مێژوو، بابەتی ئەدەبیش وێناکردنی ژیانە لەسەر شاشەی زمان، ژیانی ئەدەبی بێ زمان بوونی نیە، کەواتە زمان ئامانجی زمانەوانییەکانە. لە هەمان کاتیشدا هۆیەکی گەیەنەری ئیستاتیکای ئەدەبە بۆ گوزارشتکردن لە ژیان[2] *.

---

[1] عبدالعزیز ابراهیم، التفسیر الأدبی للنص، مجلة الأقلام، عدد (4)، 2001، ص 31.

[2] بڕوانە: د. مازن الوعر، اللسانی الادبی، مجله الفکر العربی المعاصر، عدد (54). سنه 1998، ص 63.

* لە ڕوانگەی (د. کمال ابودیب)ەوە دەق لە دوو ڕوانگەی ناوەوەو دەرەوە دەخوێندرێتەوە، هەندێ دەق هەیە تەنها بە خوێندنەوەیەکی ناوەکی ئەنجامەکانی لێ بەدەست دێت، بەڵام هەندێ دەقیش هەیە ڕاتدەکێشێ بۆ جیهانی دەرەوە، بۆ ئەو جیهانەی کە دەقەکەی تێدا بەرهەم هاتووە، بۆ نموونە: کاتێك من دەقێکی(بدر شاکر السیاب) دەخوێنمەوە باسی کەسایەتی ئەفسانەیی دەکات، یەکسەر ڕامدەکێشێ بۆ جیهانی دەرەوە.

بڕوانە: چاوپێکەوتن لەگەڵ (کمال ابودیب)، مجله الاقلام، العدد (10) سنه 1985، ص 26.

ئەگەرچی بونیادگەری زۆر باس لە نزیکبوونەوە لە دەق و ڕۆچوون بە ناخیدا دەکات، کەچی هێندە لێی دوور دەکەوێتەوە، خوێنەر لەبیری دەچێتەوە ڕەخنەگر باسی چی دەکات لەبری ئەوەی ڕووناکی بخاتە سەر دەقەکە، دەیشارێتەوە، ئەم خشتەو شێوە ئەندازیاریانەش کە بونیادگەران پەنای بۆ دەبەن خوێنەر لە دەقەکە دوور دەخەنەوە، لەناکاو بازنە، سێگۆشە، لاکێشە، تیرو هێڵکاری سەیر سەیر قوت دەکەنەوە بێ ئەوەی خوێنەر بزانێ، چی شیعری (بۆدلێر)، یان (نالی) لەگەڵ ئەو هێڵە ڕاست و چەپانەدا کۆدەکاتەوە، لای بونیادگەرەکان ئاماژەپێکەر گرنگە، ئاماژەپێکراو گرنگ نیە، هەروەها ئاماژەپێکەر تەنها یەك ئاماژەپێکراوی نیە[2].

لێرەدا (حەمە سعید حەسەن) وادەزانێ، کە ئەو هێڵکارییانە شتێکی لەخۆوەیە تەنها خوێنەر دروستی دەکات، بەڵام ئەو هێڵکارییانە لە پرەنسیپەکانی بونیادگەرییەوە سەرچاوە دەگرێت، بەوەی دەق یەکەیەکی پێکەوە بەستراوە، لە گشتەوە بۆ پارچە دەچێت، بەڵام ئەگەر زۆر کەس وەك جوانکارییەکی بێ بنەما ئەم هێڵکارییە بەکاربهێنێ، دیارە ئەوە تێنەگەیشتنە لە بنەماو پرەنسیپەکانی بونیادگەری.

دوالیزمی ئامادەبوون و ئامادەنەبوون (ثنائیات الحضور والغیاب) بابەتێکی گرنگی بونیادگەرییە، ئاماژەکەر وێنەی دەنگییە، گوزارشت لە ئامادەبوونی دەق دەکات، کەچی ئاماژەپێکراو وێناکردنێکی زەینییە، دۆخی ئامادەنەبووە، ئەرکی خوێنەر هێنانەوەی

هەروەها (د. کمال ابودیب) دەڵێت: "گۆڵدمان زیاتر جەخت لەسەر پێوەندی بونیادو مێژوو دەکات. ئەوە ڕووندەکاتەوە کە بونیاد مێژوویە، بە بۆچوونی من هیچ جۆرە دژایەتییەك لەنێوان بونیاد و مێژوودا نابینم، هەر ئەوەیە، بونیاد زۆر بەربەرەکانێی گۆڕان دەکات، بەرەو سەقامگیریش دەڕوات، بەڵام سەقامگیرییەکی ڕەها نیە، ئەنجامی پرۆژەیەکی مێژوویە."

بڕوانە: هەر ئەو چاوپێکەوتنە، ل 24، 25.

[2] بڕوانە: حەمە سەعید حەسەن، لە بونیادخوازییەوە بۆ هەڵوەشانەوەی دەق، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (43). ساڵی (2000)، ل 41.

ئامادەنەبووەکەی ذهنییە، کەواتە نیەتی خوێنەرو بۆچوون و شارەزاییەکەی لەگەڵ نیەتی دانەر هیچ بایەخێکیان نیە، چونکە لەژێر کاریگەری دەسەڵاتی زمانی دەقەکەدان و ناتوانن بەرەو دەرەوەی دەق وەرچەرخێن [1].

کەواتە دەرکەوتنی هەڵوەشاندنەوەگەرایی، لێدانێکی بونیادگەری بوو، چونکە توانی پایەی خوێنەر بەرزبکاتەوە، هاوڕێکی دەق بەوەی جۆرێکە لە سیستم و گونجان لەنێوان هەموو ئاستەکانی دەقدا لە پرەنسیپەکانی بونیادگەری بوون. لە ڕوانگەی هەڵوەشاندنەوە گەراییەوە پێچەوانە بووەوە، ئەمان جەختیان لەسەر هەڵوەشاندنەوە لە یەك و دوورکەوتنەوە لەناو دەقی ئەدەبیدا دەکرد، ئەو بۆچوونەیان ڕەتکردەوە کە خوێندنەوەیەکی ڕاست و دروست بۆ دەق هەبێت، بەڵکو جەختیان لەسەر لایەنی فرە خوێندنەوەیی دەکرد[2]. ڕەخنەی پێشوازی لە خوێنەر (نقد استجابة القارئ) کۆمەڵێك پرەنسیپ و بنەمای هەبوو تەنها جەختکردن نەبووە لە ناوەوەی دەق، بەڵکو هەموویان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە خوێنەر خولقێنەرو داهێنەری دەقە، ئەمەش وەرچەرخانێکی گەورە بوو، ئیتر نەدەتوانرا باسی واتای دەق بکرێ، ئەگەر بەشداری خوێنەر لەبەرچاو نەگیرێ[3].

لای بونیادگەرییە فۆرمالیستەکان بەتایبەتیش (ڕۆلان بارت)، دەق بونیادێکی داخراوی هەیەو واتای بە خۆی تەواو دەبێت و پێویستی بە سەرچاوەی مێژوویی و سیاقی دەرەکی نیە[4]. دیارە بە بۆچوونی (فاضل ثامر) ئەمە تێنەگەیشتنە لە دیاردەی ئەدەبی، هەر (ڕۆلان بارت) لە قۆناغی دوای بونیادگەریدا بۆ بەرز ڕاگرتنی پێگەی خوێنەر لەسەر ئەستۆی دانەر،

---

[1] بڕوانە: فاضل ثامر، الصوت الأخر، ل 229.

[2] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە، ل 231.

[3] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە، ل 223.

هەروەها بڕوانە:

A readers Guide to contemn porary literary theory. p.25.

[4] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە، ص 226.

دەڵێت: "لە خوێنەردا هەموو پانتاییەك دەبینێتەوە." لە کۆتایشدا بەرەو ئەوە دەڕوات، کە دەڵێت: "لەدایکبوونی خوێنەر پابەندە بە مردنی دانەرە"و[1]. لێرەدا (فاضل ثامر) وای دەبینێ، کە جەختکردن لەسەر دەسەڵاتی تاك، جا ئەو تاکە دەق بێت، یان خوێنەر، ئامانج یەکە، ئەویش هەڵوەشاندنەوەو ڕۆڵی داهێنانی نووسەرە، لە هەمان کاتیشدا فەرامۆشکردنی ڕۆڵی خودی مرۆڤە لە مێژوود[2] *.

---

[1] بڕوانە: رولان بارت، درس السميولوجيا، ص 87.

[2] بڕوانە: فاضل ثامر، اللغة الثانية، ص 131.

* (پول ریکور) دەڵێت: ناتوانین تەنها پشت بە دەق و خوێنەر ببەستین، تا لە واتا تێبگەین، بەڵکو پێویستمان بە سەرچاوەی مێژوویی دەق هەیە، تا بتوانین واتای دەق ڕاڤە بکەین، هەموو دەقێکیش سیاقێکی مێژوویی لەگەڵدایە، نموونەی هێرمۆنتیکی دەق ئەوەمان پێدەڵێت کە فرەواتایی دەق تەنها لە جیهانی دەقەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو سەرچاوەیەکی مێژوویی لەگەڵدایە کە بریتیە لە جیهانی نووسەرو بارودۆخی خوێنەرو ڕاڤەکردن.

بڕوانە: Modern movements in European philosophy. P.108.

(عبدالجبار داود البصری) دەڵێت: "لە بواری ڕەخنەدا (ڕۆلان بارت) بە پاڵەوانی دەق دەژمێردرێ، بەوەی بڕیاری مەرگی نووسەری داوە، ئەم مردنی دانەرە لە (فۆکۆ)و (لادان)ەوە دەستی پێکردووە، (روجیه غارودی)یش کردوویەتی بە ناونیشانی کتێب بە ناوی (مەرگی نووسەر)ەوە، بەڵام چیرۆکی مردنی نووسەر ئەفسانەیەکە لە ئەفسانەکان، دانەر هەر دەمێنێ، ئەگەر هەموو بەرهەمەکانیشی ئاگر تێبەردەیت دوای چەند سەدە هەر دەق بە نووسەرەکەیەوە دەناسرێت."

دیارە لێرەدا ئەمە بۆچوونی (عبدالجبار داود البصری)یە، ئەگەینا لەسەر ئەم بابەتە دیدو بۆچوونی جیاواز هەیە، هەربۆیە لە ڕوانگەی میتۆدی جیاوازەوە، سەیری دەقی ئەدەبی دەکرێت.

بڕوانە: عبدالجبار داود البصری، الموسوعه الصغيره، خرافات ادبيه، ص 7 – 11.

- **لای هەندێ توێژەرو ڕەخنەگران میتۆدی بونیادگەری هەردوو لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی هەیە، لایەنە پۆزەتیڤەکەی خۆی لە کۆمەڵە خاڵێکدا دەبینێتەوە، لەوانە:-**

1) خوێنەری باش ئامادە دەکات، بۆ نموونە خوێنەری ڕۆمان هەر تەنها بۆ خۆشی وچێژ نابێت، بەڵکو دەبێت شارەزایی باشی لە دەستوری زمانە هونەرەکانی گوتندا هەبێت.

2) ڕێگە لە بەربڵاوی ئەدەب دەگرێ، بەوەی بە زەحمەت دەتوانی کۆمەڵێك لـە خوێنەری باش ئامادە بکەیت، ئەمەش جۆرێکە لە ئۆرۆستقراتیەتی ئەدەب.

3) ئەم میتۆدە وا لە خوێنەر دەکات بەرەو ئاستێکی بەرزی ڕۆحی ڕەخنەیی دەبات، خوێنەر هەر بەرخۆر (مستهلك) نەبێت، بەڵکو داهێنەریش بێت.

خاڵە نێگەتیڤەکەی میتۆدی بونیادگەری، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە پاڵتابی ئەو ژینگە فەرامۆش دەکات کە نووسەری تێدا پەروەردە بووەو لەژێر کاریگەریێتیدا بووە، چونکە خودی زمان کۆمەڵێك ڕەمزی کۆمەڵایەتی و کەرەسەی قسەکردن و گەیاندنە، ئەم دوورە پەرێزییە لە ژیانی کۆمەڵایەتی ڕەخنەگرانی بونیادگەری بەرەو ئەوە برد کە هەموو ناوەڕۆکێکی ئەخلاقی و ئیستاتیکایی وەلا بنێن، دیارە هیچ کارێکی ئەدەبیش بێ زمان نابێت[1] *.

---

[1] بڕوانە: کمال ابو دیب، جدلیة الخفاء والتجلی، ص 7.

محمد علی الکردی، النقد البنیوي بین الأیدیولوجیا والنظریة، ص 150.

الدکتور فائق مصطفي، الدکتور عبدالضا علي، في النقد الأدبی الحدیث منطلقات و تطبیقات، ص 184، 185.

* لای بونیادگەرەکان توێژینەوە لەسەر وشەی ڕووت ناکرێت، چونکە ئەمە پێکهاتەی زمان نیە، بەڵکو پێکهاتەی زمان لە سیستم و پێوەندی نێوان وشەکانە.

بڕوانە: د. شکری عزیز الماضی، من اشکالیات النقد العربی الجدید، ص 33.

جان بول سارتر لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیای مارکسیزمەوە ڕەخنەی لە بونیادگەری گرتووەو گوتوویەتی دوا ڕێگری ئایدیۆلۆژیایە کە بورژوازییەکان لەبەردەم مارکسیزمدا قوتیان کردۆتەوە.

بڕوانە: سعد البازعی، استقبال الاخر، الغرب في النقد العربی الحدیث، ص 84.

- **هاتنی بونیادگەریکی وەك** (د. سعید یقطین) **دەڵێت: ئەنجامی بۆچوونەکۆنەکانە بۆ ئەدەب و دەق، سیماکانی دەق لای بونیادگەری لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینێ:-**

1) کرانەوە (الافتتاح) لە ڕوانگەی بونیادگەرەکانەوە دەق بەرهەمی دانەر نیە، پرۆسەیەکی بەرهەمهێنانە، تێدا جەخت لەسەر ئاماژەپێکەر زیاتر دەکرێت، نەك ئاماژەپێکراو، شیکردنەوەی پارچەیی دەقی بەرەو گشتگیری هەموو یەکەکانی لە بچووکەوە تا گەورە دەبات.

2) فرەیی (التعدد): کردنەوەی دەق بەرەو فرە دەلالی و خوێندنەوەی هەمە جۆرمان دەبات. ئەم فرە واتاییە کاریگەری لەسەر ئەوە هەبوو کە خوێنەر ببێتە خاوەن بەرهەمهێنانی دەق نەك تەنها .

3) دەقئاوێزان (التناص): دەرئەنجامی کردنەوەی دەق و فرەواتایی و فرەخوێندنەوە،بەرەو کارلێکی (تفاعل) لەگەڵ دەقی تردا دەبات، بە پێشکەوتنی سیمیوطیقا کارلێکی سنووری‌پێوەندی زمانی بەزاندو، دەق بووە بێ کۆتایی، فرەگۆشەیی دەلالی خاوەن نیشانەی جیاواز[1]، هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکردووە بونیادگەری لەگەڵ ئەرکی کۆمەڵایەتی دەقدا نیە[2]. بە بۆچوونی زۆر لە ڕەخنەگران ئەم پرەنسیپانە ڕێگە لە داهێنانی دەگرن.

---

[1] بڕوانە: د. سعید یقطین، من النص الی النص المترابط، مفاهیم، اشکال، تجلیات، مجلة عالم الفکر، العدد (2) سنة 2003، ص 77، 78.

[2] د. شکری عزیز الماضی، في نظریة الأدبی، ص 193.

زمان کرۆکی بایەخپێدانی بونیادگەراکانە، چونکە باوەڕیان وایە هەر لە بۆنانی کۆنەوە تا سەردەمی ئەوروپا ئەم توخمە گرنگە فەرامۆش کراوە. سەرەتای بایەخدانیش پێی لە (دی سۆسێر)وە سەرچاوە دەگرێت[3] *.

((بونیادگەری لە زۆربەی دەقەکاندا بۆ یەك جۆر لە پێکهاتن و ستراکتۆری هاوشێوە دەگەڕێت، واتە کورتکردنەوەی سەرجەمی زانستەکان بۆ چەند ستراکتۆرێکی وەك یەك و لەیەکچوو، یاخود گێڕانەوەی کۆی زانستە جیاوازەکان بۆ چەند قالبێکی ستراکتوری هاوشێوە، واتە گرێدانەوەی دەروونناسی و ماتماتیك، ئەنترۆپۆلۆژیاو زمان لە ڕێگەی کۆمەڵێك بونیادی یەکەمی و هاومیکانیزم، پێموایە ئەگەر ئەو هەوڵە لەگەڵ سەرەتاکانی گەشەی زانستدا مانای هەبێت، دواتر لەگەڵ بەشبەشبوون و پارچەپارچەبوونی وردی کایەکاندا دۆزینەوەی ئەو ستراکتۆرە هاوبەشانە کارێکی ئەستەمە گشتاندنی ئەم ڕێسایەش بۆ پێوەندی هەموو زانستەکان هەر بەدەر نیە لە گرفتی گەورە))[4].

((دۆزینەوەی ڕێکی لە پشت نارێکییەوە خاڵێکی پۆزەتیفی بونیادگەرییە، بەڵام فەرامۆشکردنی هەموو ناوەکییەکان بێدەنگکردنی ئەو سیاقاتە زۆرەی کە زۆرجار لەناو یەك تێکستدا دێنە زمان، مەرج نیە تێکست بەردەوام ئاوازو ئاهەنگی یەك لۆژیك بچڕێت، زۆرجار تێکست کەرنەڤاڵی جودای ڕەنگ و دەنگ و شێوە زمان و شێوە نووسینەکانە. لێرەوە کۆکردنەوەیان لەناو یەك، یا چەند بونیادێکدا ڕەنگە بۆ هەندێ تێکست دەست نەدات..

---

[3] محمد بنيس، النص الادبي في ضوء البنيوية، ضمن كتاب قضية البنيوية، الدكتور عبدالسلام المسدى، ص 140.

* بونیادگەراکان دەڵێن میتۆدە ڕەخنەییە کۆنەکان لە خزمەتی دەقدا نەبوون، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەقیان بۆ ئامانجی مێژوویی و کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە. بەم شێوەیە لە بابەت دەرچوونەتە دەرەوە، ئەرکی ئێمە گەڕانەوەیە بۆ خودی دەق.

بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە، ل 142.

[4] چاوپێکەوتنی بەختیار عەلی، سازدانی (ڕێبین هەردی)، گۆڤاری ڕوانگەو ڕەخنە، ژمارە (4 –5)ی ساڵی 2001، ل 164 –165.

مەبەستمە بڵێم توانای بونیادگەری لە خوێندنەوەی تێکستەکاندا لە سنورێکی دیاریکراودایەو ترنجاندنی ئەم میتۆدە بۆ ناو هەموو تێکستێك دروست نیە))[1] *.

(ایغلتون) دەڵێت: "بونیادگەری دابڕانێکی خستە نێوان خۆیان و ڕەخنەی ئەدەبی کۆن، بەوەی جەختیان خستە سەر زمان و چەمکی ئەدەب، کاتێك بونیادگەرەکان بابەت (الموضوع)یان خستە نێوان دوو کەوانەوە، واتا خودی مرۆڤایەتییان خستۆتە نێوان دوو کەوانەوە، بە بۆچوونی بونیادگەرەکان بەرهەمی ئەدەبی بەرەو بابەت ناڕوات و لە هەمان کاتیشدا گوزارشت لە خودی تاك ناکات، گرنگ بەلای ئەوانەوە هاوڕێکی ڕێزمانیە (نسق القواعد)، یاخود سیستمە، ئا بەم شێوەیە بونیادگەری وا دەردەکەوێت، کە مرۆڤایەتی بەرجەستە ناکات، داوای خوێنەر دەکات، کەواتە خودییە، باڵایە، بەدوورە لە ڕوانگە کۆمەڵایەتییەکان[2].

کاتێك بونیادگەرەکان هەستیان بە توندڕەوی خۆیان و ڕێگەداخستنی بەردەمیان کرد بەوەی لە بازنەی فۆرمالیستێکی ڕووتدا دەسوڕێنەوە، ویستیان بەرەو لایەك بڕۆن کە تێدا درێژە بە ئەزموونی خۆیان بدەن، بۆیە هەندێکیان لەوانە گۆڵدمان تێکەڵاوییەکی لەنێوان خۆیان و جیهانە کۆمەڵایەتییەکەدا دروست کرد. ئەم هەنگاوەش بونیادگەری پێکهاتەیی

---

[1] چاوپێکەوتنی بەختیار عەلی، سازدانی (ڕێبین هەردی)، گۆڤاری ڕوانگەو ڕەخنە، ژمارە (4 –5)ی ساڵی 2001، ل 164 –165.

* بەبۆچوونی (ناظم عودە) کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان بۆ بونیادگەری پێچەوانەی پەنجاکانە، واتە پوکاندنەوەی بونیادگەرییە لە ئەوروپا بەگشتی و فەرەنسا بەتایبەتی، فاکتەری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بایەخدان بە ڕۆمان، چونکە ناتوانرێ هەموو ڕووداوەکانی ڕۆمان لە ڕوانگەی زمانەوە تەماشا بکرێت، بەڵکو پێویست بە سیاقی دەرەکی دەکات، هەروەها فاکتەرێکی تری پوکاندنەوەی بونیادگەری ئەو سەردەمە دژایەتیکردنی چەپەکان بوو لەگەڵیاندا، لەوانەش جۆرج لوکاش.

بڕوانە: ناظم عودە، اضواء البنیویة والتأریخ، جریدة الزمان، العدد (1339) سنة 2002، ص 8.

[2] http:// www.awu-dam.org / book/ 03/study 03/316-m-aaa/booK 03-sd002.htm.7/16/2007 .

لێکەوتەوە. هەندێ میتۆدی ڕەخنەیی تریش لەوانە: هەڵوەشاندنەوەگەرییان لێ جیابووەو بووە میتۆدی سەربەخۆ. هەندێ لە ڕەخنەگرە بونیادگەرەکان پەرەیان بە خۆیاندا لەوانە ڕەخنەگری بەناوبانگی فەڕەنسی (ڕۆلان بارت) بەوەی لە کتێبی (نمرەی سفر لە نووسین)دا (درجة الصفر في الكتابة) سۆسۆلۆژییە لە بۆچووندا، دوایی لە کتێبی شیکردنەوەی بونیادگەری گێڕانەوە (التحليل البنيوى للرد) فۆرمالیستێکی ڕووتە، هەروەها لە کتێبی لەبارەی ڕاسینەوە (حول راسين) بونیادگەرێکی پێکهاتەییە، لە کتێبی (سیستمی بابەت)دا، سیمیۆلۆژییە. لە کتێبی (س/ ز)دا هەڵوەشاندنەوەگەرایە، هەروەها لە کتێبی چێژی دەقدا (لذة النص) ڕەخنەگرێکی ئازادە.[1]

[1] http:// www.awu-dam.org / book/ 03/study 03/316-m-aaa/book 03-sd003.htm.7/16/2007.

- بەشی چوارەم -

بونیادگەری لە بواری پراکتیکدا

پاری یەکەم: دەنگدانەوەی بونیادگەری لەناو نووسەرانی عەرەب و ڕەخنەگرانی عێراقیدا.

پاری دووەم: بونیادگەری و گوتاری ڕەخنەی کوردی.

پاری سێیەم: کارکردن لەسەر چەند دەقێکی شیعری کوردی بەپێی میتۆدی بونیادگەری.

پاری چوارەم: پێشەنگەکانی کاری پراکتیزەکردنی بونیادگەری لە ڕەخنەی کوردیدا.

پاری یەکەم

دەنگدانەوەی ڕەخنەی بونیادگەری لەناو نووسەرانی عەرەبدا

سەرەتا هەندێ ڕەخنەگری تازەی عەرەب لەوانە (كمال أبو ديب)و (يمنى العيد) ويستيان دەروازەی توێژینەوەی بونیادگەری لە کلتووری عەرەبییەوە بەتایبەت بواری زانستی زمان لای (الجرجانی)و (خليل احمد الفراهيدی) بکەنەوە، بەڵام نەیانتوانی سەرکەوتنی گەورە بەدەستبێنن، ناچار بەرەو سەرچاوە سەرەکییەکەی کە ڕۆژئاوایە وەرچەرخان، زۆر کات ئەمەیان لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە بوو، تا بە خوێنەری بناسێنن. پێشوازیکردن لە بونیادگەری لە وڵاتێکی عەرەبییەوە بۆ ئەوی تر جیاوازی هەبوو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێوەندی مێژوویی، هەریەك لەو وڵاتانە بە ڕۆژئاواوە.

ئەم میتۆدە لە (ميسر) بەهۆی ڕەخنەگر (صلاح فضل)و کتێبەکەی تیۆری بونیادگەری لە ڕەخنەی ئەدەبیدا (النظرية البنائية في النقد الأدبي)دا ساڵی (1977) ناسرا. هەروەها کتێبێکی تری نووسەر بە ناوی (زانستی شێوازگەری پرەنسیپەکان و جێبەجێکردنی) ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە.

لە وڵاتی (ئوردن) ڕەخنەگر (كمال ابو ديب) بزوێنەرێکی گرنگی ئەم میتۆدە بوو، ئەویش دوای بڵاوکردنەوەی دوو کتێب، یەکەمیان، بە ناونیشانی (بونیادی ڕیتمی شیعری عەرەبی (البنية الايقاعيه في الشعر العربي) ساڵی (1974). دووەمیشیان، بە ناوی

(جدلية الخفاء والتجلي)یە، ساڵی (1978) بە چاپی گەیاندووە، کە توێژینەوەیەکی بونیادگەریی شیعر بووە، کاریگەری پۆزەتیڤانەی لەسەر خوێنەر هەبووە *.

لە وڵاتانی (تونس و مغریب)دا کۆمەڵێك ڕەخنەگر پەیدابوون لەسەر چەمك و پڕەنسیپەکانی بونیادگەری دیالۆگی گرنگیان ئەنجام دا، لەوانە لە (تونس) (عبدالسلام المسدی) بە دوو کتێب بەشداری کردووە، یەکەمیان، بە ناوی شێوازو شێوازگەری (ألاسلوب والاسلوبیه). دووەمیان، ڕەخنەو نوێگەری (النقد والحداثه) لەم دوو کتێبەدا نووسەر بانگەشەی ئەوە دەکات کە پێویستە لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە ئاوڕ لە ئەدەب بدرێتەوە.

لە وڵاتی مغریب کۆمەڵێك ڕەخنەگر پەیدابوون سەرقاڵی وەرگێڕانی کۆمەڵێك بەرهەمی ڕەخنەیی (بارت)و (باختین)و (تودوروف) بوون، وتارەکانیان جەختکردن بوو لەسەر نوێگەری عەرەبی لە بواری ئەدەب و ڕەخنەدا، ئەوانە: (محمد برادة) بە کتێبی محەمەد مەندورو پەریاری ڕەخنەی عەرەبی (محمد مندور منظراً في النقد العربي)و (محمد بنیس) بە کتێبی دیاردەی شیعری هاوچەرخ لە مەغریب (ظاهرة الشعر المعاصر في المغرب).

لە (لبنان)یش هەردوو ڕەخنەگر (یمنی العید)و (خالیدة سعید) بە بۆچوونی جیاوازەوە میتۆدی بونیادگەرییان بەکاردەهێنا، چونکە پێش بونیادگەری خەریکی کارکردن بوون بەپێی

* ساڵی (1912) کاتێك (احمد ضیف) لە دەرەوە گەڕاوەتەوە (میسر) دەرگای تازەی بۆ ڕەخنە کردۆتەوە، یەکەم محازەرەی لە زانکۆی (میسر) پێشکەش کردووە. یەکەم عەرەب بووە لە زانکۆی (سۆربۆن) نامەی دکتۆرای بەدەستهێناوە، کاتێك گەڕاوەتەوە، گوتوویەتی: "پێویستە خۆمان لەو بۆچوونانە ڕزگار بکەین کە دەڵێت عەرەبە کۆنەکان لە فکرو ڕەوانبێژی و ڕەخنەدا گەیشتوون بە هەموو شتێ، ئەوەی دووپات کردووە، کە پێویستە عەرەب بکرێنەوە بەسەر شێوازە تازەکانی ڕەخنەی ئەوروپا بۆئەوەی شێوەو کەرەسەی بیرکردنەوەیان بگۆڕن. لێرەدا ئەم بۆچوونەی (احمد ضیف) زەمینەخۆشکەر بووە بۆ ئامادەکردنی خوێنەری عەرەب بۆ پێشوازیکردن لە بابەتی تازە."

میتۆدەکانی تر. نزیکبوونەوەیان لە پراکتیزەکردنی ئەم میتۆدانە بەسەر دەقی ئەدەبیدا تەنها لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە دەیانویست ڕەخنەی ئەدەبی پێ دەوڵەمەند بکەن.

پەرەسەندنی بونیادگەری لە وڵاتانی عەرەب، چوون یەك نەبووە، چونکە زۆر لە ڕەخنەگران ئاگاداری یەکتر نەبوون، هەریەکە لە سەرچاوەی ئینگلیزی و (صلاح فضل) لە ئیسپانی و زۆربەشیان لە فەرەنسییەوە وەریان دەگرت.[1]

"توێژینەوەی ئەدەبی بە ئاراستەی بونیادگەری لە کۆتایی حەفتاکاندا دەرکەوت، لەو سەردەمەدا کۆمەڵێك ڕەخنەگر لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای وڵاتی عەرەبیدا توێژینەوەیان بە هەر دوو ئاراستەی بونیادگەری فۆرمالیستی و پێکهاتەییدا کرد، نموونەی هەردووکیان، ئەم ناوانە بوون: (بدرالدین عردوکی)، (محمد برادة)، (محمد بنیس)، (سعید علوش)، (یمنی العید)، (نجیب العوفی)، (جابر عصفور)، (فریال غزول)، (سیزا قاسم)، (عبدالله الغزامی)، (حمید لحمیدانی)، (سعید بقطین)"[2].

((بونیادگەری فۆرمالیستی (البنیویة الشکلانیه) کەمتر بایەخی پێدراوە، لێرەو لەوێ، چەند وتارێك نەبێ نابینرێ، ئەمەش لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی عەرەبی وەك سوریاو لوبنان عێراق دەبینرێ، بەڵام بونیادگەریی پێکهاتەیی لە ڕۆژئاوای عەرەبی (المغرب العربی) پراکتیزەکردنی زۆرە))[3].

---

[1] بڕوانە: محمد ولد بو علیبه/ النقد الغربی والنقد العربی، ص 58.

هەر بۆ ئەو بابەتە بڕوانە: سعد البازعی، استقبال الأخر، الغرب في النقد العربی الحدیث، ص 13، ص 31 ص 96، 148، 173، 184.

هەروەها بڕوانە: محمد دکروب، تساؤلات امام الحداثة والواقعیه في النقد العربی الحدیث، ص 71 -76.

[2] سعد البازعی ، استقبال الأخر ، الغرب في النقد العربی الحدیث ، ص 173 .

[3] سعد البازعی ، استقبال الأخر ، الغرب في النقد العربی الحدیث ، ص 174 .

((ڕەخنەی عەرەبی ئەنجامی ڕۆشنبیریی عەرەبی ئەمڕۆیە، تا ئێستاش هەر لە تەوەری مرۆڤایەتیدایە، بە واتایەکی تر، نەزعەیەکی مرۆڤایەتی هەیە، لە سەنتەری مرۆڤدا دەسوڕێتەوە، باوەڕی بە دانەرو داهێنان هەیە))[2].

ساڵی (1979) ڕەخنەگری لوبنانی (خالدة سعيد) کتێبێکی بە ناوی (حركية الابداع)ەوە دەرکردووە، بریتیبووە لە کۆمەڵێك توێژینەوە، هەندێکیان پێشتر بڵاوکراونەتەوە، کتێبەکە شیعرەکانی "(ئەدۆنیس)و (بدر شاكر السياب)ی لە خۆگرتووە لەگەڵ هەندێ بۆچوونی تیۆری بۆ ئەدەب، هەرچەندە بونیادگەری ڕەنگدانەوەی لەناو ئەو توێژینەوانەدا هەبووە، بەتایبەت شیکردنەوە پڕاکتیزییەکان، بەڵام بەدوور بووە لە ڕاگەیاندن و وروژاندن بۆ بونیادگەری، ئەوەیش ڕادەگەیەنێ کە بەپێی میتۆدی بونیادگەری کاری کردووە. ساڵی (1978)یش توێژینەوەیەکی (كمال ابو ديب) بە ناوی (بەرەو توێژینەوەی بونیادگەری شیعری جاهلی) بڵاوکراوەتەوە، زیاتر بە ئاڕاستەی بونیادگەریی فۆرمالیستیدا کاری کردووە"[3]. ((سەرەتای ناسینی پێناسەی بونیادگەری لە ڕۆشنبیریی عەرەبی هاوچەرخدا دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی شەستەکان، دەسپێکی ئەو وتارانە (محمود أمين) بووە، کە لە گۆڤاری (المصور)دا ساڵی (1961) بە ناوی (الهيكليه)وە بڵاوی کردۆتەوە))[4] *.

---

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 184 .

[3] بڕوانە : شكرى عياد ، المذاهب الأدبية والنقديه عند الوب والغربين ، ص 86 .

[4] سعد البازعى ، استقبال الأخر ، الغرب في النقد العربى الحديث ، ص 174 .

* بە بۆچوونی (د. صلاح فضل) (كمال أبوديب) لە کتێبی (جدلية الخفاء والتجلى)دا کە لە ساڵی 1979دا دەرچووە بەپێی میتۆدی بونیادگەری تێدا کاریکردووە و پرەنسیپەکانی میتۆدەکەی لەسەر چەند دەقێکدا پڕاکتیزە کردووە، مێژووی دەرچوونی ئەم کتێبە بۆ دوای کتێبی (نظريه البنائيه في النقد الأدبى)ی (صلاح فضل) ساڵی (1978) دەگەڕێتەوە. بڕوانە: د. صلاح فضل، مناهج النقد المعاصر، ص 198.

- **دەنگدانەوەی بونیادگەری لە گوتاری ڕەخنەگرانی عێراقیدا**

هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێداوە[1]، زۆر لە ڕۆشنبیرانی جیهانی عەرەب کەوتبوونە ژێر کاریگەری تەوژمی بونیادگەرییەوە، بە زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی لە سەرچاوە بنەڕەتییەکانەوە دەیانخوێندەوە.

دەتوانین بڵێین لە عێراقیشدا سالانی (1987، 1988) کاریگەری ئەو تەوژمە دەبینرێ*، کاتێك لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا دیالۆگ لەنێوان هەندێ لە ڕەخنەگران، لەسەر ئەم بابەتە دروست بوو، یەکەم دەستپێشخەریش لەم بوارەدا (د. مالك المطلبی) بووە، کاتێك لە ڕۆژنامەی (الجمهوریه) سالی (1988) کۆمەڵە وتارێکی لەسەر مەرگی نووسەر نووسیوە، تێدا ئاماژەی بەم چەمکە لای (دولان بارت) داوە[2].

دواتریش ڕەخنەگر (فاضل ثامر) دێتە گۆڕەپانی ئەم دیالۆگەوە لەگەڵ (د. مالك المطلبی) لەسەر تەوەرەکانی بونیادگەری و پڕەنسیپەکانی دەکەونە گفتوگۆو وەڵامدانەوەی یەکتری، زۆریش لە ڕۆشنبیرانی کورد وەك عەرەبیش بەدواداچوونی وردیان دەکرد.

دیارە ڕەخنەگر (فاضل ثامر) دوای خوێندنەوەی وتارەکانی (د. مالك المطلبی) دەکەوێتە وتووێژو دیالۆگ لەگەڵیدا، لە وتارێکدا بە ناونیشانی (البنیویه و مغالطة موت المؤلف)دا دەڵێت: "بەهیچ شێوەیەك ناتوانین بەرهەم لە نووسەر دابماڵین، ئاماژەیش بە گوتەکانی (ڕۆلان

---

[1] بڕوانە لاپەڕە 122.

* چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەخنەگری عێراقی د. محمد صابر عبید لە زانکۆی کۆیە 25/ 6/ 2007.

[2] بڕوانە: د. مالك المطلبی، موت المؤلف، جریدة الجمهوریة، العددان 6687، 6688، 1988، ص 7.

هەروەها بڕوانە: د. مالك المطلبی، قراءة القرمادی لسوسیر، الألسنیه علم لا منهج، جریدة الجمهوریة، العددان 7595، 7596، 1990، ص 7.

هەروەها بڕوانە: د. مالك المطلبی، النص والمؤلف، جریدة الجمهوریة، العدد 8236، 1992، ص 7.

بارت) دەکات کە ویستوویەتی دەق بگەڕێنێتەوە بۆ ناو خودی دەق، نەك گرێدانی بـە سەرچاوەی دەرەکییەوە. (فاضل ثامر) ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە ئەوانەی دەیانەوێت، تەنها جەخت لەسەر بەرزراگرتنی دەسەڵاتی دەق و خوێنەر بکەن، ئامانجیان یەکە، ئـەویش هەڵوەشاندنەوەی ڕۆڵی داهێنانی نووسەرە، لە کۆتاییشدا دوورخستنەوەی ڕۆڵی مرۆڤە لە مێژوودا. هەروەها دەڵێت ئەم بۆچوونانە، لە گوتەکەی (ئیلویت)ەوە نزیکن، کە گوتوویەتی ئامانجی شاعیر گوزارشتکردن نیە لە خود، بەڵکو ڕاکردنە لە خود. دیارە لێرەدا (فاضل ثامر) بە زنجیرە وتارێك لەسەر پرەنسیپەکانی بونیادگەری دەدوێت، دەڵێن ئەم نووسەرە لە ڕوانگەی مەرجەعیەتی دەقەوە قسە دەکات و ناوەوەی دەق بە بەشێکی پاشکۆ دادەنێت، هەموو شتێکی تازەیش دەکرێ جێگای مشتومڕو دیالۆگ بێت، بەبێ دیالۆگ و ڕەخنەیش هیچ شتێك پێش ناکەوێت[1].

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم زنجیرە وتارانەی (فاضل ثامر) کە لەسەر بونیادگەری بووەو تێدا وەڵامی بۆچوونەکانی (د. مالك المطلبی) لە وتارێکدا بە ناونیشانی (أحیاء المؤلف: المغالطه الدوغماتیة) وەڵامی بۆچوونەکانی (فاضل ثامر) دەداتەوەو دەڵێت: "لە ڕاستیدا وروژاندنی ئەم بابەتە لە لایەنی منەوە، لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە دەمویست ڕیزبەندییـەکی مێژوویی، هەندێ شتی تازە بکەم و بیکەین بە تەوەرەیەك، تا دەرگای شیکردنەوە بکەینەوە، نەك یەکسەر بڕیار بدەین." لە کۆتاییشدا دەگاتە ئەو باوەڕەی کە دەڵێت دانەر لەژێر کاریگەری بونیادی دەقدایە، نەك دەسەڵاتی ڕەهاو دادوەری دەق. دیارە لێرەدا (د. مالك المطلبی) زیاتر جەخت لەسەر ناوەوەو نهێنیەکانی دەق دەکات و بـە بەشـێکی گرنگـی دادەنێت[2].

---

[1] بڕوانە: فاضل ثامر، البنیویه و مغالطة موت المؤلف، العدد 6730، جریدة، الثورة 1988، ص 7.

[2] بڕوانە: د. مالك المطلبی: أحیاء المؤلف: المغالطه الدوغماتیة، جریده الجمهوریه، العدد 6689، 1988،ص7.

هەر لەو زنجیرە وتارانەدا (فاضل ثامر) دژ بەو بۆچوونانە دەوەستێت کە بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە دەق، نەك نووسەر، پێودانگی سەرەکی هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەن، لە وەڵامدا دژ بەم بۆچوونانە دەڵێت: ئەمە جۆرە توندڕەوییەکە، چونکە پرۆسەی ئەدەبی، پرۆسەیەکی داهێنانیە، داهێنەریش نووسەرە، هەروەها دەڵێت ((بۆچوونی ئەم توندڕەوانە بەرەو بۆچوونەکەی (ئەفلاتوون)مان دەبات، کە دەیگوت: شاعیر تەنها گەیەنەرو لە جیهانی ئایدیاوە شت وەردەگرێت))[3]. لە کۆتاییشدا دەڵێت: "نە خوێندنەوەی دیاردەی کۆمەڵایەتی و سوسیولۆژی و مێژوویی و تەنها جەختکردن لەسەر ناوەوەی دەق، یەکێکە لە هەڵەکانی بونیادگەرییە توندڕەوەکان.

---

[3] بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، ص 7.

هەروەها بڕوانە: فاضل ثامر، ماالذي يبقى من البنيويه و مغالطة الفصل بين الجمالي و الأيديولوجى، العدد 6740 سنة 1988، ص 7.

هەروەها بڕوانە: فاضل ثامر، ما الذي يبقى من البنيويه، البنيويه والنزعة اللاتأريخيه، جريدة الثورة، العدد 6746 سنة 1988، ص 7.

پاری دووەم
بونیادگەری و گوتاری ڕەخنەی کوردی

لە دێرزەمانەوە کوردو عەرەب پێکەوە ژیاون، خاوەن زۆر شتی هاوبەشن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك فاکتەر، لەوانە، جوگرافیای سیاسی و ئایین و کلتووری لێك نزیك، لە هەمان کاتیشدا هەر یەکەیان خاوەن تایبەتمەندێتی خۆیەتی، هەرچی گۆڕانکارییەك لە ئەوروپاو دەرەوە لە بوارە جیاجیاکاندا ڕوویدابێت یەکسەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یا نا ڕاستەوخۆ کاریگەریی لێرە بەجێهێشتووە، جا ئەو بوارە، ئەدەبی بوویێت، یاخود ڕۆشنبیری و زانستی.

تەوژمی بونیادگەرییش لە ئەوروپا بەتایبەت لە فەڕەنسا، سەری هەڵداوەو پەلی هاویشتووە بۆ زۆر شوێنی جیهان، ئێمە لە بەشەکانی پێشووی ئەم تێزەدا ئاماژەمان بۆ ئەو پەلهاویشتنە لە سنوری وڵاتانی عەرەب و عێراقدا کردووە.

دیارە نووسەران و ڕۆشنبیرانی کوردی (باشوری کوردستان)، یەکسەر لە زمانی ترەوە، نەکەوتوونەتە ژێر ئەم کاریگەرییە، بەڵکو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای زمانی عەرەبییەوە ئاگایان لە جیهانی دەرەوە بووە، نەك هەر بۆ ئەم بابەتە، بەڵکو بۆ زۆر شتی تری ئەدەبیش، لەوانە بەیاننامە ئەدەبییەکان، بەتایبەت بەیاننامەی ڕوانگە کە لەژێر کاریگەری بەیاننامەی شیعری (69)ی عەرەبەکانی عێراقدا نووسراوە[1].

---

[1] عەلی تاهیر حسین، کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سلێمانی، 2000، ل 64، 64.

کاتێك لە ساڵانی کۆتایی هەشتاکاندا لەسەر ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی عێراق گفتوگۆو دیالۆگ لەسەر پڕەنسیپەکانی بونیادگەری دەکرا، بەتایبەت (د. مالك المطلبی)و ڕەخنەگر (فاضل ثامر)، ڕۆشنبیران و نووسەرانی کوردیش لەوە بێ ئاگا نەبوون، چونکە بە زۆری سەرچاوەی زانیارییەکانیان زمانی عەرەبی بووە، بۆیە لای کوردیش لەم بەشەی کوردستان، هەر لە مێژووی کۆتایی هەشتاکانەوەو دوای ئەو دیالۆگانەی عەرەبەکانی عێراق، لە ڕەخنەی کوردیشدا قسەوباس لەسەر ئەم بابەتە دەکرا.

((بە وردییەوە سەرنج لەو وتارانە کە لەبارەی بونیادگەرییەوە بۆ زمانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتەکان وەردەگێڕدرێن دەدەم، بە بەراوردکردنی بابەتەکانی ئەو وتارانە لەگەڵ ڕەخنەی کوردی خۆمان، دەگەمە ئەو ئەنجامەی کە زۆربەی وتارە ڕەخنەییەکانی خۆمان وتاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییە، تێدا دەق نائامادەیە، بۆیە جەخت لەسەر دەق دەکەم و دەیکەمە خاڵی دەستپێکردن))[1].

دیارە لێرەدا نووسەر مەبەستی ئەوەیە کە بەزۆری ڕەخنەی کوردی لە تەوەرەی دانەر، نەك، دەق و خوێنەردا سوڕاوەتەوە. هەر لەو بارەیەوە ئاماژە بۆ خاڵێکی گرنگ دەکات ئەویش، ئەوەیە، ((بونیادگەری تەنها ئەژمارکردن و کۆکردنەوەی کردارە ڕابردوو و ڕانەبردووەکان و جێناوەکان نیە، ئەمە کارێکی سادەیە قوتابیەکی سەرەتاییش دەیکات، بەڵکو گرنگ دەلالەتی بەکارهێنانە، واتا بۆچی لە دەقێکدا زۆرو لە یەکێکی تردا کەم بەکارهاتووە؟ یاخود بۆچی لە دەقێکدا جێناوی زۆرەو لە یەکێکی تردا کەمە؟))[2].

کاتێك باسی سەرەتاکانی بونیادگەری لە ڕەخنەی کوردیدا دەکەین، دەبێت ئاوڕیش لە ڕەنج و کۆششی چەند دەستەو کەسایەتی بدەینەوەو ڕۆڵی چەند گۆڤارو بەیاننامە لەیاد نەکەین. سەرەتا پێویستە هەڵوەستەیەك لەسەر بەیاننامەیەکی ڕەخنەیی بە ناوی

---

[1] مقابلة مع الأديب عبدالله طاهر البرزنجی، جريدة العراق، الصفحة الثقافيه، العدد (4765)، 1988.

[2] بڕوانە: هەر ئەو چاوپێکەوتنە.

(بەیانی ڕەخنەیی (1992) پڕۆژەیەك بۆ خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی) بدەین، دیارە لێرەدا تەنها ئەو بڕگانە هەڵدەبژێرین، کە پێوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەیە، ئەمەش هەندێ لە بڕگەکانی بانگەوازەکەیە:-

- ڕەخنەی ساڵەکانی پێشوو لەژێر سێبەری دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و ڕامیاریدا بووە زۆر ئیستاتیکای پشتگوێ خستووە.

- بەڵێ، ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە کە دەق زمانەو پێوەندی ڕەگەزە هونەرییەکانە، بەڵام ئەوەشمان لەیادە، کە دەق لە خۆیەوە لەدایك نابێت.

- ناوەوە بنەڕەتە، لە بەرهەمهێنانی دەلالەتدا، دەستنیشانکردنی ئەدەبیەتی دەق و دەلالەتەکانی لە ڕێگای دۆزینەوەی بونیادی ناوەوەی دەق دەبێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ناوەوەی دەق ببێت بە سندوقێکی داخراو[3].

بونیادگەرییش بەم شێوەیە لە بەیاننامەکەدا هاتووە:

بونیادگەری لە ئەوروپاوە هاتووە، لە سەرەتادا وتمان مەرج نیە، بە فۆتۆکۆپی شت بکەین، دەبێت سود وەرگرین، بونیادگەری فۆرمالیستی (البنیویة الشکلیه) تەواومان ناوێت، لە هەمان کاتدا جۆرێك لە بونیادگەری سوودێکی چاکی بۆ ڕۆشنکردنی شوێنە قووڵەکانی ناو دەق و شتە تاریکەکانی هەیە. بەڵێ زیاتر دەق وشەو زمانە، ڕەخنەیش کردنەوەی ئەو تاڵە دەزوانەیە کە ڕەگەزەکانی دەقی لێ پێکدێت، دووپاتی دەکەینەوە کە مەودای کۆمەڵایەتی ڕۆڵی لە دروستبوونی دەقدا هەیە، دەبێت دەق پێوەندی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا هەبێت، بونیادگەری فۆرمالیستی ڕووت گیروگرفتەکەی لەوەدایە، دەرگا بە ڕووی دەرەوەدا دادەخات، خوێندنەوە ڕەخنەییەکەش دەبێت بە خوێندنەوەی دەق، وەك زمان و وشە.

کۆتایی بەیاننامەکەیش بەم ڕستانەی خوارەوەیە:

---

[3] **گۆڤاری پڕۆژە، بەیانی ڕەخنەیی** (1992)، **پڕۆژەیەك بۆ خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی ساڵی** (1992)، **ژمارە** (1)، **ل** 13، 14.

دەق، دڵی خوێندنەوەیە

ناوەوەی دەق

دەق، دەق، دیسانەوە، دەق

لە ناوەوەی دەقەوە بەرەو دەرەوە

دەق، دەق بەرەو دەقێکی کراوە [1]

لێرەدا ئەوەی لەم بەیاننامەدا دەبینرێ، بێزارییە لەوەی کە ڕەخنەی کوردی بە زۆریی ئەرکی لێپرسینەوە لە نووسەر بووە، دوور لە دەق، پرسیاری ئامادەکراویش لە دەرەوەی دەقدا لەدایك بووە، ئەویش ئەوەیە، ئەم نووسەرە بۆچی بیری نەتەوایەتی؟ یا چینایەتی لا دروست نەبووە؟ گرنگی ئەم بەیاننامەیە لەوەدایە، کە لە پرەنسیپەکانی بونیادگەری زۆر نزیك دەبێتەوە. وروژاندنی بابەتی تیۆری ڕەخنەیی خۆی لە خۆیدا شڵەقاندنی گۆمی مەنگە *.

گۆڤاری (پڕۆژە) * یەکێك بووە لەو گۆڤارانەی کە دوای ڕاپەڕین دەرچوو، تایبەت بووە بە ڕەخنە، بەتایبەتی ڕەخنەی تازە، تێدا میتۆدی بونیادگەری بە ڕێژەی جیاواز کاری پێکراوە،

---

[1] گۆڤاری پڕۆژە، بەیانی ڕەخنەیی (1992)، پڕۆژەیەك بۆ خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی ساڵی (1992)، ژمارە (1)، ل 13، 14.

* ئەم بەیاننامەیە ساڵی (1992) لەلایەن سێ کەسەوە واژۆ کراوە، ئەوانیش ئەمانەن: عبدالله طاهر بەرزنجی، محمد امین احمد، حەمید ڕێبوار. دیارە لە هەر بەیاننامەیەکدا قورسایی کەسێك ڕۆڵی خۆی دەبینێ، بۆ نموونە: لە ڕوانگەدا شێرکۆ بێکەس، لە بەیاننامەی (69)دا فازل عەزاوی، لە بەیاننامەی (حجم گرایی) فارسیدا یداللەی رؤیانی ئا لەم بەیاننامەیەشدا، عبدالله طاهر بەرزنجی و لە پاشکۆی بەیاننامەکەدا خۆیان ئەم ڕوونکردنەوەیان نووسیووە: ((ئەم بەیاننامەیە ڕەخنەییە، بارودۆخی ساڵی (1991 –1992) دروستی نەکردووە، لە ساڵی (1987)وە بیرمان لێکردۆتەوە، تەنانەت لای چەند نووسەرو ڕەخنەگری عەرەب باسمان کردووەو بە شتێکی چاکیان زانیووە، زۆر ڕێزمان بۆ ئەوانە هەیە کە بەگوێرەی توانای خۆیان شتیان لە مەیدانی ڕەخنەدا پێشکەش کردووە .

* (پڕۆژە) گۆڤارێکی وەرزی بووە، ساڵی (1992) یەکەم ژمارەی لێ دەرچوو، تا سێ ژمارە بەردەوام بوو، دوایی وەستاوە. ئەم گۆڤارە لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی ڕۆشنبیری کورد/ لقی کەرکوك بووە، دەستەی بەڕێوەبەرایەتیەکەی ئەمانە بوون: عبدالله طاهر البرزنجی، محمد امین احمد، صدرالدین عارف، حەمید ڕێبوار،

زۆر توێژەری سەرکەوتوویش بابەتی ڕەخنەییان تێدا بڵاوکردۆتەوە، گرنگی ئەم گۆڤارە لەوەدا دەردەکەوێت کە بابەتی تیۆری و پڕاکتیکی تێدایە، هەموو وتارەکانیشی تایبەتە بە ڕەخنەو میتۆدە تازەکان و تێدا سەنگی قورسایی خراوەتە سەر دەق و خوێنەر.

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ (عبدالله طاهر بەرزنجی)دا ئەم پرسیارەمان ئاڕاستە کرد کەی بەپێی میتۆدی بونیادگەری کارت کردووە؟و بۆچی ئەو کاتە بە زمانی عەرەبی لەسەر دەقی کوردیت نووسیووە؟ ** لە وەڵامدا گوتی: "لە دوای ساڵی (1984)وە هاتمە سەر ئەو باوەڕەی کە بەم شێوە نوێیە لەسەر دەقی کوردی بنووسم، ئەوە بوو دەقێکی (دڵشاد مەریوانی)م هێناو بەپێی میتۆدی بونیادگەریی کارم تێدا کرد، هەر لام مایەوە تا ساڵی (1988) لە ڕۆژنامەی (العراق) بە زمانی عەرەبی بڵاوم کردەوە. بۆ وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەتان دەڵێم: ئەو کاتە باو باوی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بوو، زۆرینە پێیان وابوو، ڕخنەی چاك ئەوەیە، ناوەڕۆك و مەبەستی سەرەکی خاوەن دەق دەربخات، زەحمەت بوو لەو کاتەدا باسی مەرگی نووسەرو دابڕانی دەق لە سەرچاوەی دەرەکی بکەیت، یان باسی ئەرکی کۆمەڵایەتی دەق نەکەیت، بانگەشەی ئەو سەردەمە لەژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیادا بوو، جەختی لەسەر کردنی ئەدەب بە پاشکۆی چین و چینایەتی دەکرد، ڕێگر بوو لەبەردەم ڕەوتی ڕەخنەیی تردا، بۆیە ژینگەکە گونجاو نەبوو بۆئەوەی نووسینە ڕەخنەییەکانم بە کوردی بنووسم، بەڵام ناوەندە عەرەبییەکە تاڕادەیەك باشتر بوو."

سەلاح حەسەن پاڵەوان، بە ژمارەیەکی کەم بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی چاپ کراوە، بۆیە زۆر نەکەوتۆتە بەر دیدی خوێنەران. بڕوانە: گۆڤاری پڕۆژە، ساڵی 1992، ژمارە (1)، ل 21.

** چاوپێکەوتن لەگەڵ عبدالله طاهر بەرزنجی لە بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ لە سلێمانی ڕۆژی 2006/5/1.

پاری سێیەم

دەقی (ئـــازادی)

شیعری شێرکۆ بێکەس

بەپێی میتۆدی بونیادگەری لە شیکردنەوەی دەقێکدا هەڵوەشاندنەوەی هـەر ڕەگەزێك بۆ مەبەستی دەرخستنی بونیادە گشتیەکەیە، واتە کاتێك ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی دەق شیدەکەینەوە بۆ ئەوەیە یەکەی سەرەکی دەق دەستنیشان بکەین، نەك بۆئەوەی جیای بکەینەوە، چونکە لە ڕوانگەی ئەم میتۆدەدا جەخت لەسەر بونیادە گشتییەکە دەکرێ.

شیعری (ئازادی) شێرکۆ بێکەس لە پێنج دێڕ پێکهاتووە.

1 — 2 — 1 — لە ناو هەناوی هەورەوە
مژەی سەوز دا ئەبارێ

2 — 2 — لەناو چاوی کانییەوە
ئاوی ژیان هەڵئەقوڵێ

2 — 3 — لەناو دەروونی شاخەوە
مەلی بەرەبەیان ئەفڕێ

4 لەناو برینی کێڵگەوە
گوڵە گەنم ئەهاتە دەر
2
لەناو لولەی چەکیشەوە
5 ڕێی ئازادی[1]

لەم دەقەی شێرکۆ بێکەسدا هەر پێنج دێڕەکە لەسەر بونیادی هاوشێوەیی (التشاکل) پێکهاتوون، هاوشێوەیی، بریتیە لە دووبارەبوونەوەی یەکەیەك لەسەر ئاستی ڕستەو پێکهاتەی گشتی.

ڕستەی یەکەم بەناو پێکدێت، لە سەرەتاوە ئامڕازە، دوایی ناو دووبارە دەبێتەوە، کرداری (ئەبارێ) لە ڕستەی دووەمدا دەبێت بە تەواوکەری دێڕەکە.

1
حەرفی جەڕ + ناو + ناو + ناو
لە + ناو + هەناوی + هەورەوە
ناو + ناو + کردار
مژەی + سەوز + دائەبارێ

2
ئامڕاز + ناو + ناو
لە + چاوی + کانییەوە
ناو + ناو + کردار
ئاوی + ژیان + هەڵئەقوڵێ
ئامڕاز + ناو + ناو + ناو

[1] دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی دووەم، چاپی دووەم 2003، ل 417.

لە + ناو + دەروونی + شاخەوە
ناو + کردار 3
مەلی بەرەبەیان + ئەفرێ

ئامراز + ناو + ناو + ناو
لە + ناو + برینی + کێڵگەوە
ناو + کردار 4
گوڵە گەنم + ئەهاتەدەر

ئامراز + ناو + ناو + ناو
لە + ناو + لولەی + چەکیشەوە
ناو + ناو 5
ڕێی + ئازادی

ئەگەر تێبینی ئەم دابەشکردنانە بکەین، دەبینین، لە هەر دێڕێکدا ڕستەکان لە ئامرازو ناو لە نیوە دێڕی یەکەمداو، لە ناوو کردار لە نیوە دێڕی دووەمدا تێناپەڕن. ئەمەش وایکردووە ڕیتمی دێڕەکان لەسەر بنەمای هاوشێوەیی بەبێ هیچ زیادەو کەمییەك، تا دەگەنە کۆتایی دێڕی چوارەم و پێنجەم دەرکەون، دیارە ئەگەر کرداری (دائەبارێ) لە دێڕی یەکەمداو، کرداری (هەڵئەقوڵێ) لە دێڕی دووەمدا، کرداری (ئەفرێ) لە دێڕی سێیەمدا... هتد لە سەرەتای ڕستەکاندا بهاتنایە، ئەوا ڕیتمی شیعرەکە دەگۆڕا، بە واتایەکی ڕوونتر ئەگەر کردارەکان پێش بخەین و بڵێین:

دائەبارێ مژەی سەوز

لەناو هەتاوی هەورەوە

یان بیگوتایە:

هەڵئەقوڵێ ئاوی ژیان

لەناو چاوی کانییەوە

یاخود:

ئەفڕێ مەلی بەرەبەیان

لەناو دەروونی شاخەوە

ئەوا لێرەدا بە گۆڕینی جێگای وشەکان، ڕیتمی شیعری بە جۆرێکی تر دەهات. هاتنی ڕستە شیعرییەکەی یەکەم بەو شێوەیەی کە لە سەرەوە وێنەمان کێشاوە هەر لە سەرەتاوە بووە بە نموونەیەکی دەسەڵاتدارو پێکهاتەی ڕستەکانی تریشی بە باڵای خۆی بڕیوو لە ڕووی ڕیتمیشەوە چوواندوونی بە خۆی.

پێکهاتەی دێڕی یەکەم و دووەم و سێیەم لەڕووی ڕستەو شێوەو ڕیتم و ژمارەی وشەکانەوە، بەتەواوەتی لە یەك دەچن، بەڵام لە دێڕی چوارەم و پێنجەمدا گۆڕانکارییەك بەسەر پێکهاتەکەدا لەسەر هەموو ئاستەکان ڕوودەدات، ئەمەش بە ڕوونی لە نیوەی دووەمی هەر دوو دێڕی چوارەم و پێنجەمدا دەستنیشان دەکرێت، واتە لە (گوڵە گەنم ئەهاتەدەر) و (ڕێی ئازادی)دا. لە نیوەی دووەمی دێڕی پێنجەمدا (ڕێی ئازادی) تێدا پێکهاتە زمانییەکە لەسەر هەموو ئاستەکان دەگۆڕێ، لەسەر ئاستی ڕستە، ڕستەیەکی ناتەواوە، چونکە تەنها ناوێکە بێئەوەی ناوێکی تر یا کردارێك هەبێت تەواوی بکات، ئەمەیش لە قسەکردنی ئاسایی و نووسینی بەدەر لە شیعریدا کارێکی شیاو نیە، چونکە ئەگەر لەگەڵ یەکێکدا قسە بکەیت و پێی بڵێیت: ڕێی ئازادی، ئەوە بەرانبەرەکەمان شتێکی وا پێناگات و پێویستی بە تەواوکەرێك هەیە، تا ڕستەیەك پێکبهێنیت و واتایەکی پێ ببەخشیت. ئەم ناتەواوییە، یا بڵێین ئەم هێشتنەوەی ڕستەیە بە ناتەواوی لە بواری شیعردا شیاوە، چونکە زۆرجار

جوانکارییەك بە شیعر دەبەخشێت بەجۆرێك لە شکاندنی زمانی ئاسایی و لادان لێی ئەژمار دەکرێت لەپێناوی بەدیهێنانی ڕێژەیەکی باڵا لە شیعرییەتدا.

ئەگەر بە یەکێك بڵێین: ڕێی ئازادی، بێگومان پرسیارێکمان ئاڕاستە دەکات و دەڵێت: ڕێی ئازادی چی؟ چونکە ڕستەیەکی تەواوی پێناگات. لە شیعردا ئەم تەواوکردنی ڕستانە بە کۆششێکی تایبەتی بۆ فرەکردنی شیعرییەت دەژمێردرێ، واتە شیعریەتێکی فراوان لەپاڵ ئەم بەجێهێڵانەی ڕستەو تەواونەکردنیدا هەیە. بە واتایەکی تریش دەتوانین بڵێین ئەمەش لە بواری واتاناسیدا پێی دەڵێن کورتکردنەوە لە ڕێگای لابردنەوە (ایجاد الحذف).

لە نیوە دێڕی دووەمی دێڕی پێنجەمدا وشەی (ڕێی ئازادی) پێویستی بە تەواوکەرێکە، تا واتەکە ببەخشێت، وەك ڕستەی دێڕی پیشووتر، بەڵام ئەم بێ واتاییەی ڕستەکەو تەواونەکردنی بە کارێك شکاوەتەوە لە خزمەتی ستراتیژییەتی دەقەکەدایە، جۆرێك شیعریەت لە تەواونەکردنەکەدا هەیە، زیاترو جوانترە لە ڕستە تەواوەکانی چوار دێڕەکەی پێشەوە، واتە چوار ڕستەی تەواو بەرانبەر یەك ڕستەی ناتەواو، لە نیوە دێڕی کۆتایی دەقەکەدا تەنها لێرەدا هاویەکچوونەکە لە شیعرەکەدا کەم دەبێتەوە، لەجیاتی ئەوەی وەك ڕستەکانی تر، تەواوبوون بەدەست بێت، کرداری ڕستەکە قرتاوە، بەشێوەیەکی تر، دەتوانین بەم شێوەیە ڕوونتری بکەینەوە:

چوار ڕستەی تەواو بەرانبەر یەك ڕستەی ناتەواو

چوار ڕستەی تەواو بەرانبەر قرتانی کردار

لێرەدا وەرگری دەقەکە هەست بەوە دەکات تەواوکەری نیوە دێڕەکە کرداری (ئەهاتەدەر) ئەو کاتە دێڕەکە بەم شێوەیەی خوارەوەی لێدەهات:

لەناو لولەی چەکیشەوە

ڕێی ئازادی ئەهاتەدەر

بەڵام لێرەدا قرتاندنەکە بۆ زیاترکردنی شیعرییەت و داخستن و قوفڵدانی دەقەکەیە، واتە بەشێوەیەکی ئاسۆیی دەقەکان بۆ تەواوکردنی واتای خۆیانن، بەڵام لەسەر ئاستی شاقولی، هەموو بۆ ئەوەن، بگەنە وشەی (ئازادی)، یا بێنە خوارەوە بەرەو وشەی (ئازادی) کە هەم وەك پێکهاتەی کرداری لە دێڕی یەکەمدا (دائەبارێ)و، لە دێڕی دووەمدا (هەڵئەقوڵێ)و، لە دێڕی سێیەمدا (ئەفڕێ)و، لە دێڕی چوارەمدا (ئەهاتەدەر)، هەموو ئەم کردارانە ستراتیژییەکەیان گەیشتنە بە وشەی (ئازادی)و گەشاندنەوەیەتی.

ڕاستە ئەو ڕستانەی سەرەوە کە وێنەیان لێ پێکدێت هەریەك بە ئاسۆیی دەڕۆن و لەسەر شێوەی هاوشێوەیی پێوەندی لەگەڵ یەکتردا دەبەستن، بەڵام لەسەر ئاستی شاقوڵیش لە یەکتر دەچن و لە مەودایەکی دووردا بۆ گەیشتن بە ستراتیژییەتی دەق هاوچەشنی پەیدا دەکەن، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، دەتوانین هێڵکارییەك دروست بکەین، کە لەسەر ئاستی کردار، دێڕەکان بە یەکترەوە دەبەسترێنەوە.



لەم هێڵکارییەدا هەموو فرمانەکان، دائەبارێ، هەڵئەقوڵێ، ئەفڕێ، ئەهاتەدەر، ئەمانە هەموو دوا ئامانجیان وشەی ئازادییە لە لایەکی ترەوە دەتوانین بڵێین هاوشێوەیی لە ئاستی دێڕەکاندایە نەك وشەکان، چونکە بزافی وشەکان هاوشێوە نین:



لە کاتێکدا هاوشێوەیی لە ئاستی دێڕەکاندا بریتیە لە هاوشێوەیی شێوازی پێکهاتەی ڕستەکان لەوەیدا کە لە هەموو دێڕەکاندا نیوە دێڕی یەکەمیان شێوازی پرسیاری هەیە کە بە ئاوازەیەکی بەرز کۆتایی پێدێت و نیوەی دێڕی دووەمیشیان شێوازی وەڵامی هەیە کە بە ئاوازەیەکی نزم تەواو دەبێت.



کەواتە هەر دێڕێك ڕستەیەکە نیهادەکەی بەرزەو گوزارەکەی نزمە*.

مژەی سەوز کە دائەبارێ لە هەناوی هەورەوە دائەبارێ، ئەمەیش بەشێوەیەکی شاقوڵی دەبێت، چونکە سروشتی بارین هەر بۆ خۆی وایە، دەتوانین بەم هێڵکارییە، زیاتر ڕوونی بکەینەوە:

* سوود لە سەرنج و بۆچوونەکانی ئەندامی لیژنەی تاوتوێکردنی نامەکە د. محەمەد بەکر وەرگیراوە.



ئاوی ژیانیش، کە لە سەرچاوەی کانییەوە، هەڵبقوڵێ ئەوە ئەویش کرداری درێژبوونەوەی تێدایە، چونکە کانی لە کشاندا بەرەو جۆگەو ڕووبارو دەریا شێوەی درێژبوونەوەی تێدایە، بەشێوەی هێڵێکی ئاسۆیی، یاخود، شاقولێ بێت، واتە دەتوانێت بەم شێوەی هێڵکارییە ڕوونی بکەینەوە:



یاخود مەل کە دەفڕێت، ئەویش هەم هێڵی ئاسۆیی و هەم شاقولێش لە فڕیندا دروست دەکات.

ئەمانە هەموو لە پێکهاتەی دەقەکەدا مەبەستیان خزمەتکردن و تەواوکردنی ڕێی ئازادییەکەیە کە لە لولەی تفەنگەوە دێتەدەر، بێگومان ئەمەیش زیاتر هێڵ دروست دەکات

و شێوازی درێژبوونەوە دەخاتە پێش چاو لە هەموو دێڕو ڕستەکاندا شێوەی هێڵێك دروست دەبێت، بە واتایەکی ڕوونتر لە شیکردنەوەی کۆتاییدا هێڵی شاقوڵی و ئاسۆییمان بۆ بەرجەستە دەکات لەسەر ئەم ئاستەیش پێوەندی هاوشێوەیی (التشاکل) لە دەقەکەدا دووبارە دەبێتەوە.

ئەگەر لە ڕوانگەی سینتاکسییەوە سەیری دەقەکە بکەین، دەبینین هەر پێنج دێڕەکە لە ڕستەی ڕێزمانییەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لادان (الانزیاح)ی تێدا کراوە، لە زمانی سینتاکسییەوە بۆ زمانی شیعری ڕۆیشتووە، بۆ نموونە، ئەگەر سەیری ڕیزبەندییەکی با بڵێین، ڕستەیەکی ڕێزمانی کوردی بەم شێوەیە بکەین:

ئازاد	دوێنێ	بەپەلە	نانەکەی	بە پێوە	لەژێر دارەکەدا	خوارد.
بکەرە	ئا. کات	ئا. چۆنیی	تەواوکەری ڕاستەوخۆ	ت. ناڕاستەوخۆ	ئا. شوێن	فرمان

ئەمە پێکهاتەیەکی ڕێزمانییە، دەقی شیعری لەم پێکهاتەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆ نموونە، لە دێڕی یەکەمی شیعری (ئازادی)دا دەتوانین دەقە ڕێزمانییەکە بەم شێوەیە لێك بدەینەوە:

لە کاتی هەوردا باران دەبارێت

بەڵام لێرەدا ئاستی ڕێزمانی و قسەکردنە، کەواتە لە دەروونی دەقە ڕێزمانییەکەوە، دەقە شیعرییەکە، دروست بووە، بەم شێوەیە:

لەناو هەناوی هەورەوە

مژەی سەوز دائەبارێ

هەروەها دێڕەکانی دواتریش هەر بەم شێوەیە دروست بوون.

دەقی

(تـــیـــــر)

شیعری لەتیف هەڵمەت

بووم بە تەم و چووم بۆ ئاسمان
بەرۆکی خوام ڕاتەکان
قۆپچەی نەبوو هەڵبوەرێ و 1
دەمی نەبوو بێتە زمان
گەڕامەوەو
لقی داربەڕوویەکی پیرم کردە
تیروکەوان 2
سەرانسەری گێتیم هەژان [1]

(تیر) شیعرێکی ناو دیوانی (گەردەلوولی سپی) (لەتیف هەڵمەت)ە. بۆ کارئاسانی ڕەخنەیی، شیعرەکە دەکەین بە دوو بەشەوەو ژمارەی (یەك)و (دوویان) لەبەردەمدا دادەنێین، ئەم دابەشکردنەیش بێ ئاگاییانە نیە، چونکە لە بنەڕەتدا بونیادی دەقەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، یا بەشێوەیەکی ڕوونتر بڵێین لە دوو جووڵە پێکهاتووە: جووڵەی (چوون)و جووڵەی (گەڕانەوە)، ئەمەیش بۆ خۆی پێوەندی نێوان هەردوو جوڵەکە ڕوون دەکاتەوە، کە لەسەر

[1] دیوانی لەتیف هەڵمەت، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، 1999، ل 322.

بنەماکانی لێکنەچوون (اللاتشاكل)و دژخوازی (التضاد) دروست‌بوون، جگە لەوەی کە لە فەرهەنگ و زمانی ڕۆژئەیشدا (چوون) کردەوەیەکی جیایە لە (گەڕانەوە)، بەڵام لە کۆتاییداو لەناو دەقەکەدا لەپاڵ مەدلوولە شۆڕشگێڕییەکەیاندا مەودایەکی فەلسەفی وەردەگرن.

پێکهاتەی دەقەکە بریتیە لە گەشتێك بکەر، یا منی ناوەوەی ئەنجامی دەدات، بەڵام گەشتێکی ئاسایی نیە، بەڵکو هێزو سیحرێك لەپاڵ بکەردایە، چوونە ئاسمان و دەستدانە یەخەی خودا، پاشان گەڕانەوە بکەرێکی ئاسایی توانای ئەنجامدانی ئەمەی نیە، لێرەدا چەند وشەو ڕستەو پێکهاتە هونەرییەکە ئاسان بێتە پێش چاو، بەڵام ئەو کارەی کە بکەرەکە ئەنجامی دەدا کارێکی قورس و ئەفسانەییە، بۆیە ئەو بنەما دوالیزمییە لەمەشدا ڕەنگدەداتەوە، لەوەدا لێکنەچوون لەنێوان پێکهاتەی هونەری و کرداری بکەر، یا قسەکەری دەقەکە، پێکهاتەیەکی هونەریی ساکارە، لەسەر ئاستی وشەو ڕستەو زمان و کردارێکی گران ئەفسانەئامێزی وەك، چوون بۆ ئاسمان و یەخە ڕاتەکاندنی خولقێنەر، هەر دوو بەشەکە، کە جەستەی شیعرەکەیان لێ پێکهاتووە بریتین لە:

یەکەمیان:

1- بوون بە تەم
2- چوون بۆ ئاسمان
3- بەرۆك ڕاتەکاندن

دووەمیشیان:

1- گەڕانەوە.
2- دروستکردنی تیروکەوان
3- هەژاندنی گێتی

بەشی یەکەمی دەقەکە بریتیە لە سەرەتای گەشتەکەو چوونە ناوەوە، ئەویش چوونە بۆ ئاسمان بە مەبەستی پرسیارکردن و هێنانەگۆ کە خۆی لە ڕستەی (بەرۆکی خوام ڕاتەکان)و (قۆپچەی نەبوو)دا دەبینێتەوە، لە وشەی (گەڕامەوە)وە بەشی دووەمی دەقەکە دەستپێدەکات کە بە گەڕانەوە دەنوێنرێ، تێیدا دوو کردار ئەنجام دەدرێ، دروستکردنی تیروکەوان و هەژاندنی گێتی. ئەگەر زیاتر وردبینەوە، دەبینین، هەر دوو جوولّەکە، یا کردارەکە، جیاوازو دژیەکن، کرداری چوون، کرداری گەڕانەوە، چونکە بەرانبەر بەرزبوونەوەیە بۆ ئاسمان و، گەڕانەوەکەیش بەرانبەر دابەزینە، دیارە بەرزبوونەوەو دابەزینیش دوو جوولّەو دوو کرداری دژ بە یەکن و بە دوو ئاڕاستەی جیاوازدان، ئەمەیش بۆ خۆی خستکردنەوەی دوالیزمە دژەکەیە.

لە لایەکی ترەوە بەشی یەکەم، سەرەوەی جەستەی شیعرەکە پێکدەهێنێ، پڕە لە بێدەنگی و بێزمانی و خامۆشی، ئەگەر زمان نەبێ ئەوە بێدەنگی زاڵ دەبێ، ئەم بێدەنگییە بەسەر سەرجەم بەشی یەکەمی دەقەکەدا تا وشەی (گەڕامەوە) زاڵە، بەشی دووەم کە لە (گەڕامەوە)وە دەستپێدەکات بە پێچەوانەی بەشی یەکەمەوە، پڕە لە دەنگ و وەلّام وەرگرتنەوەو بزاوتن و قسەکردن.

شیعریەتی ئەم دەقە لەوەدا چڕ دەبێتەوە، کە هەر دوو جولّەکە لەناو دەقەکەدا، دژی بەکارهێنانی ڕێزمان و بیروبۆچوونی باوی ڕۆژانە هاتوون، بەرزبوونەوە لە فەرهەنگ و دیدی ئاسایی و بیرو فیکری مێژووییدا دەلالەتی لە پیرۆزی و بڵندی سەربەرزی و وەبەرهێنانی ئامانج و گەشانەوەو هۆ دەکردەوە، بەلّام لێرەدا کشان بەرەو ئاسمان بێ ئەنجام دەرکەوتووە.

جوولّەی دووەم کە دابەزینە، بەرزبوونەوەی فیکرو ئامانجەکەی تێدایە، ئاشکرایە دابەزین لە زەینی مرۆڤ و فەرهەنگدا بێ هودەیی و بێ وەیی لێوە دێت، یەکەم دەبێت بە وەو گەشانەوەو هەڵچوون و بەرزبوونەوە. بەشێوەیەکی ڕوونتر لەم دەقەدا، دوو جوولّەو بزاوتن هەیە، یەکێك، بەرەو ئاسمان و ئەوی تر بەرەو زەوی، بەلّام هەریەکەیان بە پێچەوانەی

سروشتی خۆیان کاردەکەن، بەرەو ئاسمانەکە دەبێت بە دابەزین لە ئاماژەو دەلالەتەکانیاو، دابەزینەکەیش کە گەڕانەوەکەیە، دەبێت بە بەرزبوونەوەو گەشانەوە لە دەلالەتیدا.

ئەگەر بێت و لە دەق و پەیوەندییەکانی ناوەوەی دەربچین و پەیڕەوی بونیادگەری بخەینە لاوەو دەقەکە بکەینەوە بەسەر دەرەوەدا، بەدوای ئەوەدا بگەڕێین، ئەم پەیوەندییانە هەواڵەی چ ئاماژەو دلالەتێکمان دەکات، ئەوە دەکرێ بڵێین لەپاڵ ئەم سیستمە دژەی پەیوەندییەکانی دەقەکەدا، دەلالەتێکی فیکری و فەلسەفی هەیە، لە سەردەمێکدا فەلسەفە لە سەرەتاکانیدا بەتایبەت فەلسەفەی یۆنانی ئاسمان سەنتەری شتەکان بووە، هۆو هۆکار بووە، فەلسەفە بە دەوریدا سوڕاوەتەوە، بایەخی سەرەکی خۆی پێداوە، هەموو شتێك بە هێژە ئاسمانییەکە ڕاڤە کراوە، بۆ وەڵامی هەموو پرسیارەکان ڕوو لە ئاسمان کراوە، پاش ئەوە بایەخەکە لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی دابەزێنراوە، ئیتر زەوی جێگای سەنتەری بایەخپێدان بووە، شتەکان هاتوونەتە سەر زەمینەی واقیع و مرۆڤ ڕۆڵی پێدراوە بۆ ڕاڤەکردن و گۆڕین[1].

خوێندنەوەی ئەم دەقە گرنگی زاڵکردنی خوارەوە بەسەر سەرەوەدا، یا زەوی بەسەر ئاساندا، یان مرۆڤ و واقیع بەسەر پیرۆزکراوەکاندا دەردەخات، لێرەدا لە دەقەکەدا وشەکانی (چوون)و (گەڕانەوە) دەسەڵاتی بەهێزی دەقەکەن، بە هەر دووکیان دوالیزمی دەقەکە پێکدەهێنن، ((خودی دوالیزمیش، یەکێکە لە پڕەنسیپەکانی بونیادگەری))[2].

لە ڕوانگەیەکی ترەوە دەتوانین بونیادی دەقەکە لەسەر بنچینەی دوالیزمی بەم شێوەیە ڕوون بکەینەوە.

لێرەدا بکەر لە کۆپلەی یەکەمدا زۆر بێ هێزو لاوازە، خودی دەقەکەش لەسەر بنچینەی هاودژی لەنێوان منی بێ هێزی بکەرو منی بەهێزدایە :

---

[1] بڕوانە: ثیودور اویزرمان، تطور الفکری الفلسفي، ص 14.

[2] عبدالله الغزامی، الخطیئة والتکفیر من البنیویه الی التشریحیة، ص 25.

هەروەها د. عاصم محمد امین، لغة التضاد في شعر امل و نقل، ص 43.

منی بێ هێز ≠ منی بەهێز

واتە لە کۆپلەی یەکەمدا بکەر (تەم)ە، کە نیشانەی ئەوپەڕی بێهێزییەو چووە بۆ داخوازی مافی خۆی و هیچی دەستنەکەوتووە، بەڵام لە کۆپلەی دووەمدا دوای بەدەستهێنانی چەك (تیروکەوان) توانیویەتی گێتی بهەژێنێ *.

* سوود لە سەرنج و بۆچوونەکانی ئەندامی لیژنەی تاوتوێکردنی نامەکە د. محەمەد بەکر وەرگیراوە.

لە دوورترین گوندیشا

دەقی: قوبادی جەلی زادە

لە دوورترین گوندیشا، کە دەنووین
هەر تەنیا چاوێکمان دەخەوێ،
چاوێکمان گوێ دەگرێ
هەر تەنیا گوێیەکمان ڕادەکشێ،
گوێیەکمان پاسەوان
هەر کونەلوتێکمان،
ڕیحانەی چاولێکنان دەنێتە بەر پشتی
ئەوەی دی، گلبەردو ڕێگاکان بۆن دەکات
کە دەنووین،
هەر تەنیا دەستێکمان پرخەی دێت،
ئەوەی دی
تفەنگەو بە پێوە دەوەستێ
هەر تەنیا لاقێکمان دەبۆرژێ، ئەوەی تر
بەدەوری گوندەوە تێلبەندی کەمینە
لە عاسی ترین گوندیشدا کە جووت دەبین
چرا داناگیرسێنین

سەرمان کۆتە ناکەین

کەوشەکانمان داناکەنین

فیشەکدان لە خۆمان ناکەینەوە

دەستێکمان وەك دەستی نەوزادەی یەك شەوە،

لە سنگ و بەرۆکی بووکدایە

دەستێکیش وەك دەستی شۆڕەسوارێکی عەگیدەو

لە یاڵ و جلەوی ئەسپایە [1]

ئەگەر دوور لە میتۆدی بونیادگەری خۆمان لەم دەقەی (قوبادی جەلی زادە) نزیك بکەینەوەو بەکورتی مەغزاکەی پیشان بدەین، ئەوە دەڵێین: ڕەنگە ئەو دوورترین گوندەی کە شاعیر باسی دەکات هەر تەنها دێیەك، یا ڕووبەرێکی گەورەتر بێت، یا ئەو دێیە دوورە، هێمای نیشتمانێك بێت کەسانی دەقەکەیش خۆڕاگرن، یاخود، شۆڕشگێڕان بن، بەڵام قسەکردن بەم شێوەیە لە میتۆدی بونیادگەری دوورمان دەخاتەوە.

ئێمە لە خوێندنەوەی دەقەکە بەپێی میتۆدی بونیادگەری، جەخت لەسەر پەیوەندییەکانی ڕەگەزی ناوەوە دەکەینەوە کە دەبن بە ڕەگەزی سەرەکی بنەمای بونیادگەری، خۆ ئەگەر بەجیا باسی لایەنی شێوەو لایەنی دەلالی بکەین، تەنها بۆ ئاسانکارییمانە، چونکە لە هەموو هەنگاوێکدا دەبێت جەخت لەسەر کارلێکردنی پتەوی ئەم دوو لایەنە بکەین لەم دەقەدا، ڕستەیەك هەیە، ناوکی سەرەکییەو لەسەر هەموو ئاستەکانی بەشەکانی تری دەقەکە دەبن بە پەرەپێدەری، یا دەبن بەهۆیەك بۆ گەورەکردنەوەی ئەو ڕستە ناوکەی شیعرەکە، ئەمەی خوارەوەیە، کە دەسپێکی (استهلال)ی هۆنراوەکە پێکدەهێنێ:

لە دوورترین گوندیشدا، کە دەنووین

[1] قوبادی جەلی زادە، شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، چاپی دووەم، 2007، ل 344.

هەر تەنیا چاوێکمان دەخەوێ،

چاوێکمان گوێ دەگرێ

لیرەدا ناونیشانەکەیش تێکەڵاو بە دەستپێکەکە دەبێت (لە دوورترین گوندیشا) دەیت بە بەشێك لێی، ڕستەکە لە ئامڕازو ناوو کردار پێکدێت.

ئامڕاز + ناو + ناو + ئامڕاز + کردار

لە + دورترین + گوند + کە + دەنووین

ئامڕاز + ئامڕاز + ناو + کردار

هەر + تەنیا + چاوێکمان + دەخەوێ

ئیتر ئەم ناوکەی کە لەم چەند وشەو ئامڕازە پێکدێت، لە بڕگەو ڕستەکانی تردا دووبارە دەبنەوە، ئەویش بە مەبەستی پەرەسەندن و تەواوکردنی بونیادی دەقەکەیە، ئەمە وەك وشەو ڕستە، وەك (ڕیتمیش) دووبارەبوونەوەی (هەر تەنیا) چەند جارێك لە دەقەکەدا هێژێکی سیحری بە گوتاری جووتبوون و مانەوەو بەئاگایی دەبەخشێ، هەروەها دووبارەبوونەوەی چەند پیتێکیش لە خزمەتی هەمان مەبەستدایە، وەك پیتی (گ) لە (گوندا)و (ڕ) لە (ڕادەکشێ)، (ڕیحانەی)، (گابەرد)، (پرخەی دێت)، (دەبۆرژێ). ئەم پیتانە وروژێنەرو جوڵێنەرن کە تەواو لە خزمەتی ئەنجامی ئەو دوالیزمەدان، واتە (دوالیزمی نووستن و بەئاگابوون) کە زاڵکردنی گرنگی بەئاگابوونەکەیە بەسەر نابێدارییەکەدا.

شێوازی دوالیزمی (الثنائیة) لە سەرتاسەری دەقەکەدا لەسەر هەموو ئاستێك ڕەنگیداوەتەوە، دەسەڵاتی دابەشکردنی بەرهەمهێناوە، هەموو دوالیزمەکان هەر لە وشەوە تا ڕستەو وێنەو پێکهاتە، بۆ دابەشکردنی جەستەیە بەسەر دوو بەشدا، ئەویش بە مەبەستی بەخشینی دوو ئەرکی جیاوازدا دابەش دەکرێن بە مەبەستی نەفیکردنی یەکتایی (احادی). واتە

مەبەستی شاراوە، لەم دابەشکردنە لە ڕوویەکەوە فرە ئەرکی و فرە مەوداو دەلالەتە، ئەمیش لە ڕوویەکی ترەوە ڕێژەی شیعریەتی ئەندامەکانی جەستە دیاری دەکات، لێرەدا جەستە بە زمان دەوڵەمەند دەکرێت و لەمەودوا شوناسە باوەکەی خۆی دەردەهێنرێ، جەستە بەهای تری پێدەدرێ و بەشێوەیەکی جیاوازتر لەمەودای خۆی و دەلالەتی چەسپاوی خۆی کاردەکات.

لەو گوندەدا کە (قوباد) دەستنیشانی دەکات چاو تەنها هەر چاوێك نیە، چاوێك لە کاتی خەودا دەخەوێت، چاوێکی تر گوێ دەگرێ، گوێیەك ڕادەکشێ و کوێیەکی تر پاسەوانە، دەستێك دەخەوێ و، دەستەکەی تر تفەنگی بەدەستە، ئەوەی لە پاڵزالکردنی دوالیزمی و شکاندنی یەکتایی و تاك مەوداییەکەدا پەنهانە، شێواندنی هەستەکان و گۆڕینی شوناس و ئەرکیانە.

دوالیزم لە دەسپێکەوە دەردەکەوێ و خۆی لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤدا تەواو دەکات کە بوون بە ڕووبەرو بزوێنەرو دینامیکی شیعرەکە.

هەر دوو چاوی مرۆڤ یەکن و یەك پێناسەو وەسف و شوناسیان هەیە، بەڵام لەم شیعرەدا بەهۆی دوالیزمەکەوە لە یەك جیابوونەتەوە، هەریەکەیان بەلای کاری خۆیەوە چووە، تەنیا چاوێك دەخەوێ، چاوەکەی تر گوێ دەگرێ، واتە دوالیزمەکە لەسەر شێوەی دژبەرزبۆتەوە.

چاوێکیان دەخەوێ، تا ئێرە کارێکی ئاساییەو چاو ئەرکی سروشتی خۆی دەکا، ئەویش خەوتن، یا بینینە، بەڵام کە چاوەکەی تر گوێ دەگرێ، ئەوە بە بارێکی تردا دەکەوێتەوە، چونکە لە چاوی یەکەم جیادەبێتەوە، کە ئەرکی سروشتی چاو دەبینێ، چاوی دووەم گوێ دەگرێ، لێرەدا تەواو پێچەوانەی چاوی یەکەم دەکەوێتەوە، چونکە گوێگرتن ئەرك و فەرمانی چاو نیە، بەڵکو ئەرك و سیفەتی گوێ خۆیەتی، واتە هەستی بیستن، ئەم شێوەیە دوالیزمەکە هەر دووکیان جیادەکاتەوە، بە هەر یەکەیان شوناسێکی تایبەتی دەبەخشێ، گوێیەك ڕادەکشێ، بەڵام گوێکەی تر ئەرکی پاسەوان دەبینێ، لێرەشدا دوالیزمەکە بەتەواوی ناچێتە چوارچێوەی دژو جیابوونەوە (تەچاد)، بەڵام نە وەك یەکن و نە ڕێژەی جیابوونەوەکەیشیان ئەوەندە بەرزو زۆرە.

گوێ کە ڕادەکشێ، واتە جەستە دۆخی خاوبوونەوە وەردەگرێ و خۆی بۆ خامۆشبوونەوە کپی و پشودان ئامادە دەکات، بەڵام کە یەکێکیان دەبێ بە پاسەوان، ئەوە لەو تاك حاڵەتەی کە لەدەقەکەدا باس کراوە سیفەت و جۆری بەئاگابوون وەردەگرێ، کە پێچەوانەی لووتی یەکەم دەکەوێتەوە کاتێ لەگەڵ باقی ئەندامەکانی تری جەستەدا دەخەوێ، دوو دەستەکەیش هەر لەسەر هەمان ڕیتم و دوالیزم کاری خۆیان دەکەن، یەکێکیان پرخەی دێ و، ئەوی تریشیان تفەنگەو بە پێوە دەوەستێ، بەخشینی سیفەت و کرداری پرخەپرخ بە دەست خۆی دەرکردنی دەستە لە چوارچێوەی باوی خۆی. ئەرکی دەست بەرکەوتنە (اللمس)، بەڵام لێرەدا پرخەی دێ، دەستی دووەم، ئریکە لە سیفەتی خۆیەوە کە بەرزکردنەوەو هەڵگرتنی تفەنگە، یا هەر شتێکی تر پێوەندی ئەم دوو دەستە پێوەندی گونجان و لێکچوونی تەواوەتی نیە.

ئەرکی شیعری لەمەدایە کە جەستە بووە بە بونیادو ستراتیژییەتی دەقەکەو تێدا هەموو جووت ئەندامەکانی دابەشکراون و جیاکراونەتەوەو هەریەکەیان بە پێچەوانەی ئەوی ترەوە ڕەفتارو هەڵسوکەوت دەکات، پێوەندی هەموو هەستەکانیش واتە هەستی چاو بە گوێوە، یا گوێ بە دەستەوە، یا قاچ بە چاوەوە، لەسەر بنەمای دوالیزمە، جۆری دوالیزمەکەیش لەسەر شێوەی جیابوونەوەیە کە هەندێکجار ڕێژەکەی دەگۆڕێ، کەم دەبێتەوە یا بەرز دەبێتەوە.

گرنگی شیعریەت لەم دەقەدا لەوەدا دەردەکەوێت کە جەستە کردارەکانی دەگۆڕێ و لەوێشەوە دەلالەتەکانی بەشێوەیەکی تر بەرهەم دەهێنرێ، ئەگەر لە بووندا بەرهەمهێنەری سێکسی و شتی تر بێت، ئەوە لێرەدا دەلالەت و مەودای شۆڕشگێڕی و خۆڕاگری دەبەخشێ. بە بۆچوونێکی تر دەکرێ بڵێین شیکردنەوەی ئەم دەقەیە ئریکیشت دەکاتەوە لە میتۆدی شێوازگەری بەتاییەت میتۆدەکەی (سپیتزەر) لەمەڕ بازنەی زمانی (الدائیرە اللغویە)، بەڵام ئەوەشمان لەیاد نەچێت هەردوو میتۆدی شێوازگەری و بونیادگەری لەسەر کۆڵەکەی زمان دامەزراون، یەکەمیان جەختکردنە لەسەر ڕووخسارو دووەمیان سەرەڕای ڕووخسار ناوەڕۆکیش دەگرێتەوە.

پاری چوارەم
پێشەنگەکانی کاری پراکتیزەکردنی بونیادگەری
لە ڕەخنەی کوردیدا

ئەگەر بەپێی مێژووی بڵاوکردنەوە ڕیزبەندی هەندێ لەو کارانە بکەین کە لەم بوارەدا کراوە، ئەوە دەبێت بەشێوەیەکی کورت ئاوڕ لە چەند ناوێك و کارەکانیان بدەین، دەتوانین بڵێین ئەو ناوانەی کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەدەین، دەستپێشخەربوون و تا ئاست و ڕێژەیەکی بەرزیش لە پرەنسیپەکانی بونیادگەری گەیشتوون، بەدەر لەوانیش لێرەو لەوێ هەندێ شت کراوە زۆرجار دووربوون لە پرەنسیپەکانی بونیادگەری، هەندێکیشیان تەنها پرەنسیپە سەرەتاکانی بونیادگەریان تێدا دەبینرێ، یەکەم دەق کە بەپێی پرەنسیپەکانی بونیادگەری کاری لەسەر کرابێت توێژینەوەیەکی (عبدالله طاهر بەرزنجی)یە بە زمانی عەرەبی بۆ دەقێکی (دڵشاد مەریوانی)یە بە ناونیشانی (طبيعة الثنائية في قصيدة انا وانت لدلشاد المريواني) واتە سروشتی دوالیزم لە شیعری من و تۆی دڵشاد مەریونیدا. جا لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستمان، بە کورتی دەقەکە وەك خۆی دەنووسینەوە.

1) عندما نتبادل البسمة
2) هنا ينحنى صيي
3) يزيح زجاجة من الدروب السابلة
4) وهناك.. ينحنى رجل
5) يلتقط حصات.. ويرمى بها حمامة

1

6) عندما نتعانق
7) هنا يتأبط صبي كتابه.. ويتجه الى المدرسة
8) وهنا يحمل رجل سلاحاً.. ويذهب لينهب بيتاً } 2

9) فكري ، أنا وانت
10) من أي زمن نمارس الحب[1] } 3

لێرەدا توێژەر دەقەکەی کردۆتە سێ بەشەوە بەرانبەر هەر نیوە دێڕێکیش ژمارەی داناوە، ئەم شێوەیەش لای بونیادگەرانی عەرەبیش پەیڕەوکراوە. بەشی یەکەم لە ژمارەی (1)وە دەستپێدەکات و بە ژمارە (5) کۆتایی دێت، بەشی دووەمیش لە ژمارە (6)وە دەستپێدەکات و لە سنوری ژمارەی (8)دا سەقامگیر دەبێت، بەشی سێیەمیش لە ژمارە (9)وە دەستپێدەکات و بە ژمارە (10) کۆتایی پێ دێت، توێژەر گرنگییەکی زۆری بە یەکێك لە پرەنسیپەکانی بونیادگەری داوە، ئەویش دوالیزمە (الثنائية) دەقەکەی بە سەر دوو دوالیزمدا دابەش کردووە، یەکەمیان، دوالیزمی هاودژو. دووەمیان، دوالیزمی ئاشتییانە (ثنائية مسالمة) بەدەرە لە ناڕێکی و هاودژی ئەویش لە ناونیشانەوە دەستپێدەکات و ژمارەکانی (1)و (6)و (9)و (10) لەخۆدەگرێت. هەر دەستپێکردنی شیعرەکە بە دوالیزمی من و تۆیە، ئەو ژمارانەی کە ئەم دەستەواژانەی تێدایە (تتبادل البسمة، تتعانق، نمارس الحب) هەڵگری دوالیزمن و بەشێکی زۆری دەقەکەیان داگیرکردووە[1].

دوالیزمی هاودژ لە دەقەکەدا دەبینرێ، لە ژمارە (1)وە دەستپێدەکات، بە ژمارە (8) کۆتایی دێت، دوالیزمە هاودژەکان لە ئاست بکەرو شوێن و کردارەدایە.

---

[1] عبدالله طاهر بەرزنجی، طبيعة الثنائية في قصيدة انا وانت (لدلشاد المريوانى)، جريدة العراق، العدد 4552 سنة 1988، ص 7.

[1] عبدالله طاهر بەرزنجی، طبيعة الثنائية في قصيدة انا وانت (لدلشاد المريوانى)، جريدة العراق، العدد 4552 سنة 1988، ص 7.

دوو بکەرە دژ بە یەکەکە

صبی / رجل

دوالیزمی شوێنەکە

هنا / هناك

لێرەدا توێژەر ئاماژە بە کردارەکانی منالّەکە دەکات کە جیاوازە لە کردارەکانی پیاوەکە، بۆ نموونە، دەڵێت: لای منداڵەکە سیمای کردارەکان ئەستۆپاکی و خۆشەویستی و ئارەزووی ئاشتییانەی پێوەدیارە، کەچی ئەو کردارانەی کە دەگەڕێتەوە بۆ پیاوەکە سیمای توندوتیژی و زەبروزەنگی پێوەدیارە.

دەتوانین بەم شێوەیە دایڕێژینەوە:



توێژەر دوالیزمەکانی بەشی یەکەم بەم شێوەیە دیاریکردووە:

رجل/ صبی

هنا/ هناك

یزیج زجاجه من دروب السابله/ یرمی حمامه

لە بەشی دووەمیشدا، هاودژەکانی لە ئاست کردارو بکەرو شوێندا لەسەر هاوڕێکی بەشی یەکەم لە ڕووی دەلالی و ڕێزمانییەوە دووبارە کردۆتەوە.

صبی / رجل لص

هنا / هناك

یتأبط کتابه / یحمل سلاحاً

یذهب الی المدرسه / ینهب بیتاً [1]

خاڵێکی گرنگی تری ئەم توێژینەوەیە هاوسەنگییە، (التوازی) دیارە ئەمەیش یەکێکە لە پرەنسیپەکانی بونیادگەری، لێرەدا توێژەر ئاگای لێیەتی و جەختی لەسەر کردۆتەوە بەوەی کاتێك دەقەکە دەخوێنیتەوە هەست بە هاوسەنگییەك لە دابەشکردنی کردارەکانی دوو بکەرە دژەکە دەکەین، بەشێوەیەك هیچیان بالادەست نین بەسەر ئەوی تردا، لێرەدا ئەم هاوسەنگی ڕاگرتنە لە خزمەتی پێکهاتەی ئەندازەیی دەقەکەدایە، چونکە شاعیر توخمی درامی و چیرۆکی نەهێناوەتە ناو دەقەکەیەوە، تا جووڵەیەکی درامی دروست بێت، لە کۆتاییشدا یەکێکیان بەسەر ئەوی تردا زاڵ بێت، لە کۆتاییدا توێژەر ئاماژەی بەوە کردووە کە وێنە پاڵپشتی دەقەکەیە، لە بەشی یەکەم و دووەمدا جووڵەیەك هەیە، دەرئەنجامی کردەوەی کردارەکانە، کە پێویستی بە وزەو توانایەکی لەشیی دەبێت، (ینحنی، یزرع، یلتقط، یرمی،

---

[1] عبدالله طاهر بەرزنجی، طبیعة الثنائیة في قصیدة انا وانت (لدلشاد المریوانی)، جریدة العراق، العدد 4552 سنة 1988، ص 7.

یتــأبط، یــذهب، ینهــب)، هــەروەها شــێوازێکی پەخــشان، باڵادەســتە بەســەر ڕستەکانی بەشی کۆتاییدا.

لە کۆتاییدا دەتوانین هەڵسەنگاندنی ئەم توێژینەوەیە بەم خاڵانە ڕوون بکەینەوە:

1- نووسەر خاوەن باگراوندێکی ڕۆشنبیری تیۆرییە سەبارەت بە پڕەنسیپەکانی بونیادگەری.

2- هەست دەکەین توێژەر ئاماژە بە نووسەر ناکات و لە ناوەوەی دەقدا کاری کردووە.

3- بابەتەکان پیشان دەدات بڕیار نادات، ئەمەش خۆی یەکێکە لە پڕەنسیپەکانی بونیادگەری شیکردنەوە، نەك هەڵسەنگاندن، ئەمەش لە پڕەنسیپەکانی بونیادگەری لە تێزەکەدا ئاماژەمان پێداوە.

(أعداد) دەقێکی شیعری (قوبادی جەلی زادە)یە (عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی) توێژینەوەیەکی بونیادگەری بە زمانی عەرەبی لەسەر کردووە. لێرەدا بە پێویستی دەزانین بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەمان، دەقەکە وەك خۆی بنووسینەوە.

1
- أ- اربعه فوانيس
- ب- اربع اعين مترعه بالنفط
- ت- اربع عواصف !

2
- أ- اربعه أنهار
- ب- اربع صرخات منحدرة
- ت- اربعة سدود
- ث- اربع صفوف من الحيطان

3
- أ- اربع نوارس
- ب- اربعة مسافرين تائهين
- ت- اربع كبوات

4
- أ- اربع مسافرين
- ب- اربعة دروب وعرة
- ت- اربعة نجوم مضلة (الشعرى)[1]

هەرچەندە بە ڕووکەش وشەو پێکهاتەکان سادەو ساکارن، بەڵام کاتێك وردبینی قۆڵ دەکەین بە شێوەیەکی ترە، فەرهەنگی دەقەکە ساکارو شەفافە، هەموویان لە کێڵگەی سروشت و بێگیاندا دەسوڕێنەوە، (فانۆس) بێگیانە سەرچاوەی ڕووناکییە، وشەی (ئەوت) زادەی وشەی فانۆسە، زریان هێزێکی سروشتی تێکدەرە، هاودژی نێوان ئـەوو فـانۆس بەرهەمی هێناوە، ڕووبار جووڵەیە، بەرەو دەریا کەوتۆتە ڕێگا، وشەی بەنداو (سد) ڕێگرە لەبەردەم ڕۆیشتن، وشەی ڕووبار هێناوێتی.

وشەکانی ناو ئەم دەقەکە بە هەڕەمەکی (أعتباطی) نەهاتوون، هاودژی هەندێکیانی هێناوە، بۆ نموونە:

(با) هاودژە لەگەڵ فانۆسدا، فانۆس سەرچاوەی ڕۆشناییە، بایش کوژاندنەوەیەتی، ڕووبار هاودژە لەگەڵ بەنداو، هەروەها (نورس) هاودژە لەگەڵ ڕاوچی.

وشەی (چوار) لە هەموو بەشەکاندا دووبارە دەبێتەوە، ئەمەش ئاماژەیە بە دەسەڵاتی ئەم وشەیە بەسەر دەقەکەدا. لەلایەن پێکهاتەی سینتاکسیشەوە، زۆر ساکارە، لادان (الانزياح) تێدا ڕوویداوە، بەوەی فەرمانی ڕستەکان لابراوە، بۆ نموونە، لە بەشی یەکەمدا (أ) شتێکی

---

[1] عبدالله طاهر البرزنجى، قراءة في ((اعداد)) قوباد جلى زاده، جريدة العراق، العدد 4822 سنه 1988، ص 7.

ئاساییە، بەڵام (ب)، (ت) شیعرییە، چونکە لە (ب) چاو لەگەڵ فرمێسکدا ڕاهاتووە، لێرەدا نەوت جێگای گرتۆتەوە، بۆیە لێرەدا لادانەکە بەهێزە بەڵام لە (ت)دا هێور دەبێتەوە. ئەگەر لە دەرەوەی شیعردا (أ، ب، ت) بە کەسێك بڵێیت تێناگات، چاوەڕێی شتی تر دەکات. لە بونیادی ڕستە کورتەکاندا، جووڵە نیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بکەرو فرمان.

لقی (ب)ی هەر چوار بەشەکە لەگەڵ لقی (أ)ی هەموو بەشەکان پەیوەندییەکەیان لە ئاستی هاوتاکردندایە (تطابق)، بەڵام لەگەڵ (ت)ی بەشەکاندا پەیوەندییەکە لەیەك دوورکەوتنەوەیە (تنافری)یە، لە دەقەکەدا هاوسەنگی لەنێوانیاندا دەبینرێ، هاوشیعری لە بونیادی سینتاکسی و ڕیتمیدا هەیە، سێ بەشی کۆتایی لەسەر بەشی یەکەمدا دامەزراوە، ئەم دەقە کورتە هەمووی لەسەر یەك ئاست دەڕوات، بۆ نموونە، ئەگەر سەرنج بدەینە بەشی یەکەم، دەبینین لەسەر هاوسەنگی نێوان دوو دیمەنی دژ بەیەك دامەزراوە، بەشەکانی تریش لەسەر هەمان شێوە دەڕۆن[1].

(مەریوان وریا قانع) یەکێکی ترە لەو نووسەرو ڕۆشنبیرانە کە کاری لەسەر دەقی شیعر، بەپێی میتۆدی بونیادگەری کردووە، لە بابەتێکدا بە ناونیشانی (تێکشکانەکانی دیالەکتیکی خودو سروشت لە شیعری پاییزی گۆراندا) ئەم کارەی خۆی دەخاتە ڕوو، لێرەدا بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەمان و هەڵسەنگاندن، پێویست دەکات دەقەکە وەك خۆی بنووسینەوە :

پایز

1- پایز ! پایز

2- بووکی پرچ زەرد

3- من مات، تۆ زیز

---

[1] عبدالله طاهر البرزنجی، قراءة في (اعداد) قوباد جلی زاده، جريدة العراق، العدد 4822 سنه 1988، ص 7 .

4- هەردوو هاودەرد!

5- من فرمێسکم، تۆ بارانت،

6- من هەناسەم، تۆ بای ساردت

7- من خەم، تۆ هەروی گریانت

8- دوایی نایە: دادم، دادت

9- هەرگیز، هەرگیز

10- پایز، پایز

11- پایز، پایز

12- شان و مل ڕووت

13- من مات، تۆ زیز

14- هەردووکمان جووت

15- هەرچەند گوڵ سیس ئەبێ بگرین

16- ئاڵتونی دار ئەڕژێ بگرین

17- پۆلی باڵدار ئەفڕێ بگرین

18- بگرین.. بگرین چاومان نەسڕین

19- پایز ، پایز [1]

((هەموو ئەوانەی تا ئێستا (گۆران)یان خوێندۆتەوە لە بەکارهێنانی ساکارانەی ئەو میتۆدانە لە پڕۆسیسی خوێندنەوەی دەقە ئەدەبیەکاندا لە سەرێکی ترەوە نەیانتوانیوە ڕۆچنە ناو قوڵایی ستاتیکییەکانی دەقەکانی گۆران و ئەو ڕاستییانە بدۆزنەوە کە لە بونیادی قوڵی ئەو دەقانەدا پەنهانن، ئەوەی تا ئێستا کراوە تێڕامانە لەو دەقانە لە دەرەوە لە دوورییەکی

[1] مەریوان وریا قانع، تێکشکانی دیالەکتیکی خودو سروشت لە شیعری (پایز)ی (گۆران)دا، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە 18، ساڵی 1989، ل 3.

ئیستاتیکی واوە کە لە باشترین دۆخدا، ڕووکەشی دەقەکانیان بینیووە، لێرەدا ئەم جۆرە خوێندنەوانە ئایدیۆلۆژیای نووسەریان مەبەست بووە، نەك ئایدیۆلۆژیای دەق))[2]

لێرەدا لەگەڵ ئەو بۆچوونەی (مەریوان وریا قانع)دا نین کە گوایە پێش ئەو توێژینەوەی ئەکادیمیانەو زانستیانە لەسەر گۆران نەکرابێت، توێژینەوەی چڕوپڕ کراوە، بەڵام بەپێی میتۆدی ڕەخنەیی جیاواز لەوانە میتۆدی کۆمەڵایەتی، مێژوویی، سایکۆلۆژی، کاریگەری، شێوازگەری، لە هەمان کاتیشدا لەو خاڵەدا لەگەڵ (مەریوان)دا یەکدەگرینەوە کە توێژینەوەکەی ئەم بە یەکەم توێژینەوە دادەنرێت کە بەپێی میتۆدی بونیادگەری دەقەکەی گۆرانی خوێندۆتەوە.

بونیادی شیعری پاییز لەسەر دوو لایەنی خودو سروشتە، لێرەدا توێژەر بەسەر سێ بونیادی جیاوازدا دابەشی کردوون، کە ئەوانیش بونیادی دابڕان و لێکچوون و جووتبوونە، لەگەڵ بونیادی گشتگیری ڕیتمی دەقەکە.

دیارترین سیمای ئەم بونیادانەیش ڕیزبوونیانە لە ئاستێکی ئاسۆییدا کە کۆتایی ئەمیان سەرەتای ئەوی تریانە، تا دەگەیتە دوا توخمی بونیادی سێیەم [3].

لە شیعرەکەدا بونیادی دابڕان بە دێڕی یەکەم دەستپێدەکات و بە دێڕی دووەم کۆتایی دێت، ئەم بونیادە لە ڕووی زمانەوانییەوە بونیادێکی بێ کردارە کە لە دوو ناوو دوو ئاوەڵناو پێکدێت، ونکردنی کردار ونکردنی ئیحتیمالاتی بزاوتە، چونکە هەموو ئامادەبوونێکی کردار ئیحتیمالی ئامادەبوونی گۆڕان لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ.

لە سەرەتای دەقەکەوە توێژەر ڕیزبەندییەکی ڕێکوپێکی دەقەکەی کردووە بەشێوەیەك کە تەواوکەری یەکترین، ئەوتا دوای بونیادی دابڕان، یەکسەر دەچێتە سەر بونیادی لێکچوون، ئەویش بە ژمارەکان دیاریدەکات کە لە دێڕی سێیەمەوە دەستپێدەکات و بە دێڕی دەیەم

---

[2] هەر ئەو سەرچاوە، ل 3.

[3] هەر ئەو سەرچاوە، ل 3.

کۆتایی پێدەهێنێ، توێژەر هاتۆتە سەر ڕەگەزە زمانەوانییەکانی ئەم هەشت دێڕە، کە ئەوانیش دیسانەوە بێ کردارن، بریتین لە ناوو ئاوەڵناو بەجۆرێکی وایش دابەشی کردوون کە یەکسانە زمانەوانییەکە یەکسانییەکی سایکۆلۆژی بە خودو سروشت دەدا.

خود	سروشت
مات	زیز
دەرد هاودەرد	دەرد هاودەرد
فرمێسك	بای سارد
خەم	هەوری گریان

ئەگەر بە وردی توێژینەوەکەی (مەریوان وریا قانع) بخوێنینەوە، دەبینین بە ڕوونی تێکشکانی لە دەقەکەدا دیاریکردووە، ئەویش بە بەراوردکردنی دیاردەی سروشتی و دەقی گۆرانەو دەڵێت: "لە سروشتدا بەپێی دیالێکتیکی ناوەکی، باران یاسایەکی فیزیاوی بەڕێوەی دەبات، کە بەتەواوەتی پێچەوانەی پرۆسیسی دروستبوونی بارانە لەناو دەقەکەی گۆراندا. لە دەقەکەدا سەرەتا باران هاتووە، دواتر بای سارد، ئینجا هەور، کەچی لە سروشتدا بەپێچەوانەوەیە، سەرەتا هەور، دواتر بای سارد، کەچی لە سروشتدا بە پێچەوانەوەیە، سەرەتا هەور، دواتر بای سارد، ئینجا باران دەبارێت.

سروشت: هەور ← بای سارد ← باران

دەقەکە: باران ← بای سارد ← هەور

هەروەها لە خودیشدا تێکشکان ڕوویداوە

دۆخی ئاسایی: خەم ← هەناسەی سارد ← گریان

دۆخی دەقەکە: گریان ← هەناسەی سارد ← خەم

لێرەدا توێژەر زۆر بە باشی کاری لەسەر تێکشکان کردووە، بەڵام دەبێت ئەوەش باش بزانین، کە زۆرجار شیعریش بەپێی لۆجیك کارناکات، زمانی قسەپێکردن و دیاردە سروشتیەکان لە گوتاری شیعردا بەدەرن لە یاسا، توێژەر بونیادی جووتبوونی بەسەر دێڕەکانی (14/13/12/11)و دوای جووتبوونیش بەسەر دێڕەکانی (19/18/17/16)دا دابەش کردووە، ئاماژەی بەوەش داوە، کە وشەی (جووتبوون) ئیحایەکی سێکسی دەدات.

جووتبوونی خود + سروشت لایەنی نێوان پیاوو ئافرەتە، هەربۆیە تارمایی ئافرەت ئامادەیە، بەڵام پەنهانە، لە کۆتاییدا دەڵێت:

خود + سروشت = خود + ئافرەت

سروشت = ئافرەت

لێرەدا ئەم شیکردنەوەیەی توێژەر سەرچاوەکەی دەقێکی تری گۆرانە کە سێبەرەکەی ئامادەیەو خودی خۆی پەنهانە، کە دەڵێت:

بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز

بێ ڕووناکییە بێ بزەی ئازیز [1]

لە ژمارەکانی (18/17/16/15) کردار زیاد دەبێت، ئاڕاستەکانی گریانیش هەمەلایەنە دەبێت.

کاتێ گوڵ سیس ئەبێ بگرین ← جووڵەیەکی ئاسۆییە

ئاڵتونی دار ئەڕژێ بگرین ← جووڵەیەکی ستوونی بەرەوخوارە

پوڵی باڵدار ئەفڕێ بگرین ← جووڵەیەکی ستوونی بەرەوژوور

توێژەر بەم شێوەیەش گوزارشتی لێکردووە [2].

---

[1] دیوانی گۆران، کۆکردنەوەی، محەمەدی مەلا کەریم، 1980، ل 9.

[2] هەر ئەو سەرچاوە، ل 3.



هەرچەندە توێژەر لەم تەوەرەیەدا کاری لەسەر تەوژمی ستوونی و ئاسۆیی کردووە، بەڵام دەکرا زیاتر ڕۆچێتە ناو ئەم بابەتەوە، لە تەوەری هاونشینییەکەدا سیاق و پێوەندی وشەکان بە یەکترەوە خاڵێکی گرنگن، دەکرا زیاتر هەڵوەستەی لەسەر بکرایە، هەروەها تەوەرەی جێنشینی فاکتەرێکی گرنگە لە پێکهێنانی فرە ڕستەییدا.

توێژەر دەڵێت: "فاکتەری سەرەکی گریان لە ئایدیۆلۆژیای دەقدا فاکتەرێکی بوونی حەیاتییە هۆکاری گریان لە دەقەکەدا پێوەندی بە کۆمەڵێ پرۆسیسی گەردوونییەوە هەیە کە ڕەگ و بنجی کۆمەڵایەتیان نیە (فڕینی باڵدار، سیسبوونی گوڵی، ڕژانی گەڵایەك)، کەچی لای گۆران هۆکاری گریان پێوەندی بە دابەشبوونی چینایەتی و ناتەبایی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، لەم حاڵەتەدا ئایدیۆلۆژیای نووسەرو ئایدیۆلۆژیای دەق لە یەکتری دادەبڕین، هەر لێرەشەوە خوێندنەوەی ئایدیۆلۆژیا دەبێتە ڕێگر لەبەردەم ئاشکراکردنی میکانیزمی ئیشکردنی ناوەکی دەقەکان و چۆنێتی خولقاندنی یاسا ناوەکییەکان و بەرهەمهێنانی دەلالەتدا.

توێژەرلە بونیادی ڕیتمی دەق دواوە، بەوەی ڕیتمی دەقەکە بەسەر زۆر ڕەگەزی جیاجیادا دابەش دەبێت، لەوانە، کێش، سەروا، وێنەی شیعری.

لەم دەقەدا ڕیتم سیفەتی دووپاتبوونەوە بەرانبەر یەك وەستانی بەسەردا زاڵە.

دووبارەبوونەوە	
وشە	جار
پاییز	8 جار
بگرین	5 جار
هەرگیز	2 جار
من مات	2 جار
تۆ زیز	2 جار
هەرگیز	2 جار

دووبارەبوونەوە	
پیت	جار
ز	7 جار
ت	6 جار
ن	4 جار
د	2 جار

هەروەها لە دێڕەکانی (18/17/16/15) جۆرە سەروایەکی ناوەکی دروستبووە، ڕۆڵی سەرەکییان لە دیاریکردنی ئاڕاستەکانی گریان و بەگەردونکردنی دەلالەتەکاندا هەیە، دەبێ، ئەڕژێ، بگرین، ئەفڕێ، برین، ئەمەش پارچەبوون و بڵاوبوونەوەی سەروایە بەسەر جەستەی شیعرەکەدا.

لە کۆتاییدا دەڵێین (مەریوانی وریا قانع) دەستپێشخەرو پێشەنگی ئەم جۆرە شیکردنەوانەیە کە ڕۆچوونە بەناو دەقدا، هەروەها شیکردنەوەکەیشی هاوتەبایە لەگەڵ پرەنسیپەکانی بونیادگەریدا، لێرەدا کاری توێژەر شیکردنەوەیە نەك هەڵسەنگاندن.

هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد ساڵانی (1987 و 1989) سەرەتای دەستپێکردنی شیکردنەوەی بونیادگەرییانەی دەق بووە لەلای چەند توێژەرێك (مەریوان وریا قانع) کاری لەسەر دەقێکی تری شیعری کوردی کردووە، لە تەوەرەیەکدا بە ناوی بەرەو خوێندنەوەیەکی بونیادگەرانەی شیعری کوردی توێژینەوەیەکی بەناوی (ئەفسانەی خۆکوشتن) لە شیعری (خۆکوشتن)ی (محمد عمر عثمان)دا بووە. لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەمان دەقەکە وەك خۆی دەنووسینەوە.

خۆکوشـــتن

1- ئای.. کەی بێ چەقۆی ژێر سەرینەکەت
2- لە قولپی خوێنتا گەرم ببێتەوە ؟!
3- یان مردن بمرێ و لە ژوورەکەتا
4- هەوری خۆکوشتن بڕەوێتەوە ؟!

* * *

5- کە ئێوە شەوان.. هانا بۆ مەرگ مەرگی خۆم ئەبەم
6- ڕووخسارێکی کاڵ.. لە دوورەوە دێ.. کاڵ هەروەکو تەم
7- هەتا دێ تۆخ و تۆختریش ئەبێ

8- لەپڕا ئەڵێم : ئای خۆ هاتووە!

9- سەری ناوەتە سەر پەنجەرەکەم

10-زەردە ئەیگرێ و

11-زۆر بە خامۆشی.. لە سیمای مردووم.. ئەبێتەوە

12-منیش چەقۆکە ئەشارمەوەو..

13-نەفرەت لە بیری خۆکوشتن ئەکەم

14-پێی دەڵێم : گیانە.. ئاگر لە گیانی تەزیوم بەردە

15-با دڵ و سینەی پڕ لە ئازارم لەت و پەت نەکەم

16-زەردە ئەیگرێ و

17-کە هەنگاوێکیش بەرەو ڕووی دەنێم

18-بەجێم ئەهێڵێ

19-سیمای کاڵ.. کاڵتر کاڵ دەبێتەوە

20-دیسان ژوورەکەم کەیل ئەبێتەوە لە زایلەی گۆڕ

21-هەزاران تابووت لەناو چاوانما ئەخولێتەوە

22-لە تەم و مژدا پەل دەهاوم و

23-جارێکی تریش هانا بۆ چەقۆ ڕەشەکە ئەبەم

24-چەند ساتێك نابا.. بەر لە مردنم.. دەگەڕێتەوە

25-سیمای تۆخ.. تۆختر.. تۆخ ئەبێتەوە

26- سەرلەنوێ دەستم سارد ئەکاتەوە

27-کوشتنی خۆمم بیر دەباتەوە (1)

---

(1) مەریوان وریا قانع، بەرەو خوێندنەوەیەکی بونیادگەرانەی شیعری کوردی، ئەفسانەی خۆکوشتن،لەشیعری خۆکوشتنی (محمد عمر عثمان)دا، بەشی یەکەم، ڕۆژنامەی پاشکۆی عیراق، ژمارە 100، 1989، ل 7.

لێرەدا ڕەخنەگر جەختێکی زۆر لەسەر دوو بنەمای بونیادگەری دەکاتەوە، کە لە بابەتە تیۆرییەکانی ئەم تێزەدا ئاماژەمان پێکردووە، ئەوانیش دوالیزم (الثنائیە)و هاوسەنگی (التوازی)یە.

سەرەتا دەقەکەی بەسەر دوو کۆپلەدا دابەش کردووە، یەکەم لە ژمارە (1)وە تا (4)ە، دووەمیش لە ژمارە (5)وەیە تا ژمارە (27).

